


گروپی کۆمپانیاکانی دیوان

گروپی کۆمپانیاکانی دیوان ئاگاداری هاوڵاتیانی خۆشەویستی سەرانسەری کوردستان دەکات، که وادەی دەرچوونی خەڵاتەکانی نزیک بۆتەوە که (٥) ئۆتۆمۆبێلی شۆفرلێت (٠) کیلۆمەتره لە هەموو لقەکانی دیواندا لە کڕینی هەر بابەتێکی ناوماڵ و دەرگا و پەنجەرەی (pvc) کەوانتەردا لە بیرتان نەچێت پسوڵەی بەشداربوونی خەڵاتەکان وەرگرن

٠٥٣٣١٣٧٣٢٥
٠٥٣٣١٢٠٦٤٢



# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.572 Tue 9/ 3/ 2010 | نرخ 750 دینار | ژمارە 572 سێشەممە 9/ 3/ 2010


## بەرەی ئۆپۆزسیۆن سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنا

# گۆڕان بووە دووەم هێزی هەرێم

**ڕۆژنامە**

بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی ئاشکراکراون، جەماوەری بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە هەرێمی کوردستان فراوانتربووە؛ بەڕێژەیەک کۆی دەنگەکانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لەبەرامبەر لایەنەکانی دەسەڵاتدا زۆر زیاتر بووە لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی ڕابردوو.

ئەنجامە بەراییەکان لەسەرچاوە ڕەسمییو لیستەکانەوە دەڵێن: لەسنووری پارێزگای سلێمانی، کە ململانێیەکی سەختی تێدا ئەنجامدرا، بزووتنەوەی گۆڕان بە تەنیا لە بەرامبەر (١٣) حیزبی ناو هاوپەیمانیی کوردستانی: ( پارتیو یەکێتیو بزووتنەوەی ئیسلامییو سۆسیالیستو شیوعیو زەحمەتکێشانو حەوت حیزبی دیکە)، دەنگەکانی لە یەکسان نزیکە، هەروەها کۆی دەنگەکانی بەرەی ئۆپۆزسیۆن: (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، لە پارێزگای سلێمانی ئەنجامێکی گەورەی بەدەستهێناوە، کە دەکاتە زیاتر لە (٤٤٠) هەزار دەنگ بەرامبەر نزیکەی (٣٠٠) هەزار دەنگی (١٣) قەوارەکەی لیستی هاوپەیمانیی.

هەروەها بەپێی ئەو ئەنجامە بەراییانەی بەدەستهاتوون لایەنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ) لە دوو شارەکەی دیکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، دهۆک) بەڕێژەی نزیکەی (٥٠٪)ی دەنگەکانیان زیادیکردووەو گۆڕان لە پارێزگای هەولێر، زیاتر لە (١١٠) هەزار دەنگو یەکگرتوو کۆمەڵیش نزیکەی (١٥٠) هەزار دەنگیان بەدەستهێناوە، کە بەوپێیەش ئەگەری ئەوە بەهێزە ئۆپۆزسیۆن (٥) کورسی لەو پارێزگایەدا مسۆگەر کردبێت.

لەدهۆکیش، بەپێی ئەنجامە بەراییەکان لەناو لیستی هاوپەیمانیدا کاندیدەکانی پارتی زۆرینەی دەنگەکانی لیستەکەیان بردووەو یەکگرتووی ئیسلامیش دەنگێکی باشی بەدەستهێناوە، کە ئەگەر هەیە دوو کورسی مسۆگەر بکاتو پێدەچێت گۆڕانیش یەک کورسی لە دهۆک بەدەنگی کوردانی دەرەوە بەدەستبهێنێت.

لە کەرکوک بەپێی ئەو زانیارییانەی گەیشتوون، لیستی هاوپەیمانیی دەنگێکی زۆری چاوەڕواننەکراوی بەدەستهێناوە، کە دەگاتە (٦) کورسیو یەکێتی (پێنج) کورسیو پارتیش یەک کورسی بەدەستهێناوە، کە ئەم ئەنجامەش بۆ لیستی هاوپەیمانیی بەلای چاودێرانەوە جێگەی گومانەو زۆرینەی لیستەکان لە کەرکوک سکاڵایان لەدژی هاوپەیمانیی لەسەر ئەنجامدانی تەزویر، تۆمارکردووە، سەرچاوەیەکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی ئەو ئەنجامانەی لیستی هاوپەیمانیی لە کەرکوک بۆ ڕۆژنامە وتی: «پارتی توڕەیە لە یەکێتی، کە لەسەروو (٢٠٠) هەزار دەنگی تەزویر کردووە، بێدەنگ نابێتو چاوەڕێی بۆچوونی کۆمسیۆنین».



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

بەپێی ئەو ئەنجامە سەرەتاییانەی ئاشکراکراون، دەرکەوتوون ئەو دەنگانەی لیستەکان لە هەرسێ شارەکەی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) بەدەستیان هێناوە، جگە لەدەنگدانی تایبەتو دەرەوەی وڵات، پارتی دیموکراتی کوردستان نزیکەی (٥٥٠-٦٠٠) هەزار دەنگو بزووتنەوەی گۆڕان نزیکەی (٤٣٠) هەزارو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نزیکەی (٣٢٠-٣٣٠) هەزار دەنگی بەدەستهێناوە، بەوپێیەش پارتی بە هێزی یەکەم ئەژمار دەکرێتو بزووتنەوەی گۆڕان بەهێزی دووەم دێتو یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بەهێزی سێیەمو یەکگرتووی ئیسلامیی چوارەمو کۆمەڵی ئیسلامیی پێنجەمی بەدەستهێناوە.

هەر پەیوەند بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان سکاڵایان لە دژی لیستی هاوپەیمانیی تۆمارکردووە بەهۆی ئەنجامدانی تەزویرو خروقات لە هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمو پارێزگاکانی دیکە.

## داوا لە بەرهەم ساڵح دەکرێت بێتە پەرلەمان

**ڕۆژنامە**

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان، لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند؛ پێویستە سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی تێبینیو کەموکورتییەکانی بودجەی ئاراستە بکرێت.

کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تێبینی زۆریان لەسەر بودجەکە هەیەو ناهێڵن بە ئاسانی تێپەڕێنرێت ئەگەر لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نەبێتو ئامادەنین لەسەر سەنتێکی خەڵک سازش بکەنو پارێزەری مافەکانی خەڵک دەبن لە پەرلەماندا، وتیشی: «داوامانکردووە کە سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتییانەی بودجەی ئاراستە بکرێتو بۆ خەڵکو ئێمەش ڕوونبکرێتەوە».

## هاوپەیمانیی لە کەرکوک زۆرترین تەزویر ئەنجامدەدات

**پشتیوانو ئارام**

چاودێرانی سیاسیو لیستەکان ڕایانگەیاند، کە (٧٠٪)ی هاوڵاتییانی پارێزگای کەرکوک بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنیان کردووەو لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیش لەو پارێزگایە زۆرترین تەزویراتی ئەنجامداوە.

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردندا بەشێوەیەکی زۆر تەزویرو خروقاتی ئەنجامداوە، لەوانە (ڕیکلامو بانگەشە بۆ لیستی هاوپەیمانیی لەلایەن کاندیدەکانو کادیرە حیزبییەکان، ڕێکخستن، ئاسایش، پۆلیس، سوپا، پارەبەخشینەوە، کردنەدەرەوەی چاودێرەکانی گۆڕان لە کۆمەڵێک بنکەی دەنگداندا، لەناکاو (٢٩) بنکەی دەنگدانی زیادە کرانەوە، کە پێشتر ناویان نەبووەو باسنەکرابوون، کۆمەڵێک بنکە کرابوون، دانەخستنی ژمارەیەک بنکەی دەنگدان لە سەعات (٥)ی ئێوارە، دووبارەدەنگدانەوەی هێزەچەکدارەکانی لیستی هاوپەیمانیی، بەتایبەتی لیوای کەرکوکی یەکێتی، دابەشکردنی (تەنەر) لەلایەن لقو مەڵبەندی یەکێتیو پارتییەوە بۆ سڕینەوەی مەرەکەبی دەنگدان، دروستکردنی ئاژاوەو تێکدانی ڕەوشی ئەمنیی).

پارێزەر خالید نەقشبەندی ڕێگەپێدراوی بزووتنەوەی گۆڕان لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای کەرکوک، ئاماژەی بەوەکرد؛ لەماوەی دەنگدانی تایبەتو گشتیدا لیستی گۆڕان (٦٢) سکاڵای لەسەر لیستی هاوپەیمانی تۆمارکردووە.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیارییانەی بە ڕۆژنامە گەیشتوون، بەهۆی ئەنجامدانی ڕێژەیەکی زۆر لە ساختەکاریی لەلایەن لیستی هاوپەیمانییەوە، چاوەڕواندەکرێت ژمارەیەک سندووق بسووتێنرێنو جگە لە لیستی گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ چەند لیستێکی عەرەبیش سکاڵایان لەسەر هاوپەیمانی تۆمارکردووە.

## تۆڕی عەین:
## لیستی هاوپەیمانیی چاودێرەکانیان کردینە دەرەوە

**ڕۆژنامە**

تۆڕی عەین بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، ڕایگەیاند: بەپێی ڕاپۆرتی چاودێرەکان، «ژمارەیەک لە کارمەندەکانیان ڕووبەڕووی لێدان بوونەتەوە، بەتایبەت لە پارێزگای موسڵ و هاوکات فشار خراوەتەسەر دەنگدەران تا دەنگ بە چەند لیستێکی دیاریکراو بدەن».

تۆڕی عەین لەوبارەیەوە زیاتر ڕایگەیاند: «لە قەزای شەنگاری سەر بە پارێزگای موسڵ، بریکارانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە بنکەی قوتابخانەی ئەندەلوس دەنگدەرانو چاودێرەکانیان کردووەتە دەرەوەو ڕێگەیان نەداوە هیچ دەنگدەرێک بچێتە بنکەکەوە، ئەگەر دەنگی بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان نەدابێت.

چاودێرانی تۆڕی عەین ئەوەشیان تێبینی کردووە، کە چەندین حاڵەتی دەنگدانی دووبارەو دەنگدانی خێزانیی تۆمارکراوە، بەتایبەت لە چەند بنکەیەکی پارێزگای موسڵ.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: هەر بنکەیەک نوێنەری قەوارەی سیاسییو ڕێکخراوە چاودێرەکانی تێدا کرابێتە دەرەوە دەنگەکانی ئەو بنکەیە پووچەڵ دەکرێنەوە.



## د. زانا ڕەئوف:
## دەبێت لێپێچینەوە لە حکومەت بکرێت

ل٧

# فراکسیۆنی گۆڕان دەیەوێت سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان

راپۆرتی: بەرهەم خالید

پێشبینی دەکرێت هەفتەی داهاتوو پەرلەمانی کوردستان دانیشتنە ئاساییەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بودجە دەستپێبکاتەوە، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕانیش دەڵێت: سوورن لەسەر ئەوەی کەموکورتییەکانی بودجە چاکبکرێت، دەنا پەنا بۆ رای گشتیی خەڵک دەبەن‌و بە پێویستیشی دەزانێت سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان، ئەندامێکی فراکسیۆنی کوردستانیش دەڵێت؛ بەشی زۆری کەموکورتییەکان چارەسەرکراون.

پاش ئەوەی بودجەی هەرێم نێردرایە پەرلەمان، بەڵام بەهۆی کەموکوڕییەکانەوە چەند مادەیەکی ماوە دەنگی لەسەر بدرێت، لەبەرئەوەی بەهۆی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنە گشتییەکەی پەرلەمانی عێراقەوە، پەرلەمانی کوردستان دانیشتنەکانی لەسەر بودجەی (٢٠١٠)ی هەرێم دواخست بۆ دوای هەڵبژاردنەکان.

کاروان سالح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە بەهۆی ئەو کەموکوڕییە زۆرەی لە بودجەدا هەبووە بەتایبەت تێکەڵاویی بودجەی حیزب‌و حکومەت، بەشێکی زۆر لە خزمەتی لایەنە سیاسییەکان‌و بەرپرسەکاندایە، بۆیە داوایانکردووە بودجەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت‌و وتی: «پێداگریی دەکەین لەپێناو ئەوەی بودجەکە بەجۆرێک چاکبکرێت، کە لە خزمەتی زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا بێت‌و دادپەروەری لە دابەشکردنیدا هەبێت بەسەر ناوچەکاندا».

ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان، وتیشی: «ئامادەنین لەسەر سەنتێکی خەڵک سازش بکەین‌و پارێزەری مافەکانی خەڵک دەبین لە پەرلەمانداو داوامانکردووە، کە سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو کەموکورتییانەی بودجەی ئاراستە بکرێت‌و بۆ خەڵک ڕوونبکرێتەوە».



پەرلەمانی کوردستان

لەماوەی رابردوودا بودجەی هەرێم گفتوگۆو مشتومڕێکی زۆری لەنێوان ئۆپۆزسیۆن‌و لیستی زۆرینەدا دروستکردو دەسەڵات ئۆپۆزسیۆنی بەوە تۆمەتباردەکرد، کە وەک بانگەشە ئەو هەڵایە لەسەر بودجە دەکەن، بەڵام کاروان سالح، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات؛ کە ئەوان نوێنەری خەڵکن‌و سوورن لەسەر ئەوەی ناهێڵن بودجەکە بە کەموکورتی تێپەڕێت، وتیشی: «بانگکردنی سەرۆک وەزیران‌و وەزیرەکان بۆ ئەوەیە، ئەو بودجەیە بە شەفافی بڕوات، ئەگەر هەر رێگەش نەدەن‌و گوێمان لێنەگرن، ئەوا بە شێوازی جیاواز بەرگریی لە مافی خەڵک دەکەین‌و رای گشتیی ئاگاداردەکەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن‌و ئێمەش پشتیوانیان دەکەین».

لە بەرامبەردا د.رەفیق سابیر، پەرلەمانتاری کوردستانی پێیوایە؛ ناردنی بودجەو ئاشکراکردنی، ئەوە دەردەخات کە سەرەتای روونکارییەک بەڕێوەیە لە بودجەدا، ئەوەش وەک سەرەتا شتێکی باشە هەرچەندە مەرج نییە بەبێ کەموکوڕیی بێت‌و وتی: «ئەوەی گرنگە ئەوەیە هەر تێبینییەک بەدیکراوە، لەلایەن پەرلەمانتارانی هەموو فراکسیۆنەکانەوە گفتوگۆکراوە، چ لە لیژنەکان‌و چ لەناو پەرلەمان، بەشی زۆری کەموکوڕییەکانی بودجەکە دەستنیشانکراون‌و بەشی زۆریشیان چارەسەرکراون».

# (١٤٪)ی دەنگدەرانی دەرەوە بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە

بەهادین یوسف

لەکۆی زیاتر لە (٢) ملیۆن دەنگدەری دەرەوەی وڵات، (٢٧٣) هەزار کەسیان بەشداریی هەڵبژاردنی دەرەوەی وڵاتیان کردووە، بەهۆی نەبوونی تۆماری دەنگدەرانیش لەدەرەوە، بەهەزاران کەس لە دەنگدان بێبەش بوون.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵاو سەرپەرشتیاری هەڵبژادنەکانی دەرەوەی وڵات، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەهۆی ئەوەی ئامارو تۆمارنامەیەکی تایبەت بە دەنگدەرانی عێراقی دەرەوەی وڵات نەبووە، بۆیە کۆمسیۆن تەنیا پشتی بە بەڵگەنامەی عێراقی بەستبوو بۆ ئەو کەسانەی کە بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن، ئەمەش بە مەبەستی رێگرتن بووە لە دووبارە دەنگدان‌و رێگرتن لە بەشداریکردنی ئەو کەسانەی کە مافی دەنگدانیان نییە، بۆیە دەبوو پشت بەو بەڵگەنامانە ببەسترایە، هەرچەندە درەنگ توانیمان ئەو بەڵگەنامانە ئاشکرا بکەین، کە پشتی پێ ببەسترێت».

وتیشی: «لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان بینیمان خەڵکێکی زۆر سەردانی بنکەکانی دەرەوەی وڵات دەکەن‌و هیچ بەڵگەنامەیەکی عێراقیی رەسمییان پێ نییە، بەردەوام لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیۆن لە گفتوگۆدابووین، سەرەتا نەتوانرا رێبکەوین لەسەر ئەوەی پشت بە بەڵگەنامە بیانییەکان ببەسترێت، رۆژی دواتریش ئەو حاڵەتە بەردەوامبوو، بۆیە بەزەحمەت رۆژی سێیەم گەیشتینە ئەوەی، کە بۆ دەنگدانی هاوڵاتییانی عێراقی دەرەوەی وڵات، پشت بە بەڵگەنامە بیانییەکانیش ببەسترێت، زۆر لەو کەسانەی بەڵگەنامە بیانییان هەبوو، رۆژی سێیەم توانیان دەنگبدەن».

سەبارەت بەرێژەی بەشداریکردن لە دەنگدان لەدەرەوەی وڵات، وتی: «نزیکەی (٢٧٣) هەزار کەس بەشدارییان کردووە لە هەر (١٦) وڵاتەکەی دەرەوە، کە پێشبینیمان دەکرد نزیکەی (٢) ملیۆن کەس لە دەرەوەی وڵات مافی دەنگدانیان هەبێت‌و ئامادەکاریمان بۆ ئەو مەبەستە کردبوو».

رۆژانی (٥-٦-٣/٧)، پرۆسەی دەنگدان لە (١٦) وڵاتی ئەوروپاو دەوڵەتە عەرەبییەکان‌و ئێران‌و ئەمریکا بەڕێوەچوو، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق‌و نەتەوەیەکگرتووەکان‌و رێکخراوەکانی تایبەت بە کۆچبەران نزیکەی (٢) ملیۆن هاوڵاتی نیشتەجێی دەرەوە مافی دەنگدانیان هەبوو و ١١٩ ناوەندی دەنگدان‌و ٦٠٢ وێستگە کرانەوەو دواتریش ژمارەی وێستگەکان زیادکران بۆ ٦٧٢ وێستگە.

# لە کەرکوک، تەقە لە تەلەفزیۆنی گۆڕان دەکرێت

رۆژنامە

پاش کۆتاییهاتنی هەڵبژاردن‌و بەدیارکەوتنی ئەنجامە بەراییەکان، بۆ ماوەی (٢٥) خولەک تەقە لە بارەگای تەلەفزیۆنی گۆڕان_کەرکوک دەکرێت کەناڵەکەش لە بەیاننامەیەکدا یەکێتی‌و پارتی بە بەرپرسیار لەو رووداوە دەداتە قەڵەم‌و رەخنە لە پۆلیسی ئەو شارەش دەگرێت، کە نەهاتوون بە دەم رووداوەکەوە.

لە بەیاننامەکەدا، کە دوێنێ بڵاوکراوەتەوە هاتووە؛ کە شەوی (٣/٧) بەناوی تەقەی خۆشییەوە زیاتر لە (٢٥) خولەک دەستدرێژیان لە کەناڵەکە کردووە لە کەرکوک‌و ئەوانیش پەیوەندییان بە جێگری بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسەوە کردووە، بەڵام دوای سێ سەعات هاتوونەتە شوێنی رووداوەکەو ئاماژەی بەوەشکرد: «وێڕای ئەوەی لق‌و مەڵبەندی کەرکوک بەرپرسیارن لە میلیشیاکان، بەڵام پۆلیس‌و دەسەڵاتی کەرکوک بە بەرپرسی یەکەم دەزانین لەو دەستدرێژییە».

عوسمان عەسکەری، بەڕێوەبەری کەناڵەکەش بە رۆژنامەی راگەیاند؛ کە پۆلیس زۆر درەنگ گەیشتوونەتە لایان‌و سوودی نەبووە، دەربارەی زیانەکانیش ئاماژەی بۆ ئەوەکرد؛ کە گوللە بەر ئۆتۆمبێلی پەیامنێری ئاژانسی ئاسۆشیەتد پرێس کەوتووە، کە لەوکاتەدا لە کەناڵەکە میوان بووە».

# رێژەی گشتیی بەشداریکردن هەرێم (٧٦٪) بووە

بەرهەم خالید

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رێژەی دەنگدانی لە سەرجەم پارێزگاکانی عێراق راگەیاند بەجۆرێک، دهۆک بە (٨٠٪) بەرزترین ئاستی بەشداریی هەبووەو میسان بە (٥٠٪) نزمترین ئاستی هەبووە، بە گشتیش (٦٢٪)ی عێراقییەکان بەشداریی هەڵبژاردنیان کردووە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا، کە ئێوارەی دوێنێ لە بەغدا بەڕێوەچوو، حەمدیە حسێنی، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رێژەی دەنگدانی لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا راگەیاند: بەمشێوەیە بوو:

دهۆک، زۆرترین هاوڵاتیی تیایدا بەشداریی دەنگدانی کردووە بەرێژەی (٨٠٪)و پاشان هەولێر (٧٦٪)و سلێمانی (٧٣٪)، دوای ئەوانیش کەرکوک‌و سەلاحەدین (٧٣٪)، نەینەوا (٦٦٪)، بابل (٦٣٪)، دیالەو کەربەلاو قادسیە (٦٢٪)، ئەنبارو نەجەف‌و موسەننا (٦١٪)، واست‌و زیقار (٦٠٪)، بەسرە (٥٧٪)، بەغدا (٥٣٪)و پارێزگای میسان (٥٠٪)، کە نزمترین ئاستی بەشداریکردنە بەوپێیەش هەرسێ شارەکەی هەرێم لە ریزی پێشەوەی ژمارەی بەشداربووانی هەڵبژاردندان.

لەلایەکی دیکەوە کۆمسیۆن رایگەیاند: کە تائێستا (٥٤٠) سکاڵایان لە دەنگدانی تاراوگەو تایبەت بەدەستگەیشتووەو بەردەوام سکاڵاکان وەردەگرن‌و هیچ سکاڵایەکیش پشتگوێ ناخەن.

# ئیئتیلاف لە کەرکوک، سکاڵا لەسەر هاوپەیمانیی تۆماردەکات

هەستیار قادر

رەوتی چاکسازیی سەر بە لیستی ئیئتلافی نیشتمانیی عێراقیی لە کەرکوک ژمارەیەک لە پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانی لەکاتی هەڵبژاردنی ئەو شارەدا بڵاودەکاتەوەو ئەندامێکی ئەو لیستەش لە کەرکوک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە سەرجەم ئەو خروقاتانەیان بە شکات داوەتە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

بەپێی روونکردنەوەیەکی رەوتی چاکسازیی نیشتمانیی عێراقیی، کە یەکێکە لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی لیستی ئیئتیلاف لەشاری کەرکوک چەندین جۆر پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی تیا بڵاوکراوەتەوە، کە لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی دەنگداندا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو روونکردنەوەیە «چەندین هاوڵاتی لە شاری سلێمانییەوە براونەتە ناحیەی لەیلانی کەرکوک‌و بەهاوکاریی پۆلیس‌و ئاسایش، کە لەو سنوورەو لەناو بنکەکانی دەنگداندا ئامادەبوون، دەنگیانداوەو لە خوێندنگەی ئاشتیی‌و گۆران کەرکوکیش پەنجەی دەنگدەران نەکراوە بە مەرەکەبی دەنگدانداو لە گەڕەکی شۆریجەش چەند هاوڵاتییەک چەندینجار دەنگیانداوەو لە خوێندنگەی قەرەحەسەنیشدا رێدراوە بە ژمارەیەک لە هێزی پێشمەرگە، کە چەندینجار دەنگ بدەن‌و لە خوێندنگەی مەشعەلی ناحیەی تازەشدا رێ بە ژمارەیەک هاوڵاتی دراوە دەنگ بدەن، کە ناویان لە تۆماری دەنگداندا نەبووە».

لە بەشێکی دیکەی ئەو روونکردنەوەیەی رەوتی چاکسازیی سەر بە ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقیدا هاتووە؛ کە لە خوێندنگەی ئامادەیی کەرکوکدا ئەفسەرێک بە پلەی عەقید تەنیا رێی بەو ئاوارانە داوە دەنگبدەن، کە دەنگیان بۆ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان بووە، ئەمە جگەلەوەی لە خوێندنگەی دیراساتی ئیسلامیی کەرکوک بەڕێوەبەری ئەو وێستگەیە بە بەرچاوی نوێنەری لیستەکانی دیکەوە (٤٥٠) فۆڕمی دەنگدانی بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان پڕکردووەتەوە.

لەوبارەیەوە عەمار کەهییە، بەرپرسی رەوتی چاکسازیی نیشتمانیی لە کەرکوک، کە لە هەمان کاتدا پاڵێوراوی لیستی ئیئتیلافیشە لەو شارە بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرجەم ئەو پێشێلکارییانەی کە لە ناوەندەکانی دەنگداندا تۆمارکراون بەشێوەیەکی رەسمیی‌و بە سکاڵا داومانەتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان‌و هەموو هەوڵەکانمان بۆ ئەوە بوو، کە ساختەکاریی‌و پێشێلکاریی لە هەڵبژاردنی کەرکوکدا روو نەدات، بەڵام بەداخەوە ئەنجامدرا».

ئەو ئەندامەی لیستی ئیئتیلاف ئاماژەی بەوەشدا، کە تێبنییەکانیان لەسەر بەڕێوەبردنی ناوەندەکانی دەنگدانە بەگشتیی‌و ئەگەر بەڕێوەبەری ناوەندەکانی دەنگدان لەلایەن حیزبێکەوە ئاراستە کرابێت، پێویستە کۆمسیۆن وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە.

# بەغداو گۆڕان!

پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنی (٣/٧)، گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن، کە تا ئەمڕۆ خۆیان لە یەکگرتووی ئیسلامیی‌و کۆمەڵی ئیسلامیی دەبینێت، پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدەستهێناوە، بەشێوەیەک، کە ئۆپۆزسیۆن لە کوردستان لە کەمیینەوە بەرامبەر هاوپەیمانیی کوردستان، کە خۆی لە سیازدە حیزب‌و لایەنی سیاسیی دەبینێت، بووە ژمارەیەکی گەورەو بەرچاو، کە دەتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا هاوکێشە سیاسیی‌و هاوپایمانیەتییە سیاسییەکان هەم لە کوردستان بگۆڕێت‌و هەم پێگەی خۆی لەبەغدا بەهێزتر بکات.

ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە، وا لە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکات، کە جارێکی دیکە بەشێوەیەکی زانستیی‌و مەوزوعیانە بڕواننە ئەو ژمارە دەنگانەی، کە خۆیان‌و قەوارە سیاسییەکانی دیکە لە کوردستان بەدەستیان هێناوەو لەسەر ئەو بنەمایە هاوپەیمانێتی نوێ پێکبهێنن، بەتایبەتیش کە ئەم هەڵبژاردنە ئەو بوارەی ڕەخساند، کە هەر حیزب‌و لایەنێکی سیاسیی قەبارەو سەنگی خۆی لە ناوچە جیاجیاکان بزانێت لەگەڵ بوونی ئەو تەزویرە زۆرەی، کە هەموو جارێک دەسەڵات پەیڕەوی دەکات لەگەڵ پارە هەڵڕشتن، کە نامانەوێت لێرەدا بایەخی زۆری پێبدەین، چونکە ئەو مەسەلەیە قابیلی ئەوەیە لەداهاتوودا بەلاوە بنرێت‌و بەدڵنیاییەوە لەخزمەتی خاوەنەکانی نییەو بەڵگەی باوەڕنەبوون‌و هەرەسهێنانەو کاردانەوەی زۆر خراپی هەبووەو دەبێت لەسەر ئەزموونە دیموکراسییەکەی کوردستان‌و خودی ئەو لایەنانەش، کە تەزویرو ساختەکارییان کردووەتە پیشە.

بەرەی ئۆپۆزسیۆن تا دێت بەهێزو فراوانتر دەبێت‌و کۆمەڵانی خەڵک وێڵی گۆڕینی ئەم بارودۆخەن‌و ئامادەن بە پارەو بە ئەرک‌و ماندووبوونی خۆیان خزمەتی ئەم بزووتنەوەیە بکەن، چونکە بە هی خۆیانی دەزانن.

گۆڕان بۆ بەغدا گوتارێکی نوێی پێیە، ئەو گوتارە لەسەر کۆڵەکەی شەفافییەت‌و باسکردنی هەموو کێشە ئاڵۆزو مێژووییەکانە، بە مەبەستی چارەسەرکردنیان بە زمانی لەیەکگەیشتن‌و دەرخستنی بەڵگەو ڕاستییەکان، دانیشتن لەگەڵ یەکتر بۆ چارەسەرکردن، نەک دواخستن‌و گۆڵ لەیەکتر کردن.

گۆڕان باوەڕی وایە؛ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کوردستان پێویستی بە دروستکردنی متمانەو دۆزینەوەی شەریکە، پێویستی بە دەرخستنی هێزو هەڕەشەو گوڕەشە نییە، چونکە ئەوە دۆستمان بۆ پەیدا ناکات، بەڵکو دوژمنمان بۆ زیاد دەکات، ڕقی شەقامی عەرەبی‌و کوردی بەرامبەر یەکتر زیادو ئاڵۆز دەکات، گۆڕان پێیوایە بۆ ئەوەی کورد لە بەغدا پێگەی بەهێز بێت‌و ڕێزو حورمەتی زیاتری لێبگیرێت‌و بەچاوی تەقدیرەوە سەیری ئەزموونەکەی بکرێت لە هەرێم، دەبێت نموونەیەکی جوانی دیموکراسیی پێشکەش بکات، دەبێت ڕێز لە هاوڵاتییان‌و بیروڕای جیاواز بگرێت، بەها مرۆییەکان پێشێل نەکات‌و کەسایەتیی کوردی بەهێزو بەرزڕابگرێت.

گۆڕان بە بەرنامەو هەڵوێستی داکۆکیکردن لە مافەکانی گەلی کوردستان دەچێتە بەغداو هەڵگری ئاڵای ئاسوودەیی‌و پێکەوەژیان دەبێت.

**ڕۆژنامە**

# «لە کۆیە (٦) هەزار دەنگی ساختە دراوە»

**ڕۆژنامە**

لیستە ئۆپۆزسیۆنەکان ئاماژە بە ساختەو پێشێلکارییەکانی لیستی هاوپەیمانیی دەکەن‌و ڕایدەگەیەنن؛ کە (٦) هەزار دەنگی ساختە دراوەو «ئاسایش‌و پۆلیس‌و سەرۆکی یەکەی ئیداریی بەهیچ شێوەیەک هاوکاریی هیچ لایەنێکی سیاسیی نەبوون لە یەکێتی زیاتر، دەستدرێژیشیان کردە سەر خەڵک».

قارەمان قادر بەڕێوەبەری ئۆفیسی گۆڕان لە کۆیە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «تا سەعات (١٠) پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لە کۆیە ئاسایی بەڕێوەچووە، «بەڵام دواتر بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەلایەن لیستی هاوپەیمانیی‌و یەکێتییەوە پێناس (هەویە) بەناوی نزیکەی (٦) هەزار کەسی دانیشتووی ئەورووپاو مردووەوە دەرکردووەو وێنەی خەڵکی دیکەیان لێداوەو دەنگی پێدراوە، بەڵگەشمان لایە بۆ سەلماندنی ئەوانە، جگەلەوەش لەوکاتە بەدواوە دەستدرێژیان کردووەتە سەر خەڵک‌و هەر چاودێرێکیش ناڕازیبوایە بەشەق دەیانکردە دەرەوە، وەک لە چەند چاودێرێکی گۆڕان‌و یەکگرتوو دراو دەریانکردنە دەرەوە».



بەڕێوەبەری ئۆفیسەکە پێیوایە؛ بە بەرنامە ئەو ساختەیە کراوەو «لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە ئاگادار کراونەتەوە، کە بەهەرشێوەیەک بێت دەبێت لەکۆیە بیبەنەوە، پێشتر بە سەردان‌و پارە نەیانتوانی کاریگەریی لەسەر خەڵک بکەن، چونکە گۆڕان دەنگەکانی خۆی هێناوە، بۆیە بەوشێوەیە تەزویریان کردووە، چونکە تا سەعات (٣) بەدواوە لە (١٤) قوتابخانە زیاتر لە (١٠٠) پێشمەرگەو کەسانی دیکە براونەتە بنکەکانەوەو دەنگیان پێدراوەو لەماوەی سەعاتێکدا ڕەنگە ٣٠٪ی دەنگەکانیان دابێت»، ئەوەشی خستەڕوو؛ کە ناڕازیبوون‌و سکاڵاکانی خۆیان لەبارەی ئەو پێشێلکاریی‌و ساختانەوە ئاراستەی کۆمسیۆنی باڵاکردووە، وتیشی: «لە هەندێک مەکتەب نوێنەرەکانی ئێمەیان کردووەتە دەرەوە، کە بەپێی بڕیاری کۆمسیۆنیش لەهەر ناوەندێک چاودێرو نوێنەرەکانی لایەنێک بکرێتە دەرەوە، دەبێت ئەو سندووقە پووچەڵبکرێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە سۆران ئەحمەد، بەرپرسی مەڵبەندی ١٢ی دەوروبەری هەولێری یەکگرتوو ڕایگەیاند لە دژی پێشێلکاریی‌و لێدانی چەند نوێنەرێکیان لە کۆیەو تەقتەق سکاڵایان تۆمارکردووە.

ڕۆژنامە بۆ هەمان مەبەست زانیویەتی کە پارتی و کۆمەڵی ئیسلامیش ئیمزایان لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردن لەکۆیە نەکردووە.

# پەرلەمان پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ خەڵک، دوادەخات

**ڕۆژنامە**

سەرۆکایەتی پەرلەمان پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان دەربارەی ئەو بەهەڵە لێکدانەوەیەی لێدوانێکی پەرلەمانتارێکی گۆڕان دەربارەی پێشمەرگە، دوادەخات، پێکهێنانی لیژنەی لێکۆڵینەوەش دەربارەی ئەو هێرشانەی دەکرێنە سەر ئەو پەرلەمانتارە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە، ڕەتدەکاتەوە.

دوای ئەوەی بە هەڵە لێدوانێکی عەدنان عوسمان، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی پێشمەرگەوە لێکدرایەوە، ئەو پەرلەمانتارە داوای لە سەرۆکی هەرێم کرد لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت بۆ دەرخستنی ڕاستی ئەو مەسەلەیە بۆ خەڵکی کوردستان کە لە (٢/٢٨) سەرۆکی هەرێم سەرۆکایەتی پەرلەمانی ڕاسپارد بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە.

کاردۆ محەمەد، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، وتی: تائێستا بە نووسراوی ڕەسمیی لیژنەکەیان ئاگادارنەکراوەتەوەو ئەو لیژنە لێکۆڵینەوەییە پێکنەهێنراوە.

دواخستنی پێکهێنانی ئەو لیژنەیە لەکاتێکدایە کە لەلایەن دەسەڵاتەوە هەرایەکی گەورە لەسەر ئەو لێدوانەی پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان دروستبوو، بە بۆچوونی چاودێرانی سیاسی پێکنەهێنانی ئەو لیژنەیە ئەوەدەگەیەنێت، کە گەورەکردنی ئەو مەسەلەیە تەنیا بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن بوو، نەک خەمخۆریی بێت بۆ ناوی پێشمەرگە.

لەلایەکی دیکەوە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بە توندیی هێرشکرایە سەر پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان، گوایە بە پێشمەرگەی وتووە «میلیشیا»، عەدنان عوسمان داوایەکی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە تا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە پێکبهێنرێت، بەڵام بە وتەی عەونی بەزاز، جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان؛ لەدوای گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی ئەو لیژنەیە، لیژنەی یاسایی هاوڕابوون لەسەر ئەوەی کە ئەو لیژنەیە پێکنەهێنرێت‌و ئەگەر تاوانێک هەیەو ئاراستەی عەدنان عوسمان کراوە، ئەوا لە ڕێگەی دادگاوە دەتوانرێت یەکلاییبکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش نووسراوێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە.

# لەماوەی هەڵبژاردندا (٥٠) پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراون

**ڕۆژنامە**

ڕوانگەی ئازادییە ڕۆژنامەوانییەکان (jfo) ڕایگەیاند: لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی دەنگداندا پێشێلکاریی گەورە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە لەعێراق‌و کوردستاندا، بەتەنیا لە سێ پارێزگاکەی هەرێم (٢٣) پێشێلکاریی‌و لە بەغداو پارێزگاکانی دیکەی عێراق (٢٧) پێشێلکاریی ئەنجامدراون.

بەپێی ڕاگەیاندنێکی (JFO) ڕۆژنامەنووسان ڕووبەڕووی چەندین پێشێلکاریی بوونەتەوەو ئەویش لەڕێگریکردن لە ئەنجامدانی کارەکانیان‌و دەستگیرکردن‌و ئازاردانیان، لە هەرێمی کوردستانیش چەندین پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراوە، کە جێی نیگەرانییەو داوای وەستانی ئەو پێشێلکارییانە دەکات.

ئەو ناوەندە، کە لە کوردستان پشتی بە زانیاری چەندین ڕێکخراوی بەرگریی لە مافی ڕۆژنامەنووسان بەستووە، ئاماژە بەوەدەکات؛ کە کۆی ئەو توندوتیژیی‌و پێشێلکارییانەی بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان کراوە لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی بانگەشەوە تا داخستنی سندوقەکانی دەنگدان (٢٣) حاڵەتی پێشێلکاریی ئەنجامدراون.

ڕاپۆرتەکەی (JFO)، کەدوێنێ (٣/٨) بڵاوبووەتەوە ئاماژە بە قەوارەی ئەو پێشێلکارییانە دەکات؛ کە بەرامبەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسی دەکرێت‌و لایەنە سیاسییەکان‌و هێزە ئەمنییەکانیش بەوە تۆمەتبار دەکات، کە ڕێگە لە ڕۆژنامەنووسان دەگرن، تا دەستیان بگاتە زانیارییەکان‌و بگەنە ڕاستییەکان، بۆیە داوا لەهەموو کوتلە سیاسییەکان‌و دەزگا حکومیی‌و هێزە ئەمنیی‌و سەربازییەکان دەکات، کە ڕێزی بنەماکانی دیموکراسیی‌و کارکردن بگرن بەپێی دەستوورو یاسا عێراقییەکان.

# ڕۆژی جیهانیی ژنان، لەبیرکرا

**شارا عەبدولڕەحمان**

دوێنێ (٨)ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان بوو، بەڵام لە هەرێمی کوردستان، هیچ گرنگییەک بەو ڕۆژە نەدراو هیچ کۆڕو کۆبوونەوەیەک بۆ ئەو مەبەستە ساز نەکرا، ئەمەش زیاتر ئەوەی سەلماند کە پیاوەسیاسییەکانی هەرێم، بە دوای ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەوەن، زیاتر لەوەی ک بیریان لای تاکە ڕۆژەکەی ژنان بێت.

عەدالەت عومەر، هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی ئەوەی ڕۆژی جیهانیی ژنان، ڕۆژێک دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، وای کرد کە خەڵکێکی زۆر بەدوای ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنەوەبن‌و خەیاڵیان لای ئەوەبێت کە کورد چەند کورسی بەدەستهێناوە، زیاتر لەوەی کە لە بیری ڕۆژی جیهانیی ژناندابن».

ئەو هەڵسوڕاوەی بواری مافەکانی ژنان، ئاماژەی بەوەشکرد کە پێی باشە، ژنان ڕێژەیەکی باشیان لەهەڵبژاردنەکانی (٣/٧)دا بەدەستهێنابێت‌و وتیشی «ئاواتەخوازم لە ڕۆژی جیهانیی ژناندا، ژنانی ناو پەرلەمانی عێراق، بتوانن کوتلەیەکی گەورەی بەهێز لە ژنانی ناوەڕاست‌و باشوورو باکووری عێراق پێکبهێنن، بۆئەوەی زیاتر بەدوای بەدەستهێنانی مافەکانی ژنانەوەبن لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا».




ژنانی جیهان یادی ٨ی مارس دەکەنەوە
ئەسینا ٢٠١٠/٣/٨

# گرفتەکانی دەنگدان، لە رانیەو قەڵادزێو دوکان



**راپۆرتی، دلێر عەبدولخالق**

بەپێی سەرچاوە نارەسمییەکان، جگە لە دەنگدانی تایبەت (٨٠٪)ی ئەو (٢٠٠) هـەزار دەنـگـدەرەی سنووری قەزاکانی رانیەو قـەڵادزێو دوکـان لە رۆژی دەنگدانی گشتییدا لە (١٠٥) بنکەدا دەنگیان داوە، هاوکاتیش لە زۆربەی ئەو بنکانەی بۆ دەنگدەرانی ناوە نەگەڕاوەکان کرابووەوە، هەوڵی ساختەکاریی دراوە، کە بەشێکی لەلایەن کۆمسیۆنو لایەنە سیاسییەکانەوە بێئەنجامکراوەو هەندێک لە حاڵەتەکانیش دزەی کردووە.

بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە رۆژی (٢٠١٠/٣/٧) ئەنجامدرا، پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە سنووری دوکـانو بتوێنو پشدەر بەشێوەیەکی ئاسایی لـە زۆربــەی ناوەندەکانی دەنگداندا بەڕێوەچوو، هـەرچـەنـدە بـەشـێـوەیـەکـی گشتیی گرفتی نەگەڕانەوەی بەشێک لەناوی دەنگدەران، نەهاتنەوەی ناوی بەشێک لە لەدایکبووانی (١٩٩٢)، زۆریی حاڵەتەکانی دەنگدان بۆ کەسێکی دیکە بە پاساوی نەخوێندەواریی‌و هەوڵدانی بەشێک لە دەنـگـدەران بۆ دەنـگـدان لە بنکەی راگوێزراوەکان بێئەوەی ناویان هەبێت، بوونی هەبوو، جگەلەوەی ژمارەیەک لە خەڵکی دیاریکراو هەوڵیانداوە بەپێناسی سـاخـتـەوە دووبـــارە دەنـگـبـدەنـەوە، لەگەڵ هەبوونی کۆی ئەم حاڵەتانەی لەم راپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام هیچ گرفتێکی ئەوتۆی لەنێوان لایەنە رکابەرەکانی پرۆسەکە لەو سنووره دروستنەبوو.

## رانیە:

لە سنووری قەزای رانیە، زیاتر لە (١١٠) هەزار دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش (٥٦) بنکەی دەنگدان لە ناوەندی قەزاکەو ناحیەکانی سەرکەپکان، چوارقوڕنە، حاجیاواو بێتواتە کرابووەوە، بەپێی قسەی بەشێک لە ئاگایانی پرۆسەکە بەرپرسی حیزبیی‌و بەرپرسی عەسکەری لەنزیک بنکەکانی دەنگدان هەبوونو کاریگەرییان لەسەر خەڵک دروستکردووە.

حسێن ئەبوبەکر، چاودێری گۆڕان لەبنکەی قوتابخانەی گۆجاڕی سەرەتایی بە رۆژنـامـەی وت: «لـە نزیک بنکەی دەنگدان فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەو ئەندامی کۆمیتەی یەکێتی وەستاون، جگەلەوەی ئێمە بەئاگاداری کۆمسیۆن سورەت قەیدی ساختەو پێناسی باری کەسی ساختەمان ئاشکراکردووە، کە خەڵکێک بەنیازبوون دەنگی پێبدەن، ئەندامی کۆمیتەش هەبووە هاتووەتە ناو بنکەکەوە، بۆئەوەی دەنگ بۆ خەڵکی دیکە بدات، رێگریمان لێکردووەو نەمانهێشتووە بێتە ژوورەوە».

یەکێک لەچاودێرانی تۆڕی نەزاهە لە قوتابخانەی ئاکۆی سەرەتایی بە رۆژنامەی راگەیاند: «کەسێک هەبووە، لە زۆربەی ناوەندەکانی بنکەی دەنگدان دەنـگـی بـۆ خـەڵـک داوە، بـێـئـەوەی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت».

لە بەرامبەر ئەو حاڵەتانەدا، عوسمان عەبدوڵلا سەرپەرشتیاری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە رانیە ئاماژەی بەوەکرد؛ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لەو سنووره ئاسایی بەڕێوەچووەو تەنیا گرفتیان لەو بنکانەدا بـووە، کە بۆئەو کەسانە کراوەتەوە، کە ناویان نەگەڕاوەتەوەو وتی: «ژمارەیەک خەڵک بەنیازبوون دەنگ بدەن، ئێمە سجلێکمان هەبوو ئەوانەی ناویان لەو سجلەدا نەبوایە رێگەمان پێنەدەدا، ئەمەش پەستانێکی زۆری لەسەر کارمەندانی ئێمە دروستکرد، چونکە ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک تا درەنگانی ئێوارە مانەوە لەبەردەم بنکەکاندا».

بەپێی وتەی خالید محەمەد ئەمین، سەرپەرشتیاری کۆمسیۆن لە سنووری ناحیەکانی چوارقوڕنەو حاجیاواو بێتواتە، گرفتی سـەرەکـیی ئـەو ناوچەیەش لە نەهاتنەوەی ناوی بەشێک لە دەنگدەرانی ناوچەکەدا کۆبووەتەوە.

## قەڵادزێ:

حەوزی پشدەر، کە پێکدێت لە ناوەندی قەزای قەڵادزێو ناحیەکانی سەنگەسەر، ژاراوە، هەڵشۆ، هێرۆو ئیسێوە (٦٠٢٠٥) دەنگدەر مافی دەنگدانیان هەبووەو ٨٠٪ی ئەو رێژەیە لە (٢٨) ناوەندی دەنگداندا دەنگیانداوە.

رێبوار حسێن، (٢٧) ساڵ بە رۆژنامەی راگەیاند: «من بە ئازادانە دەنگم داوە، ویژدانی خۆم ئاسوودە کردووە، بەڵام چەند حاڵەتێکم بینوەو خەڵک هەبووە ناسیومەو دەزانم خوێندەواری هەیە، کەچی کەسێکی دیکەی لەگەڵ هاتووە دەنگیان بۆ داوە».

بەپێی قسەی بەشێک لە چاودێرانی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، لە سنووری قـەڵادزێ حاڵەتی دەنگدان بۆ ئەوانەی لەژیاندا نەماون، هەبووە، هاوکاتیش رێژەیەکی بەرچاو لەو خەڵکانە هەبووە، کە بەناوی نەخوێندەوارییەوە دەنگیان بۆ یەکێکی دیکە داوە، جگەلەوەی چەند حاڵەتێکی دووجار دەنگدانیش لە سنوورەکە دزەی کردووە.

عـەبـدولـخـالـق حـەمـەڕەشـیـد، سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لە حەوزی پشدەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکە لەسنوورەکە بەبێ گرفت وەسفدەکاتو پێیوایە؛ زۆر ئاسایی بەڕێوەچووە، تەنیا ئەوە نەبێت لە تۆماری دەنگدەراندا ناوی ژمارەیەک خەڵک نەگەڕابووەوە.

## دوکان:

لەسنووری قەزای دوکان رێژەیەکی زۆر لەو (٣٤) هەزار دەنگدەرەی سنوورەکە، کە بەسەر ناحیەکانی سورداش، پیرەمەگروون، خەلەکان، بنگردو خدران دابەشبوون، لە (٢١) ناوەندی دەنگداندا دەنگیانداوە. هاوکاتیش بەشێک لەچاودێرەکان ئاماژە بە حاڵەتە نەشیاوەکانی ئەو پرۆسەیە دەکەن.

زاهیر عەزیز، چاودێری یەکگرتووی ئیسلامیی بە رۆژنامەی وت: «بەشێوەیەکی گشتیی گوشار لەسەر چاودێرەکان هەبوو، لەوانە: ناوەندەکان بۆ چوونە دەرەوە، یان بەدواداچوونی کێشەیەک، هەروەک یەکێک لە چاودێرەکان پێیوتم؛ دەنگم بۆ شەش کەس داوە، بەشێوەیەک فەراغی وەرگرتووەو چووەتە دەرەوەو کەسێکی لەگەڵ خۆی هێناوەو لە بەرژەوەندیی لایەنەکەی خۆی دەنگی بۆداوە، بەرپرسانی کۆمسیۆنیش نزیکبوون لەخۆیانەوەو کارئاسانییان بۆ کردوون».

فـایـەق مستەفا، سەرپەرشتیاری چـاودێـرەکـانـی گـۆڕان لە دوکـان، بۆ رۆژنـامـەی روونـدەکـاتـەوە؛ هەوڵی ساختەکاریی زۆر دراوە، بەتایبەت کە پێکهاتەی کۆمسیۆن بەشێوەیەک دارێژراوە، کە لە قازانجی حیزبی دەسـەڵاتـدارە، بەئاشکرا کەسانی سەربەخۆیان کردووە بە بەرپرسی ناوەندەکانو خەڵکانی دیکە، کە پێشتر بەرپرسیارێتیان هەبووە، سەر بە گۆڕان، یان لایەنێکی دیکە بوون دەوری لاوەکییان پێداون، ئەمەش بۆ ئاسانکاریی ساختەکاریی.

فایەق، ئاماژە بەچەند حاڵەتێکی دیکە دەکاتو دەڵێت: «هێزە تایبەتەکانیان ئەوانەی پێشتر لەدەنگدانی تایبەت دەنگیان دابوو، ئامادەکرابوون بۆ دەنگدان، بەڵام رێگەیان پێنەدراو لەزۆر شوێنیش دزەیان کردووە، حاڵەتی دووبارە دەنگدان هەبووە، کۆمەڵێک خێزان ناچار کرابوون، خەڵکی دیکە دەنگیان بۆ بدات، جگەلەوەی ژمارەیەک کارت مابوو چاودێرەکانی یەکێتی بەچاودێرەکانی ئێمەیان وت؛ با بە تەوافق پڕیبکەینەوە، بەڵام ئێمە رازی نەبووین».

رۆژنـامـە بۆ وەرگرتنی بۆچوونی کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبژاردنەکان لە دوکـان پەیوەندی بە نـەوزاد سەیدگوڵ، سەرپەرشتیاری کۆمسیۆن کرد، بەڵام ئەو ئامادەنەبوو لەو بارەیەوە هیچ زانیارییەک بە رۆژنامە بدات.

چاودێرێکی گۆڕان: داوایان لێکردین، ئەو کارتانەی بە بەتاڵی ماونەتەوە بە تەوافق پڕیبکەینەوە، بەڵام ئێمە رازی نەبووین.

# کاندیدەکانی گۆڕان، چۆن لە رۆڵی راگەیاندن دەڕوانن لە بانگەشەدا؟

**راپۆرتی: رۆژنامە**

راگەیاندن رۆڵی سەرەکیی دەبینێت لە ناساندنی کاندیدەکان بە خەڵکی، لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، بەڵام کاندیدەکانی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، رەخنە لە رۆڵی راگەیاندن دەگرن لەم هەڵبژاردنەدا، کە دەبوو «گرنگیی زیاتر بە کاندیدەکان بدرێت»، کاندیدێکیش پێیوایە؛ کە کەمیی ژمارەی میدیای گۆڕان هۆکاربووە بۆ پێڕانەگەیشتن لە بەسەرکردنەوەی گشت کاندیدەکان.

بـانـگـەشـەی هـەڵـبـژاردن لە ٢٠١٠/٢/١٢ەوە دەستی پێکردو تا (٣/٦) بەردەوامبوو، لەو ماوەیەدا نەتوانراوە وەک پێویست کاندیدەکان بە خەڵک بناسێنرێت، د.محەمەد کیانی سەرۆکی لیستی گۆڕان لە هەولێر، پێیوابوو؛ کە ماوەی بانگەشەکە کەم بووە، لەچاو ژمارەی کاندیدی لیستە جـیـاوازەکـان، ئەمە جگە لـەوەی وەک د.محەمەد دەڵێت: «راگەیاندنی گۆڕان نەیتوانیوە وەک پێویست رۆڵی هەبێت لە ناساندنی کاندیدەکانی گۆڕان».

لە بەرامبەردا، ژمارەیەک لە کاندیدەکان لەو بڕوایەدا بـوون، کە کەمیی ژمارەی میدیای سەربەخۆ، هۆکاربووە بۆ لاوازیی ناساندنی کاندیدەکانی گۆڕانو ئەو لایەنانەی دیکەی دەرەوەی حیزبە دەسەڵاتدارەکان.

د.لەتیف شێخ مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی ئەوەی بۆ رۆژنامە خستەڕوو؛ کە راگەیاندن گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام لایەنێکی وەک بزووتنەوەی گۆڕان بە یەک کەناڵی تەلەفزیۆنی (KNN)و یـەک رۆژنامەو رادیۆوە، بێگومان ناتوانێت (١٣٤) کاندید بەو ماوە کەمەی کە هەبوو، بە بەراورد لەگەڵ کەناڵەکانی لایەنی دەسـەڵات، کە دەیان کەناڵی بینراو بیستراو و نووسراویان هەیە، لاواز دەبێتو ناتوانرێت هەموو کاندیدەکان وەک یەک هەقی خۆیان بدرێتێ، لەگەڵ ئەوەشدا کاندیدەکان توانیویانە رۆڵیان هەبێتو بچنە نێو خەڵکەوە.

سەرۆکی لیستی گۆڕان لە سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو؛ کە جگە لە میدیای گـۆڕان، میدیای بێلایەن تەنیا میدیای نووسراون، کە (٣-٤) رۆژنامەو گۆڤارن، کە خوێنەریان نوخبەیەو ناتوانرێت وەک کەناڵێکی گشتگیر تەماشا بکرێن.

لەلایەکی دیـکـەوە خالد ئیبراهیم، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە موسڵ ئاماژەی بەوەکرد؛ کە کاندیدەکان ئەوەندە ئیمکانیاتی مادیان نەبووە، کە بتوانن لە دەرەوەی لایەنەکەی خۆیان لە کەناڵەکانی دیکەوە دەربکەون، بە پێچەوانەی ئەو لایەنانەی حیزبەکانیان پارەیەکی خەیاڵییان لەم بانگەشەیەدا بۆ کاندیدەکانیان سەرف دەکرد، چ بە ناساندنیان بێت، چ بە کڕینی دەنگو پێدانی پارەبێت بە دەنگدەر.

ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوازی لیستی نیمچەکراوە، گرنگیی زۆری هەیە بۆ ئەوەی کەسی شیاو لە پەرلەمان نوێنەرایەتی خەڵک بکاتو کاندیدەکان بە دەنگی خەڵک دەستنیشان بکرێن، نەک حیزب، بەڵام بە بـڕوای، خالد ئیبراهیم، سەرۆکی لیستی گـۆڕان لە موسڵ، لیستی نیمچەکراوە سوودی بۆ بە دیموکراسی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەو گرنگیی دەنگی دەنگدەر هەیە، بەڵام گوشارێکی دەروونیی‌و مادیی زۆر لەسەر کاندید دروستدەکات.

ئامادەنەبوونی راگەیاندنەکان لە هەندێک ناوچە لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، بە کەموکورتی هەژمار دەکرێت، ماجد علوان، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە بەغدا لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەدا؛ کە پێشێلکاریی زۆر لە بنکەکانی دەنگدان روویـداوە لە بەغداو دەوروبـەری، ئەگەر راگەیاندنی گۆڕان، یان میدیای سەربەخۆ لەوێبوونایە دەتوانرا ئەو پێشێلکارییانە تۆماربکرێنو خەڵکیان لێ ئاگاداربکرێتەوە، کە ئەمە کەموکورییەکەو کاریگەریی لەسەر پرۆسەکە دەبێت.

سەرۆکی لیستی گـۆڕان لە هەولێر رەخنەی ئەوەشی لە راگەیاندنی گۆڕان هەبوو، کە وەک پێویست گرنگییان بە سەرۆکی لیستەکان نەداوە لە پارێزگاکاندا، کە بەبڕوای ئەو دەبوو حسابێکی جیاواز بۆ سەرۆکی لیستەکان بکرێتو وەک کاندیدێکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێن.

لە بەرامبەر ئەو بۆچوونانەی باس لە کەمتەرخەمیی راگەیاندن دەکـەن، لە ناساندنی کاندیدەکان، لە هەندێک ناوچەی دیکەی عێراق، راگەیاندن کەمتەرخەمیش بووبێت هێندە کاریگەریی نەبووە، چونکە بە وتەی ئەیوب جومعە، سەرۆکی لیستی گۆڕان لە سەڵاحەدین لەبەر ئەوەی ئەو ناوچانە زیاتر خێڵو عەشایەرن، هێندەی ئەوە گرنگیی دەبوو، کە زۆرترین کاندید هەبن تا زۆرتـریـن عەشیرەتت لەگەڵ بێت، راگەیاندن ئەوەندە رۆڵـی نییە، بۆ سەرخستنی کاندیدو لیستەکە، هەربۆیە دەبوو گۆڕان لەم ناوچانە لە (٤) کاندید زیاتریان هەبوایە.

بۆیە بـەڕای چاودێرانی سیاسیی‌و رۆژنامەوانی، بۆهەڵبژاردنی داهاتوو، دەبێت میکانزمی نوێ پەیرەوبکرێت بۆ چۆنێتی ناساندنی لیستو کاندیدەکانی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن.

# ڕانیە لە خەونی بەپارێزگابووندایە

# د. بەرهەم ساڵح: بەپارێزگابوونی ڕانیە، پەیوەستە بە دەستووری عێراقەوە

**ڕاپۆرتی، دلێر عەبدولخالق**



نێردراوی ڕۆژنامە پرسیار ئاراستەی سەرۆکی حکومەت دەکات

لەگەڵ ئەوەی بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتو چەند وەزیرێکی کابینەکەی لەیادی ڕاپەڕینی ڕانیەدا سەردانی ئەو شارەیان کردو بەردی بناغەی چەند پڕۆژەیەکیان دانا، بەڵام بە وتەی بەشێک لە دانیشتووانی قەزاکە گەشتەکە شتێکی نوێی بۆ ڕانیە تێدانەبوو، هەروەک ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانیش ڕایدەگەیەنێت: «حکومەت بەشێوەیەکی نایاسایی‌و بەمەبەستی بانگەشەی هەڵبژاردن چەند پڕۆژەیەکی ڕاگەیاندووە».

لــەبــەردەم جــەمـــاوەری کـــۆکـــراوەی شارەکەدا، کە پێکهاتبوون لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرێتی‌و فەرمانگە حکومییەکان، خـوێـنـدکـاران‌و قوتابیانی قوتابخانەو خوێندنگەکان، د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی (٢٠١٠/٣/٥) لە ڕانیە بەڵێنی کردنەوەی زانکۆی ڕاپەڕین‌و دانانی بـەردی بناغەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕینی پێدان، لەو کاتەشدا کە زۆربەی جەماوەر ئامادەبوون، داواکاریی بەپارێزگابوونی قەزاکەیان بەرزدەکردەوە، کە بەپێی لێدوانی سەرۆکی حکومەت بۆ ڕۆژنامە «بڕیاری بەپارێزگاکردنی ڕانیەو چەند ناوچەیەکی دیکە پەیوەستە بە دەستووری عێراقییەوە، نەک حکومەتی هەرێم».

د.بەرهەم ساڵح بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بڕیاری بەپارێزگاکردنی ڕانیەو چەند ناوچەیەکی دیکە پەیوەستە بە دەستووری عێراق‌و بڕیاری دەستووریی، بەڵام ئێمە ئێستا پێداچوونەوە بە سیستەمی ئیداریی هەرێمی کوردستاندا دەکەین بۆ دروستکردنی چەند ناوەندێکی ئیداریی لە پارێزگای سلێمانی بۆ کەلارو هەڵەبجەو ڕانیە، لە هەولێریش بۆ کۆیەو سۆران، لە دهۆکیش زاخۆو ئاکرێ دەبنە ناوەندی ئیداریی، کە هاوڵاتییانی ئەو سنوورانە دەتوانن زۆربەی ئیشوکارەکانیان لەوێ ڕایی بکرێت، بەشێکی کەمی کارەکانیش لە پارێزگاو ئیشی زۆر پەیوەستیش بە حکومەت، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ پایتەخت.

ســەردانــەکــەی ســەرۆکــی حکومەت هاوکات بوو لەگەڵ دوایین ڕۆژی بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کۆی سەردانەکەش بەدەرنەبوو لە دۆخی ململانێی لایەنە سیاسییەکان، هاوکاتیش ژمارەیەکی بەرچاو ئاڵای یەکێتی بەسەر قوتابییان‌و خوێندکارانی ئامادەبوو دابەشکرابوو، کە بە وتەی قوتابییەکان لەناو قوتابخانەکان ئەو ئاڵایانەیان پێدراوە.

کەوکەز حسێن، قوتابی قوتابخانەی بابەگوڕگوڕی سەرەتایی‌و ئاکام ڕەسوڵ قوتابی قوتابخانەی گۆجاڕی سەرەتایی؛ «لە قوتابخانەکانمان ئاڵای کوردستان‌و یەکێتییان پێدایـن».

ســەیـد خالید مستەفا، چالاکوانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، ڕەخنە لە شێوازی یادکردنەوەی ڕاپەڕینی شارەکەی دەگـرێـت‌و پێیوایە؛ ئـەوەی ڕانیەییەکانی نیگەرانکردووە، ئەو یادە مێژووییەیە، نەک لە هەرێم لای لێنەکراوەتەوە، بەڵکو لەناو ڕانیەش کەم ساڵ هەبووە لایەنەکان پێکەوە ڕێکبکەون لەسەر یادکردنەوەکەو هەموو ساڵێک لایەنی دەســەڵاتـدار بۆ بەرژەوەندیی خۆی ئەو یادە جەماوەرییەی بەکارهێناوە. وتیشی: «ئەمساڵیش یادەکە بەهۆی کەشوهەوای هەڵبژاردنی عێراقەوە لە خزمەت بەرژەوەندیی حیزبیی‌و وەک بانگەشەی هەڵبژاردن سوودی لێبینرا، هەربۆیە بەڵێن‌و جێبەجێکردنی پڕۆژەکانیش لەسەر ئەنجامەکانی حیزبی دەسەڵاتدار دەوەستێت لە هەڵبژاردندا».

سێ ساڵ بەر لەو ڕێکەوتە، ڕانیەییەکان ڕێگەیاننەدا وەفدێکی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی عوسمان شوانی، وەزیـری پلاندانانی حکومەتی هەرێم بێتە شارەکەوە بۆ دانانی بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین، بەڵام لەم سەردانەیدا بەرهەم ساڵح جگە لە دانانەوەی بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین، بەردی بناغەی زانکۆی ڕاپەڕینیشی دانا.

د.جەعفەر عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گـۆڕان، ئاماژە بـــەوەدەكـــات؛ ئـەو پـڕۆژانـــەی سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی دانـاوە، پڕۆژەی پێشنیازکراون‌و لە گفتوگۆی پەرلەماندان، بەشێوەیەک تا ئـەوەی پەسەندیشنەکرێن دەســەڵاتــی جێبەجێکردن بە سەرۆکی حکومەتیشەوە مافی ئـەوەی نییە بەڵێنی جێبەجێکردنیان بدات، هەر بۆیە سەردانی سەرۆکی حکومەت لەوکاتەدا بەشێوەیەکی نایاسایی‌و بە ئامانجی جووڵاندنی سۆزی خەڵک‌و بانگەشەی هەڵبژاردن بـووە بۆ یەکێتی.

جەعفەر عەلی وتی: «ڕاستە سەردانی سەرۆکی حکومەت لەگەڵ یادی ڕاپەڕینی ڕانیەدا بوو، بەڵام هێندەی ئامانج لەو سەردانە بانگەشەی هەڵبژاردن بوو، هێندە هێنانی پڕۆژەوخزمەتی‌ناوچەکەوئیدارەی‌سەربەخۆ نەبوو، پێشتر بـەردی بناغەی مۆنۆمێنتی ڕاپـەڕیـن دانـرابـوو، سـەرۆکـی حکومەت ئەمجارەش بەردی بناغەی لەسەر هەمان بەردی بناغە کۆنەکە دانایەوە، دەستخۆشیی لە هەرکەسێک دەکەین زانکۆیەک لەسەر بنچینەی زانستی‌و بە پێداویستی تاقیگەیی‌و کەرەستەی زانستی دەستەبەر بکات، بەڵام پـڕۆژەی کردنەوەی سێ زانکۆ نازانرێت ئەنجامەکەی چی دەبێت؟».

لەبارەی گرنگیی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەت بۆ ڕانیە، سەید خالید مستەفا، چالاکوانەکەی ڕانیە، ئاماژە بەوەدەکات؛ سەردانەکە شتێکی نوێ‌و گرنگی تێدانەبوو، بەشێوەیەک کردنەوەی نەخۆشخانەیەک کە ماوەیەکی زۆرە تەواوبووە پڕۆژەیەکی جێبەجێکراوە، بەردی بناغەی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین بڕیاربوو لە (٢٠٠٧) دابنرێت، کردنەوەی زانکۆی ڕاپەڕین ڕاستە گرنگە، بەڵام لەهەمانکاتدا کردنەوەی سێ زانکۆ لە سنووری پارێزگای سلێمانی نازانین ئەو سێ ناوەندە چۆن دەبنە زانکۆو خوێندکاری لەکوێوە بۆ دێنن؟ چ سیمایەکی زانکۆیی وەردەگـرن؟ وتیشی: «ئـەوەی گرنگ بوو بەپارێزگاکردنی ڕانیە بوو، کە سەرۆکی حکومەت هیچ بڕیارێکی لـەو بارەیەوە پێنەبوو».

لەبەرامبەریشدا عەلی حەمەد بەگ، قایمقامی ڕانیە، سەردانەکەی بەرهەم ساڵح بە گرنگو سەرکەوتوو وەسفدەکات‌و دەڵێت: «سەردانەکە تێکەڵبوونێکی جەماوەریی شارەکە بوو لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـران‌و ئەمساڵ دەستکەوتی مەزنیان بۆ ڕانیە هێنابوو، لەوانە دانانی مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین، کە دەبێتە ڕەمـزی ناسینەوەی ڕاپـەڕیـن‌و ڕانیەش وەک دەروازەی ئەو ڕاپـەڕیـنـە، زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن خەونێکی گەورەی خوێندکاران‌و خەڵکی سنوورەکە بوو، ئەویش کایگەریی زۆری دەبێت لەسەر ڕەوتی زانستیی ناوچەکە، جگە لەوەی ڕانیە دەبێتە ناوەندی بڕیاردان‌و وەک ئیدارەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت».

قایمقامی ڕانیە ئـەوە ڕەتـدەکـاتـەوە سەردانی سەرۆکی حکومەت پەیامی سیاسیی لەپشتەوەبێت‌و بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەوانەی دەڵێن پەیامی سیاسیی بووە ڕاستییەکان لە خەڵک دەشـارنــەوە، ئێمە دەپرسین کردنەوەی زانکۆ پەیامی ئاوەدانییە یان سیاسیی؟ مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین پەیامی وەفاو خۆشەویستییە بۆ ناوچەکە یان سیاسیی؟ کردنەوەی نەخۆشخانەی منداڵبوون بەو پێشکەوتووییە پەیامی خزمەتگوزاریی نییە؟ بڕیاردان لەسەر ئیدارەیەکی سەربەخۆ پەیامی ئاوەدانیی نییە؟».

لەبارەی ئەو ئاڵوگۆڕو لادانە بەمەبەست حیزبییانەی بەچەند بەرپرسێکی فەرمانگە حکومییەکان‌و سەرۆکی شارەوانییەکانی ناوچەکە کراوە، د.بەرهەم ساڵح بۆ ڕۆژنامە وتی: «لادانی ئەو بەرپرسانە پەیوەندیی بە وەلائی حیزبیی کەسەکانەوە نییەو دڵنیاتان دەکەم بەرنامەی ئێمە جیاکردنەوەی حیزبە لە حکومەت، حکومەت هی هەموو هاوڵاتییانەو پـێـداچـوونـەوەمـان هەیە بـۆ بەرپرسە ئیدارییەکانی هەموو ناوچەکان، کاتی ئەوەش هاتووە ئیجرائات بکەین‌و گۆڕانکاریشمان کردووە، بەڵام پێوەری ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرپرسی یەکە ئیدارییەکان‌و فەرمانگەکان ڕادەی خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، نەک وەلائی حیزبیی».

لە ڕێوڕەسمی دانانی بـەردی بناغەی پـڕۆژەکـان‌و کـردنـەوەی نەخۆشخانەی منداڵبوون، ژمارەیەکی بەرچاو خەڵک داواکـاریـی‌و نووسراویان بۆ یارمەتیدان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت‌و پاسەوانەکانی کـرا، بـەڵام تەنیا داواکارییەک کە دەست سـەرۆک نەگەیشت نووسراوی پیاوێکی بەساڵاچوو بـوو، کەخاوەنی (٤) کەسی ئەنفالکراوە.

ئیسماعیل ئەحمەد محەمەدی (٦٥)ساڵ بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە نووسراوەکەی دایە چەند پۆلیسێکی ئاسایی، کە ئەو بە پاسەوانی تایبەتی سەرۆکی حکومەت تێگەیشتبوو، بێئاگا لە نیازی پۆلیسەکان کە نەیاندەویست چیتر ئەو پیاوە پیرە چاوەڕێ بکات‌و بێئەوەی داواکارییەکەی بگاتە شوێنی خۆی.

ئیسماعیل وتی: «خێزان‌و منداڵەکانم ئەنفالن‌و پێویستم بە هاوکارییە، ئینجا نازانم سەرۆکی حکومەت چیم بۆ دەکات!».

# تەقەکردن لە زیندانییانی مەعەسکەر سەلام (٦) برینداری لێدەکەوێتەوە

**ڕۆژنامە**

دوای سەرهەڵدانی کێشەیەک لەنێوان پۆلیسێک‌و زیندانییەکی چاکسازیی گەوران لە مەعەسکەر سەلام لە شاری سلێمانی، ئاسایش‌و هێزی ئۆپەراسیۆن تەداخول دەکەن‌و لە ئەنجامی تەقەکردنیشیاندا (٦) زیندانیی بریندار دەکرێن‌و بۆ چارەسەر ڕەوانەی‌نەخۆشخانەی‌فریاکەوتنی‌سلێمانی دەکرێن، پەرلەمانتارێکی کوردستانیش دەڵێت: «کێشەکە هێندە گەورە نەبووە، کە تەقەی تێدا بکرێت‌و ئەوەی جێی تێبینییە ئاسەواری گوللەکان بە دیواری هۆڵەکانی بەندیخانەوەن‌و زیندانییەکیش گوللە بەر پشتی کەوتووە».

درەنگانی شەوی دووشەممە دوای ئەوەی بەهۆی مۆبایلەوە کێشە دەکەوێتە نێوان بەندییەک‌و پۆلیسێکی پاسەوانی بەڕێوەبەرێتی چاکسازیی بەشی گەوران، کێشەکە گەورە دەبێت‌و ئاسایش‌و هێزی ئۆپەراسیۆن بانگدەکرێن، بۆ کپکردنەوەی کێشەکەش «دەســتــڕێــژی گوللە» لە بەندییەکان دەکرێت‌و لە ئاکامدا (٦) کەسیان بریندار دەبـن‌و ڕەوانـــەی نەخۆشخانە دەکرێن، کەسوکاری بریندارەکانیش ئەوە دەخەنەڕوو؛ کە هیچ زانیارییەکیان لەسەر بارودۆخی بریندارەکان پێنادرێت.

برای یەکێک لە زیندانییە بریندارەکان، کە نەیویست ناوی لە ڕۆژنامە بڵاوبکرێتەوە، باسی لەوەکرد، کە ئەو شەوە سەعات (١١) براکەی پێیڕاگەیاندوون؛ کە بریندارکراوەو بەرەو نەخۆشخانە دەگوێزرێتەوە، ئەو وتی: «وەک بزانین کێشەکە لەگەڵ زیندانییەکدا بـووە، بـەڵام دوای دەمـەقـاڵـێ تەقە بە ژووری زیندانییەکاندا کـراوەو براکەی ئێمەش بەرکەوتووە، کە هیچ پەیوەندییەکی بەکێشەکەوە نییە».

لای‌خۆشییەوەپەیمان‌عیزەدین،ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان، کە دوای ڕوودانـــی کێشەکە سەردانی شوێنی ڕووداوەکەیان کردووە، وتی: «کە گەیشتینە سەر ڕووداوەکـــە بەرپرسانی وەزارەتـی کاروباری کۆمەڵایەتی بەدەم کێشەکەوە هاتبوون‌و ئێستاش لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان پێکهێناوە»، ئەوەی باسکراوە پێکدادانی پاسەوان‌و بەندییەکان بووە، کە گەیشتووەتە حاڵەتێک لە کۆنترۆڵی ئەواندا نەماوەو پەیوەندییان بە پۆلیس‌و ئیسعافەوە کردووە».

پەیمان ڕوونیشی کردەوە، کە ئەوەی جێی تێبینییە هێزێکی زۆری ئاسایش‌و هێزی ئۆپەراسیۆن (کە گومان هەیە دژەتیرۆربن) بە ژمارەیەکی زۆرەوە چوونەتە شوێنی ڕووداوەکـەو دواتر لە سەربانەوە بەرەو حەوشەی ناوەوەو هۆڵەکان تەقە کراوە، وتی: «ئەگەر زیندانیی هەوڵی ڕاکردن بدات، ئیدارە دەتوانێت تەقەیان لێبکات، بەشێوەیەک بە مەبەستی کوشتن نەبێت، بەڵام ئەوەی جێیی تێبینییە تەقەکان لە حەوشە گەورەکەدا نەبوون‌و مەترسیی ڕاکردنیان نەبووە، بەڵکو فیشەک بە دیواری ناوەوەی هۆڵەکانیشەوە هەیە، بۆیە ئێمە ڕاپۆرتی خۆمان بۆ لیژنەی مافی مـرۆڤ بەرزدەکەینەوە بۆئەوەی مخاتەبەی حکومەت بکەین‌و وردەکاریی بزانین، جگەلەوە چاوەڕێی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی‌و ئیدارەی چاکسازییەکەین، کە ئـەوان دەستیان پێکردووەو دەیانەوێت ئیجرائات بکەن».

ئەوەی لە ڕووداوەکەدا جێی تێبینییە، گەورەکردنی کێشەکەو تەقەکردنە، ئەوەش بە کاردانەوەیەکی توند هەژمار دەکرێت‌و ڕێگاش نادرێت کەسوکاری زیندانییەکان بارودۆخی بریندارەکان بزانن.

پەرلەمانتارەکەی کوردستان ئاشکرای دەکـــات، کـە ئـــەوەی جێی نیگەرانیی زیندانییەکانە، کەسێک لە ئیدارەی سجنەکە توندوتیژە لەگەڵیان‌و ئـەوەش بەهۆی کاردانەوەی ئەوەبووە، وتیشی: «کەواتە کێشەکە بچووکەو ئەوەندە قورس نییە، کە بگاتە تەقەکردن‌و بریندارکردنی (٦) کـەس، کە یەکێکیان فیشەک بەر پشتی کەوتووەو لە سکیدا مـاوەو تا ئێستاش نەشتەرگەریی بۆ نەکراوە (سەر لە ئێوارەی دوێنێ)، پێویستبوو کاردانەوەی پۆلیس بۆ دامرکانەوەی کێشەکە بەوشێوەیە توند نەبوایە، چونکە لەو حاڵەتەدا مەترسیی هەڵاتن لە ئارادا نەبووەو لەناو هۆڵەکان بــووەو تەقەکانیش لە ســەربــانــەوە بە ئاراستەی ژوورەکان کراوە، بۆیە ئەگەر لە چوارچێوەیەی یاساشدا کاریان کردبێت، زیادەڕەوییان کـردووە لە بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیاندا».

هەروەک برای زیندانییەکە ڕەخنەی لەوەگرت، کە وردەکـاریـی کێشەکەیان پێناوترێت‌و ڕێشیان پێنادرێت بارودۆخ‌و تەندروستی کـوڕەکـەیـان بـزانـن‌و لە نەخۆشخانە چاویان پێی بکەوێت، وتیشی: «نەدەبوو بەوشێوە توندە ڕەفتاریان لەگەڵ بکرایە، بۆیە ئێمە بەنیازین داوای یاسایی تۆمار بکەین».



زیندانیی مەعەسکەر سەلام

## بە هەدەردانی سامانی وڵات شەفافییەتە یان کارەسات؟

# د. زانا رەئوف: دەبێت لێپێچینەوە لە حکومەت بکرێت

سازدانی، بەهادین یوسف

**د. زانا رەئوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان و ئەندامی لیژنەکانی نەزاهەو یاسایی، لە پەرلەمانی کوردستان، رەخنە لە وتەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەگرێت بەوەی، ناوهێنانی پرۆژەحیزبییەکانی لە بودجەی گشتیی هەرێمدا بەشەفافییەت ناوبردووەو دەپرسێت: «حکومەت سەرپشک نییە لەوەی کە بە ئارەزوی خۆی بارەگا بۆ حیزب بکاتەوە، کەواتە بەشێک لە شەفافییەت ئەوە نییە، سامانی وڵات بەهەدەربدرێت، ئایا بەهەدەردانی سامانی وڵات، شەفافییەتە، یان کارەساتەو دەبێت لێپێچینەوە بەرامبەر حکومەت بکرێت».**

**رۆژنامە: دوای ئەو هەموو گفتوگۆیەی لەسەر پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠) کراو دواخستنی گفتوگۆکردن لەسەری بۆ دوای هەڵبژاردن، چارەنووسی چی لێدێت، دەگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت، یان لەپەرلەماندا گفتوگۆی کۆتایی لەسەر دەکرێت؟**

* تا ئێستا لەحاڵەتی گفتوگۆکردندا بووین لەسەر پرۆژەیاسای بودجەو گەیشتبوینە مادەی(١٨)، دەرنەکەوتنی ناوەڕۆکی ئەو پرۆژانەو بەفیرۆدانی سامانی وڵات کە لە بودجەکەدا پەردەپۆشکرابوو، ئەمە وایکرد کە بەشێکی پەرلەمانتاران، جگەلە ئۆپۆزسیۆن، ئەو دەنگە لەناویاندا دروست بێتەوە کە جارێکی تر بودجەکە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بۆیە وەکو پێشنیازێکی کاتی، گفتوگۆکردن دەربارەی بودجە وەستێنرا، بۆ دوای هەڵبژاردنەکان، بەو ئاقارەدا دەڕوات کە گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆژەیاساکە تەواو بکرێت، رەنگە بیروڕای دەستەی سەرۆکایەتی بەو ئاراستەیەدا بڕوات، جارێکی تر ژمارەیەک پەرلەمانتار کە داکۆکی دەکەن لە پرۆژەکەو ژمارەیەکی تر کە داکۆکی دەکەن لەوەی پرۆژەکە بڕواتەوە بۆ حکومەت، هەریەکەو پێشنیازی خۆیان دەخەنەڕوو، دەنگدانی لەسەر دەکرێتەوە، لەبەرئەوە، ئەگەری گەڕانەوەی بۆ ناو حکومەت لە ئارادایە کە پێویستی بە دەنگدانی پەرلەمانتاران هەیە، چونکە بودجە بۆ رێکخستنی سامانی وڵاتە، بەڵام ئەم پرۆژەیاسایە فەوتاندن و لەناوبردنی داهاتی وڵاتە کە بەشێوەیەکی تەندروست پارەکان سەرف ناکرێن.

**رۆژنامە: پێشتر، زۆرینەی پەرلەمانتاران دەنگیان بۆ ئەوەدا کە بودجەکە نەگەڕێنرێتەوە بۆ حکومەت، دوای زیاتر روونبوونەوەی کەموکورتییەکان، دەکرێت جارێکی تر، دەنگ لەسەر ئەوە بدرێتەوە کە پرۆژەکە بنێررێتەوە بۆ حکومەت؟**

* راستە پەیڕەوی ناوخۆ، شێوازێکی داناوە بۆ ئەم حاڵەتە، بەڵام لەبەرئەوەی لەبەردمی پەرلەمانتاراندایەو بڕیاردەری یەکەمو کۆتایین لەسەر ئەم حاڵەتە، شتێکی زۆر ئاساییە کە دوای ئەوەی، هەندێک زانیاریی وردتر روونەبنەوەو لەم حاڵەتەدا، فەزڵی دەستنیشانکردنی ئەم هەڵانە لەبودجەکە دەگەڕێتەوە بۆ فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، شتێکی زۆر ئاساییە کە پاش دەستنیشانکردنی ئەم هەموو کەلێنە، هەندێک ژمارە هەیە لەناو ئەم یاسایەدا، گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەکاتێکدا دەڵێیت، زیاتر لە سێ تریلیۆن تەرخانکراوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان، بەڵام بەشێکی ئەو پرۆژانە رەتدەکرێتەوە، چونکە پرۆژەی وەهمین، یان پێشتر تەواوکراون، یان بۆ کەرتی تایبەت، دەبێت دەستکاری ئەو ژمارەیە بکەین، بەهەمانشێوەی بودجەی تەشغیلی کە بڕێک پارە تەرخاندەکرێت بۆ کادیری حیزبی، پێویستە ئەم بڕە پارەیە نەمێنێت و کە نەما، بودجەی تەشغیلی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کەواتە لە کۆی گشتیدا دەستکاری ئەو بڕانە کراوە لەهەردوو پایە سەرەکییەکەداو کە دەستکاری ئەمانەکرا، کەواتە ئاساییە ئەم پرۆژەیە بگەڕێنیتەوە بۆ حکومەت لەپێناوی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ژمارەکان و پێداچوونەوەی.

**رۆژنامە: فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن و بە تایبەتی گۆڕان، چەندین پارەیان ئاشکراکرد کە بۆ پرۆژەی حیزبو بەرژەوەندیی تایبەتیو حیزبی خەرجکرابوون، زۆرینەی را لەسەر ئەوەبوو، ئەم پرۆژانە لاببرێن، ئەم کەلێنانە چۆن چارەسەردەکرێن، پەرلەمان دەسەڵاتی موناقەلەی هەیە، یان ئەو دەسەڵاتە دەدرێتەوە بە حکومەت؟**

* هەموو ئەو کەلێنانەی کە پارە بۆ پرۆژەی تایبەت، یان پرۆژەی حیزبی یان پرۆژەی تەواوکراو دانراوە، نەمانتوانی هەموو ئەوانە، هەڵبوەشێنینەوە، چونکە خرایە دەنگدانەوەو فراکسیۆنی دەسەڵات داکۆکی لەسەر دەکرد کە بمێننەوە، بەدەنگدان نەیانهێشت، دەستکاری بکرێت، بەڵام بەشێکیشیمان پێهەڵوەشاندنەوە، بەداخەوە، بینیمان بەشێک لە پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی دەسەڵات، داکۆکییان لە پرۆژەیەک دەکرد کە سوودەکەی لە بەرژەوەندیی هیچ هاوڵاتییەکدا نەبوو، لە پرۆژەیاساکەدا هەندێکیان دەستنیشانکردبوو کە چارەنووسیان چی لێدێت، بۆ نموونە، لەناو پێشنیازەکاندا ئەو پارانەی لەو پرۆژەوەهمیانە گلدەدرێنەوە، ئەوانەی کە تەواوکراون، یان بۆ کەرتی حیزبی تەرخانکراون، دەگەڕێنرێنەوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەهەمان پارێزگادا بێئەوەی دەستنیشانی بکات، خودی پرۆژەکەو تێچوونەکەی چەندە، بەشێکی تریان چارەنوسی دیارنییە، بۆ نموونە ئەو بڕە پارەیەی بۆ نۆژەنکردنەوەی یاریگای شەعب، دانرابوو، وتیان، پرۆژەکە دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی گشتیو وەزارەتی دارایی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی ترە، کاتێک ئەو بڕە پارەیە دەگەڕێتەوە بێئەوەی دەستنیشانی بکەی، ئەم بڕە پارەیە، چۆن خەرجدەکرێت، نابێت دەسەڵاتێکی رەها بدرێتە وەزارەتی دارایی کە بە ویستی خۆی سەرفی بکات، پێویستە پێشوەخت دەستنیشانی بکات، ئەمەش یەکێکە لەو هەڵانەی تر کە هەیە، کاتێک لە پرۆژەیەکی حیزب، پارەیەک گلدەدرێتەوە، دەدرێتە پرۆژەیەکی ترو مادام هیچ لایەنێکی ئەو پرۆژەیە دیارنییە، جارێکی تر گومانەکان دووقاتو سێ قات دەبنەوە، رەنگە ئەم پارەیە لە پرۆژەیەکدا سەرفبکرێت کە لە سوودی گشتیدا نەبێت.

> **لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت، بەردی بناغەی زانکۆیەک دابنێت، پێش ئەوەی لەناو بودجەکەدا پەسەندبکرێت، کە ملیارەها دیناری تێدا خەرجدەکرێت، ئەی بۆ ناتوانێت مووچەی زیادکراوی (٢٠) هەزار دیناری کەمئەندامان بدات**

**رۆژنامە: دەسەڵات قسەیەک دەکات کە دواخستنی بودجە دەبێتە هۆی دواکەوتنی زیادکردنی موچەی شەهیدان و قوربانییان و پەککەوتنی چەندین پرۆژەو دانەمەزراندنی خەڵک و بێکاریی، لێکدانەوت چییە، لەکاتێکدا ساڵانی پێشوو، مانگی حوزەیران لەپەرلەمان بودجە پەسەند دەکرا؟**

* ئەم قسەیە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە، لەبەرئەوەی خودی حکومەت بودجەی درەنگ نارد بۆ پەرلەمان، ئەو بڕە پارەیەی کە حکومەت پێشنیازیکردووە، بۆ زیادکردنی موچەی شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەمئەندامان، زۆر کەمەو ناتوانێت بژێوی ژیانی ئەوکەسانە بەرەو ئاستێکی باشتر ببات کە زۆرترینیان لە نێوان (١٥٠)هەزار، بۆ (٢٠٠)هەزار زیاد دەکات، لەکاتێکدا فراکسیۆنی گۆڕان پێشنیازمانکرد، ئەو بڕە پارەیە دووقاتی زیادکردنەکە بێت، خودی حکومەت کە بانگەشە دەکات بۆ ئەوەی کە موچەی شەهیدانی زیادکردووە، کەمتەرخەمە بەوەی بڕێکی کەمی زیادکردووە، شەهیدی هاوڵاتی تەنها (٥٠) هەزاری بۆ زیادکراوە، لەکاتێکدا ئێمە داوامانکرد ئەو زیادکردنە لە (١٠٠)هەزار زیاتر بێت، یەکێکی تر لەکارەساتەکان ئەوەیە کە موچەی کەمئەندامان لە (٣٠) هەزارەوە کراوە بە (٥٠)هەزار، ئەمە خۆی کارەساتە کە بڵێیت موچەم زیادکردووەو بیکەیتە منەتێک بەسەریانەوە، لەلایەکی ترەوە، حکومەت دەتوانێت، لە (١٢)بەش (١)بەشی بودجەی ساڵانە خەرجبکات، کۆی گشتی زیادکراوەکانیش لە موچەی شەهیدان و کەمئەندامان و ئەنفالکراوەکان، ناگاتە (٠,٥٠٪)ی بودجەی گشتیی، کەواتە حکومەت دەیەوێت، ئەم رێژە بچوکەی زیادکردن، بکاتە پاساوێک بۆ ئەوەی پەردەپۆشی بەفیڕۆدانی زیاتر لە ١٠٪ی بودجەی هەرێمی کوردستان بکات و بەرەو شوێنێکی نادیاری ببات، پاساوەکەش بخاتە ئەستۆی پەرلەمان کە ئەمە بەدەرەنجام، حکومەت خۆی بەپرسیارە، شەڕی ئێمە لەسەر کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و هاوڵاتییانی بێنەوای ئەم هەرێمەیە، بەڵام دەسەڵات و حکومەت دەیانەوێت، ئەمە بکەنە پەردەپۆشێک بۆ شاردنەوەی بڕێکی تر لەپارەکان کە ئێمە بەهەموو شێوەیەک رێگری لێدەکەین.

پرسیارێکی تر ئەوەیە لە کاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت، بەردی بناغەی زانکۆیەک دابنێت، پێش ئەوەی لەناو بودجەکەدا پەسەندبکرێت، کە ملیارەها دیناری تێدا خەرجدەکرێت، ئەی بۆ ناتوانێت مووچەی زیادکراوی (٢٠)هەزار دیناری کەمئەندامان بدات، ئەمە یەکێکە لەو شتانەی کە خۆدزینەوەی حکومەتە لەبەرامبەر بەرپرسیارێتییەکانی.

**رۆژنامە: لەکۆی قسەکاندا ئەوە دەردەکەوێت کە ئێوە دەتانەوێت، قوتی خەڵک بگەڕێننەوە، نەک تەنها بۆ بانگەشە، ئەمە بکەن؟ حکومەت و دەسەڵات ویستیان بۆ بانگەشە بەکاریبهێنن؟**

* خودی تەوقیتی ناردنی پرۆژەکە بە ئاشکرا دیاربوو، ئامانج لێی بانگەشەی هەڵبژاردنە، چونکە فراکسیۆنی گۆڕان لەمانگی (تشرینی یەکەم)دا یاداشتمان داوەتە سەرۆکایەتیی پەرلەمان و داوامانکردووە، لەکاتی خۆیدا ئەو بودجەیەی خەمڵێنراوە، بنێرێت کە دەنگو باسی هەڵبژاردنەکان نەبوو، کەواتە خودی حکومەت ویستی بۆ بانگەشە بەکاریبهێنێت، نەک ئێمە، بەڵام وایزانی، بەهەمانشێوەی کە خۆیان پێشنیازیانکردووە، بۆی تێدەپەڕێنرێت، بەڵام نەیزانی خەڵکێک هەیە رێگانادات ئەم پرۆژەیە بەو ئاراستەیەدا پەسەندبکرێت کە بەفیڕۆدانی سامانی وڵاتی تێدایە، دەبێت لەمەودوا لێپرسینەوە بەرامبەر دینار بەدیناری ئەو بودجەیە بکرێت.

**رۆژنامە: جگە لەو بودجانەی بۆ پرۆژەکانی حیزب تەرخانکراون، باسی ئەوە دەکرێت کە بەشێکی زۆری داهاتەکانیش دیار نیین؟ ئەمە چۆن چارەسەر دەکرێت؟**

* ئەو لیستەی لەلایەن حکومەتەوە پێشنیازکراوە، داهاتی خەمڵێنراوە بۆ ساڵی (٢٠١٠)و بەهەموو پێوەرێک لەجێی خۆیدا نییە، بەراوردیش بکەین بە ساڵی (٢٠٠٩)، جیاوازییەکی زۆر بەدیدەکرێت، هەندێک لە وەزارەتەکانیش بێئاگایی خۆیان دەردەبڕن دەربارەی ئەم حاڵەتە، بۆ نموونە، بۆ ساڵی (٢٠٠٩) داهاتی وەزارەتی سامانەسروشتییەکان (١٨)ملیۆن دینار بووە، بۆ ساڵی (٢٠١٠) بە (٨٩٠)ملیۆن دینار خەمڵێنراوە، ئەم پرسیارەمان لە وەزیری سامانە سروشتییەکان کرد، بێئاگایی خۆی دەربڕی، لەهەموو حاڵەتێکدا ناکرێت، داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان تەنها (١٨)ملیۆن دیناربێت بۆ (٢٠٠٩) لەکاتێکدا لەبازاڕەکانی جیهاندا نرخی بەرمیلێک نەوت (٨٠)دۆلارە، ئەمە پارەی چەند بەرمیلێک نەوت دەکات، ئاستی وەبەرهێنانی نەوت لەهەرێمدا (٥٠)هەزار بەرمیلە لە رۆژێکدا.

لەلایەکی ترەوە، ئێستا لەهەرێمی کوردستاندا، دوو پاڵاوگە هەن لە هەولێرو بازیان کە حکومەتی ناوەند دروستی کردوون، بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەباو بەپێی زانیارییەکان، ئەم پاڵێوگایانە تەنها گازوایل بەرهەمدەهێنن، ئەو پێکهاتانەی تر کە دەمێننەوە، لە بەنزین و گازی سروشتی، بەتەنکەر دەبرێنە ئێران و دەفرۆشرێن، تەنی بە (٣٥٠)دۆلار، بەڵام لە بودجەدا هیچ حیسابێکی ئەم داهاتە نەکراوەو نەخراوەتە چوارچێوەی داهاتەکانی حکومەتەوە.

**رۆژنامە: ئەگەر دوای گفتوگۆکان، بودجە خرایە دانگدانەوەو بە زۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، ئێوە بەدیلتان چییە، بۆئەوەی سامانی گشتیی وڵات بەفیڕۆ نەدرێت؟**

* لە قۆناغی یەکەمدا، خەڵکی لێ ئاگادار دەکەینەوە، ئەو پرۆژانە بۆ خەڵک دەستنیشان دەکەین کە لە بەرژەوەندیی تایبەتیدان، هەروەها لە رێی لیژنەکانەوە بەدواداچوون دەکەین و چاوەڕوانی حساباتی خیتامی (٢٠٠٩) دەکەین کە دوا وادەی (٢٠١٠/٤/١٥)یە، هەروەک ئێمە رێگا نادەین و دەبێت قەناعەت بە ئەندامانی تری پەرلەمانیش بکەین کە دەبێت بودجە لە بەرژەوەندیی گشتیدا سەرفبکرێت.

پێم سەیرە، سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەڵێت بەشێک لە شەفافیەتی بودجە ئەوەیە کە پرۆژە حیزبییەکانمان باسکردووە، ئەمە کارەساتە، سەرۆکی حکومەتدا بەو ئاراستەیە بیربکاتەوە، پرۆژەی حیزبی چی دەکات لەناو بودجەی گشتیدا، سەرۆکی حکومەت لەخۆی نەپرسی کە ئایا تەنها بوونی پرۆژەی حیزبی لەناو پرۆژەی بودجەدا بەڵگەیەکی تەواو نییە لەسەر تێکەڵاوکردنی بودجەی حیزب و حکومەت، بۆیە حکومەت سەرپشک نییە لەوەی کە بە ئارەزوی خۆی بارەگا بۆ حیزب بکاتەوەو دەپرسم، ئایا بەفیڕۆدانی سامانی وڵات و خەرجکردنی بۆ پرۆژەی حیزبی و وەهمیی شەفافییەتە؟، یان کارەساتەو دەبێت، لێپێچینەوە بەرامبەر حکومەت بکرێت.



د. زانا رەئوف

# حیزبی ئەنتیکەخانە

**مەهدی ئەبوبەکر**

ئەوەی ئەم ماوەیە لە یەکێتیمان بینی کەس سەری لێدەرناکات! ئەو حیزبە لەکاتی بانگەشەو تەنانەت پێش بانگەشەش بە پارەو ئیمتیازات، ئەگەر نەیخوارد، ئـەوا بە شەقو تێهەڵدان دەیویست دەنگی لایەنەکانی دیکە بەتایبەتی لیستی گـۆڕان بۆ خۆی بەرێت، ئەوەی تیلەی چاوێکی دابـێـتـە سیاسەتەکانی یەکێتی، لـەوە تێگەیشتووە ئـەوەی یەکێتی کردوویەتی سیاسەتی خۆسەپاندنو توندوتیژیی بێئەندازە بووە، هەندێک دەیانوت: یەکێتی ئەگەر وانەکات، ئەوا دەستی لە بنی هەمانەکەوە دەردەچێت، زۆرینەش ئەوەیان بەچاویدا دەدایەوە چۆن دەبێت حیزبێک کە دەیان ساڵە تەپڵی دیموکراسییو مافی مرۆڤی ناوەتە بندەستی، ئـاوا بەوشێوەیە ڕەفتار بکات؟ کەچی یەکێتی نەک لـەو ڕەفـتـارانـە نـەکـەوت، بەڵکو وەک شەقوەشێنو دەستبڵاوی بەخشینەوەی پارەو پول مایەوە، لە میدیاکانیشیدا هێندە گوتارێکی توندی هەبوو، کە هەر چاودێرێکی دەخستە دڵە کوتکێ!، چونکە ئەوەی ڕاگەیاندنو بەرپرسەکانی یەکێتی بۆ وێناکردنی لیستی گـۆڕان بە دوژمـن کردیان، پێش ئەوەی زیان بە گۆڕان بگەیەنێت، زیانگەیاندنە بەوەی خۆیان ناویاناوە یەکڕیزیی گەل، زیانگەیاندنە بە ئاشتیی کۆمەڵایەتی. بەکردەوە یەکێتی بووە هۆکارێک بۆ شەقکردنی کۆمەڵگە، کە دوای شەڕی ناوخۆ زۆری ویست تاگەیشتە ئەوەی ئەم تۆزە متمانەیەی کە چەند ساڵێکە دروستبووە بە دەستبێتەوە.

زانیمان یەکێتی لەکاتی بانگەشەدا شەقی وەشـان، پـارەی بەشان، لە ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا زۆرترین ساختەکارییو گزیی کرد، چەندین وێستگەی دەنگدانی لە کەرکوک بە پـارەی کاش کڕی تا دەنگی کاشی تێدا مسۆگەر بکات، هەموو ڕێگەیەکی گرتەبەر تا چمکێکی لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، هەموو ئەوانەی کردی بە ڕەوای زانیو دەستی لێنەپاراست.

زۆرێـک وای بۆ دەچـوون ئەگەر بدۆڕێت، ئەوا سەری خۆی کزدەکاتو لە ڕاگەیاندنەکانییەوە نقە ناکات، ئەگەر سەرکەوتووش بێت، ئـەوا دێتەوە سەرخۆو گوتارە ئاگرینەکانی هێور دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی یەکێتی لە شەوی دەرچوونی ئەنجامە هەرە بەراییەکاندا کـردی مایەی سەر سوڕمان بوو، چونکە لە میدیاکانییەوە بەشێوەیەک لایەنگرەکانی هـانـدەدا، دەستوبرد هەڵکوتنە سەر بارەگاکانی گۆڕانو هەراسانیان بکەن، ئەوەی ئەو شەوە یەکێتی کردی بۆ تەقەکردنو هاندان مایەی سەرسوڕمان بوو، چونکە بە وتەی خۆیان سەرکەوتووبوون، ئایا سەرکەوتوو بۆ تەقە دەکاتو خوێنی بریندارو کوژراو دەکاتە ملی خۆی، ئایا حیزبێکی «مۆدرێنو سۆشیال دیموکرات»ی وەک یەکێتی، لە تەقەو کوشتوبڕ ڕێگەیەکی دیکە شک نابات بۆ دەربڕینی شادیی؟ ئەگەر دۆڕاویشن، «کە ئەوە ڕاستییەکەیە»، لە خۆشی چیدا تەقە دەکەن، ئاخر خەڵکینە کەستان بینیوە لەکاتی دۆڕاندا تەقەی خۆشی بکاتو لەگەڵیدا هەڵپەڕێت، بەڕاستی کـەس سـەر لـە یەکێتی دەرناکات، نازانرێ چۆن بەوشێوەیە شیرازەو باڵانسی لەدەستداوە، بۆیە هەق وایە موراجەعەیەکی ژیرانە لە ڕابـردووی نزیکی خۆی بکاتو بە شوێن چارەسەردا بگەڕێ بۆئەوەی نەبێتە حیزبێک کە لەجیاتی گۆڕەپانی سیاسیی خـۆی لە ئەنتیکەخانەدا بدۆزێتەوە.

## عومەر سدیق، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی:

# گۆڕان، ڕۆڵی بەرچاوی لە پەرلەماندا دەبێت

**سازدانی، پشتیوان سەعدوڵڵا**

**عومەر سدیق هەورامی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانی، پێیوایە؛ ئۆپۆزسیۆن ئەزموونێکی نوێیەو وا باشە هەموو لایەک لە دامەزراوە نیشتمانییەکانی کوردستانو حیزبە سیاسییەکانو میدیاو دامەزراوە مەدەنییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکەن، بۆئەوەی زووتر ئاوێتەی پرۆسەی سیاسی ببێت. هەروەک باس لەوە دەکات، پارتیو یەکێتی دوو حیزبی جیان، ئەندامانی پەرلەمان لە کوتلەی پارتیو یەکێتی لە پۆستو پلەی جیاجیای حیزبیو ئیدارییەوە هاتوونەتە پەرلەمان، بۆیە چاوەڕێدەکرێت لە هەندێک کاری پیشەیی پەرلەماندا، جیاوازی لەنێوان پەرلەمانتارانی پارتیو یەکێتیدا هەبێت.**


عومەر سدیق

**ڕۆژنامە: چ جیاوازییەک لەنێوان ئەم خولەی پەرلەمانو خولەکانی پێشوودا دەبینیت؟**

* خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لە هەلومەرجی سیاسیو ئابووریيو کۆمەڵایەتیی جیاواز لە خولی یەکەمو دووەم دروستبووەو کاردەکات، خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) دروستبوو و کاریکرد، لەوکاتەدا بـاری ئابووریی هەرێمی کوردستان خراپبوو، ڕاگەیاندنێکی بەهێزمان نەبوو، هۆشیاریی سیاسیی هاوڵاتییان لە ئاستێکی نزمدا بوو، ئەزموونی کاری پەرلەمانیی پێشتر نەبوو، ئۆپۆزسیۆن نەبوو، بە شێوەیەکی گشتیی پەرلەمانی کوردستان لە هەنگاوی یەکەمی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیدا بوو، لەم پێناوەشدا چەندین یاسای گرنگ لەم خولەدا دەرچـوون بۆ ڕێکخستنی کاروباری سیاسیو ئابووریيو ئیداریی هەرێم، لەگەڵ ئـەوەی شەڕی ناوخۆ گورزێکی بەهێزی لە خولی یەکەمدا، بەڵام نەیتوانی دوو پەرلەمان دروستبکات، هەرچەندە خولی دووەمـی پەرلەمان لە قۆناغی یەکخستنی ئیدارییو نەهێشتنی ئـاسـەواری شـەڕی نـاوخـۆدا کاریکرد، بەڵام چەندین یاساو بڕیاری گرنگی تێدا دەرچـوون، چاودێرییو بەدواداچوونی پەرلەمانیی بۆ کاروباری حکومەت بەدی دەکرا، خولی سێیەمی پەرلەمان لە دوای کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسیو ئابووریی کوردستانی دروستبووە، ئومێد دەکرێت، ئەم خولە تەواوکەری خولەکانی پێشوو بێت لە دانانی یاساو چالاکانە چاودێریی کاروبارەکانی حکومەت بکات، چونکە ئەزموونی دوو خولی ڕابـردوو هەیە، ئۆپۆزسیۆن هەیە، ڕاگەیاندنێکی بەهێز هەیە، ئاستی هۆشیارییو پێگەیاندنی سیاسی لە گەشەکردنو بەرەوپێشچووندایە.

**ڕۆژنامە: ئێستا هێزی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەماندا هەیە، بە بۆچوونی تۆ تاچەند ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە؟**

* ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان سێ فراکسیۆن ئۆپۆزسیۆنن، گۆڕانو کۆمەڵی ئیسلامییو یەکگرتووی ئیسلامیی، هەریەک لەم هێزانە جیاوازن لە کاری پەرلەمانیو ئۆپۆزسیۆنبوونیان، چونکە لە سێ هێزی سیاسیی جیاجیاوە دروستبوون، هەبوونی ئۆپۆزسیۆن یەکێکە لە پێویستییەکانی پرۆسەی دیموکراسیو ژیانی پەرلەمانیو ئەزموونێکی نوێیەو لە سەرەتایدایە. وا باشە هەموو لایەک لە دامەزراوە نیشتمانییەکانی کوردستانو حیزبە سیاسییەکانو میدیاو دامـەزراوە مەدەنییەکان مامەڵەی لەگەڵ بکەن بۆئەوەی زووتر ئاوێتەی پرۆسەی سیاسی ببێت.

**ڕۆژنامە: تاچەند کارابوونی پەرلەمان، پەیوەندیی بە فشارو هەوڵی فراکسیۆنی گۆڕانەوە هەیە؟**

* هـۆکـار زۆرن بـۆ بەهێزبوونو کـارابـوونـی پـەرلـەمـان، لـەوانـە بوونی ئەزموونی دوو خولی ڕابردوو و هەمەڕەنگی پێکهاتەی پەرلەمانو تواناو ئەزموونو پسپۆڕیی ئەندامانو ڕۆڵی سەرۆکایەتیی پەرلەمانو بوونی ڕاگەیاندنێکی بەهێزو بوونی ئۆپۆزسیۆن، بێگومان هەوڵو کاری هەموو فراکسیۆنەکانو فراکسیۆنی گۆڕانیش وەکو گەورەترین فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن، ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لەسەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی پەرلەمان.

**ڕۆژنـامـە: بەپێی پشتبەستن بە ڕوونـکـردنـەوەو هەڵوێستو لێدوانی سەرۆکایەتیو ڕاگەیاندنی پەرلەمان، جۆرێک لە لایەنگریو بەرگریی لە دەسەڵات دەبینرێت، بە بڕوای تۆ بۆچی تا ئێستا سەرۆکایەتیی پەرلەمانو ڕاگەیاندنەکەی بێلایەنیی خۆیان نەپاراستووە؟**

* تا ئێستا سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە مامەڵەی لەگەڵ هەموو فراکسیۆنەکان لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، سەرپەرشتیکردنی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان، ڕێکخستنی وەفـدو لیژنەی کاتی، لە لێدوانو ڕوونکردنەوە، هەوڵی داوە بێلایەنانە مامەڵە بکاتو ئەگەر چەند حاڵەتێکی لایەنگریی بەدیبکەین، مانای ئەوە نییە کە چەپو ڕاستێک بەسەر هەموو کارەکانیاندا بهێنین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە سەرۆکایەتیی پەرلەمان لە بێلایەنیی خۆیان بەردەوامبن.

**ڕۆژنامە: بەکارهێنانی پۆستێکی باڵای پەرلەمانی کوردستان بۆ هێرشکردنە سەر فراکسیۆنێک، تاچەند لادانـە لە یاساو ڕێساکانی پەرلەمانو چ زیانێک بە پەرلەمان دەگەیەنێت؟**

* هەر زیانێک بە هەر فراکسیۆنێکی پەرلەمان، یـان هـەر ئەندامێکی بگات، هەمووما‌ن تەحەمولی دەکەینو پێویستە بە هەموو لایەک بە ئەندامو سەرۆکایەتیی پەرلەمانیشەوە پابەندی یاساو پەیڕەوی نـاوخـۆی پـەرلـەمـان بین، چونکە ئەو یاساو پەیڕەوە کارو جووڵەمان لە ژیانی پەرلەمانیی ڕێکدەخاتو وا دەکات پێکەوە کار بکەین، بێگومان ئەگەر هەر لایەکمان کارێک بکەین، کـاردانـەوەی دەبێت، جا بۆئەوەی کارو کاردانەوەکانمان یاساییو ڕێسایی بن، پێویستە پابەندی یاسا بین.

**ڕۆژنامە: لە دانیشتەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی پەرلەماندا، جۆرێک لە جیاوازی لە هەڵویستی پەرلەمانتارانی پارتی لە پەرلەمانتارانی یەکێتی بەدیدەکرا، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

* پارتیو یەکێتی دوو حیزبی جیان، ڕاهێنانو پێگەیاندنی ئەندامانو کادیران لەو دوو حیزبەدا جیاوازیی هەیە، ئەندامانی پەرلەمان لە کوتلەی پارتیو یەکێتی گەورەبوونی ڕێکخستنەکانی ئەو دوو حیزبەن، لە پۆستو پلەی جیاجیای حیزبیو ئیدارییەوە هاتوونەتە پەرلەمان، بۆیە چاوەڕێدەکرێت لە هەندێک کاری پیشەیی پەرلەمان، نەک لەنێوان پەرلەمانتارانی پارتیو یەکێتی، بەڵکو لەنێو پەرلەمانتارانی خـودی پـارتـی، یـان یەکێتی جیاوازی هەبێت، ئەگەری جیاوازی لە هەڵوێستو کاری پەرلەمانی لە نێو ئەندامانی هەموو فراکسیۆنەکانی دیکەشدا هەیەو دەبینرێت، بەڵام ئێمە وەکو کوتلەی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، لە هەڵوێستی نیشتمانیو سیاسیو ستراتیژیی هاوپەیمانینو پابەندی ڕێکەوتنی ستراتیژیی حیزبەکەمانین لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

**ڕۆژنـامـە: ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانو بەتایبەتی گـۆڕان بـە دژی میللەت تۆمەتباردەکرێت، بە ڕای بەڕێزت کاتی ئەوە هاتووە بە چاوێکی دوژمنکارانەوە تەماشای ئەو ئۆپۆزسیۆنە نەکرێت؟**

* لیستی دەسـەڵاتو ئۆپۆزسیۆن، بەدەنگی میللەت هاتوونەتە پەرلەمانی کوردستانو پێویستە قسەو کردارمان بۆ خزمەتی هاوڵاتییان بێت، هـەردوولا لە سیستمی سیاسیی هەرێم بەشدارینو پێویستە لێپرسراوانە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەین، لە بەرژەوەندیی هەرێمدا نییە کە لیستی دەسـەڵات، یان ئۆپۆزسیۆن بەدوژمنی میللەت بناسێنین، چونکە بەم قسەو پەیامانە دووبەرەکیو دوژمنایەتی لە دەروونـی هاوڵاتییاندا دروستدەکەین، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان نییە، چونکە بە هەلومەرجێکی سیاسیو قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕدەکاتو لە هەنگاوی بەهێزکردنو گەشەپێدانی دامـەزراوە نیشتمانیو مەدەنیو ئابوورییەکانداین، پێویستە هەموو لایەک ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەینو ئاگاییو هۆشیاریی بە هاوڵاتییان بدەین.

**ڕۆژنامە: دەوترێت پەیوەندیی نێوان دەسـەڵاتو ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی کوردستاندا لاوازەو هـەردوولا لە دوو سەنگەری جیاوازدان، هۆکاری ئەمە چییە؟**

* پێویستە هەموو پرۆسەی سیاسیو کاری پەرلەمانیو حکومیو دادوەریـی لە خزمەتی هاوڵاتییانو هەرێمدا بێت، پەیوەندیی نێوان گروپی حکومەت پێکهێنەرو گروپی ئۆپۆزسیۆن لە سەرەتایدایە ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە، ئێمە هەموومان پێکەوە لە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان کـاردەکـەیـنو ئەندامانی پەرلەمان لە مـافو ئەرکی پەرلەمانییان یەکسانن، ئەگەر کەمێک لاوازیـی لە پەیوەندیی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هەبێت، هۆکارەکەی بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییەو هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات کێشەو ئاستەنگەکان نامێنن.

**ڕۆژنامە: پێویستە ئەو پەیوەندییە چۆن بێت؟**

* پێویستە یەکتر قبوڵبکەینو تەواوکەری یەکتر بین، ئێمە دوژمنی یەکتر نین، بەڵکو کێبرکێی سیاسی دەکەینو هەموومان بە ژیانی دیموکراسی ڕازین، لەپاڵ پابەندبوونمان بە دیموکراسیدا، نابێت ئەرکی نەتەوەییو نیشتمانیمان لەبیربکەین، میللەتێک، نەتەوەیەک چاوی لە دەستی ئێمەیەو مێژوو ئەمانە تۆماردەکات.

**لە بەرژەوەندیی هەرێمدا نییە کە لیستی دەسەڵات، یان ئۆپۆزسیۆن بەدوژمنی میللەت بناسێنین، چونکە بەم قسەو پەیامانە دووبەرەکیو دوژمنایەتی لە دەروونی هاوڵاتییاندا دروستدەکەین**

## ئیئتیلاف لە پاشەکشێدایە

# عەلاوی‌و مالیکی، شارە گەورەکان دەبەنەوە

**ڕاپۆرتی: هەستیار قادر**



ئەیاد عەلاوی



نوری مالیکی

بەپێی دەرئەنجامە بەراییە نارەسمییەکان، لیستەکانی عێراقییە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی‌و دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی زۆرینەی دەنگی پارێزگاکانی عێراق بەدەستدەهێنن‌و ئیئتلافی نیشتمانیش بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)ەوە لە پاشەکشێدایە.

لەگەڵ ئەوەی دەرئەنجامە بەراییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای چەند ڕۆژێکی دیکە ڕادەگەیەنرێت‌و بەپێی ئەو دەرئەنجامانەش (٣٢٥) کورسییەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو بەسەر لیستە براوەکاندا دابەشدەکرێن‌و ئەنجامە بەراییەکان، کە لە ناوەندەکانی دەنگداندا هەژمارکراوەو لەلایەن لیستەکان، یان ڕێکخراوەکانی تایبەت بە هەڵبژاردن بڵاوکراونەتەوە، لیستی نیشمانیی عێراقییە، ژمارە (٣٣٣) بووەتە موفاجەئەی ئەم هەڵبژاردنەو سەرکەوتنێکی بەرچاوی لە هەندێک لە پارێزگاکانی عێراق بەدەستهێناوە، دەرئەنجامە بەراییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە لیستی نیشتمانیی عێراقییە، کە هەریەک لە حیزبەکانی تاریق هاشمی‌و ئوسامە نجێفی لە خۆدەگرێت، لە پارێزگای موسڵدا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، کە بە دووەم پارێزگای گەورەی عێراق هەژمار دەکرێت‌و (٣١) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەراندا دەبێت، ئەوەش جۆرێکە لە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی سەرکەوتنی لیستی حەدبا بەسەرۆکایەتی ئەسیل نجێفی، پارێزگاری ئێستا، کە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/١/٣١ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا تۆماریکرد، بەهەمانشێوە دەرئەنجامە بەراییەکان ئاماژە بە سەرکەوتنی لیستی نیشتمانیی عێراقییە دەکەن، لە هەریەکە لە پارێزگاکانی ئەنبارو سەلاحەدین، ئەمە جگەلەوەی ڕکابەرییەکی توندی لیستە شیعەکانی دیکەشە لە بەغداو بەسرەو دیالەو پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا.

پارێزگای بەغدا، کە یەکەم پارێزگای عێراقە لەڕووی زۆریی دانیشتووان‌و کورسییەکانییەوە ڕێژەی کورسییەکانی (٦٨) کورسییە بۆ (٤) میلۆن دەنگدەری ئەو پارێزگایە، دەرئەنجامە بەراییەکان تیایدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن؛ کە ڕکابەری بەدەستهێنانی یەکەمی لەنێوان هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییەدایەو بۆ پلەی دووەمیش لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی زۆرترین چانسی هەیە.

ناوچەی سەدری ئەو شارەش، کە شیعەنشین بووەتە گۆڕەپانی گەورەترین ململانێی نێوان ئیئتیلافو دەوڵەتی یاسا.

پارێزگای بەسرەش، کە بە پلەی سێیەم دێت لەسەر ئاستی عێراقدا لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوەو (٢٤) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی بۆ دانراوە، دەرنجامە بەراییەکان ئاماژە بە سەرکەوتنی لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی دەکەن، بەدوایدا لیستی عێراقییە لە پلەی دووەم دێت‌و لیستی ئیئتیلافیش بەپلەی سێیەم دێت، ئەمجۆرە ریزبەندییەش بەشێوەی جیاجیا لە پارێزگاکانی دیکەی ناوەڕاست‌و باشووری عێراق دووبارەبووەتەوەو لە پارێزگای دیوانییەو کەربەلا ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن؛ کە لیستی دەوڵەتی یاسا یەکەم‌و ئیئتیلاف دووەم‌و عێراقییە سێیەم بن‌و پارێزگای نەجەفیش لەنێوان دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافدا بۆ یەکەمبوونی یەکێک لەو لیستانە یەکلایی نەبووەتەوە.

پارێزگای دیالەش، کە بە پارێزگایەکی تێکەڵ لە شیعەو سوننەو کوردو تورکمان دادەنرێت‌و (١٣) کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوودا دەبێت، دەرئەنجامە بەراییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە چانسی لیستی عێراقییەو ئیئتیلاف بۆ بوون بە لیستی براوەی ئەو پارێزگایە زۆر نزیکەو بەدوایاندا هەریەک لە لیستی بەرەی تەوافوق‌و لیستی یەکێتی عێراق بەپلەی سێیەم‌و چوارەم دێن.

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا (٤٩٤) هەزارو (٥٧٧) چاودێری ناوخۆیی‌و نێودەوڵەتی‌و نوێنەری لیستە سیاسییەکان چاودێریی پرۆسەکەیان کردووە، (١٢٠٠) ڕۆژنامەنووسی عێراقیی‌و (٨٠٠) ڕۆژنامەوانی بیانی ڕووماڵی پرۆسەی دەنگدان‌و بانگەشەی هەڵبژاردنیان کردووە.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ‌و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەش (٥) ملیۆن پۆستەر لە سەرانسەری عێراق لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا دابەشکراوە، یان هەڵواسراوەو پرۆسەی بانگەشەی لیست‌و پاڵێوراوەکانیش لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن‌و ڕۆژنامەو ڕادیۆکان‌و کۆمپانیاکانی مۆبایلیش بە گەورەترین پرۆسەی بانگەشە دادەنرێت لە مێژووی نوێی عێراقداو زیاد لە (نیو ملیار) دۆلاری تێچووەو لەم هەڵبژاردنەدا (٦١٧٢) پاڵێوراو، کە (١٨٠٣) یان ژنن، لە نێو (١٦٥) کیانی سیاسیی لەنێو (١٢) ئیئتیلافدا ڕکەبەریان کرد بۆ بەدەستهێنانی کورسییەکانی ئەنجومەنی داهاتووی نوێنەرانی عێراق، کە (٣٢٥) کورسییە.

## چاودێری دارایی عێراق:

# پەرلەمانتاران، مووچەی پاسەوانەکانیشان وەرگرتووە

**ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە**



ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

بەپێی ڕاپۆرتێکی دیوانی چاودێری دارایی عێراق، ڕەخنە لە سەرفکردنی مووچەی پاسەوانی پەرلەمانتارەکانی بەغدا دەگرێت‌و ئاماژە بەوەشدەکات؛ کە پەرلەمانتاران هیچ نووسراوێکی ڕەسمییان پێشکەش نەکردووە، کە بیسەلمێنێت ئەو پاسەوانانەیان پارەیان وەرگرتووە.

بەپێی ڕاپۆرتی وەرزی یەکەمی دیوانی چاودێری دارایی (٢٠٠٩)، کە مانگی کانوونی دووەم تا (٣١)ی مانگی ئازار دەگرێتەوە، ئاماژە بەوەکراوە؛ ئەو بڕە پارەیە تەسفیە نەکراوە، کە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەک پێشینە بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل وەریانگرتووەو بڕەکەی (٢٦) ملیارو (٨٠٦) ملیۆن دینارە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، جیاوازی ئەو پارەیەی کە وەک سلفە درابوو بە ئەندام پەرلەمانەکان بۆ کڕینی ئۆتۆمبێل مانگی ڕابردوو و لێیان وەرگیرایەوە، چەندین بڕی پارەی جیاواز وەک هاوکاریی بۆ ژمارەیەک ڕێکخراو سەرفکراوە بە مەبەستی دابەشکردنی بەسەر کەسانی شایستەدا، بەبێ ئەوەی لە ناونووسکردنی ئەو ڕێکخراوانە لە بەڕێوەبەرێتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دڵنیاببنەوەو هیچ بەڵگەیەکیش لەبەردەستدا نییە، کە ڕاستی سەرفکردنی ئەو پارانە لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بسەلمێنێت‌و بڕی (١٠٠) ملیۆن دیناریش بۆ ڕێکخراوی (أهل العراق للاغاثة واالتنمية) سەرفکرا، کە چەکی ئەو پارەیە بەناوی ڕێکخراوەکە بووەو دواتر بەبێ دیاریکردنی هۆیەکەی چەکەکە کراوە بەناوی سەرۆکی ڕێکخراوەکەوە.

بەشێکی دیکەی تێبینییەکانی ئەو ڕاپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی عێراقی تایبەتە بە مووچەی پەرلەمانتارانی عێراق‌و تیایدا ئاماژە بەوەکراوە؛ کە هیچ بەڵگەیەکی یاسایی نییە، کە ڕێبدات بە ئەنجامدانی گرێبەست لەنێوان سەرۆکی پەرلەمانی عێراق‌و پەرلەمانتاران، لەگەڵ ئەو (٣٠) پاسەوانەی بۆیان دانراوەو هیچ ڕێگەپێدراوێکیش نییە بۆ پەرلەمانتارەکان، کە لەبری پاسەوانەکان ئیمزای ئەو گرێبەستە بکەن‌و پێویستە ئەو گرێبەستانە لەلایەن ئیدارەی دیوانی ئەنجومەنی نوێنەرانەوە لەگەڵ پاسەوانەکان بەپێی گرێبەستی ڕێکخراو ئەنجام بدرێت.

پەرلەمانتاران لەبری ئەو (٣٠) پاسەوانەی، کە بۆ هەریەکەیان دانراوە مووچەکانیان وەرگرتووەو هیچ بەڵگەیەکی یاساییان نەخستووەتەڕوو، کە بیسەلمێنێت پاسەوانەکانیان ئەو پارەیەیان وەرگرتووە. ئەمەش بووەتە هۆی قورسبوونی پرۆسەی چاودێریی‌و کۆنترۆڵکردنی‌و لەوڕێگەیەوە لێکۆڵینەوەش لەو دۆسیەیە کراوەو بۆیان دەرکەوتووە، کە (١٥٦) ئەندام پەرلەمانی عێراق گرێبەست‌و کەشفێکیان سەبارەت بە ناوی پاسەوانەکانیان ئاشکرا نەکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە پارەکەیان وەرگرتووەو بەوهۆیەشەوە دیوانی چاودێری دارایی داوایکردووە پارەی پاسەوانەکانی پەرلەمانتاران سەرف نەکرێت تا ئەو پێویستیانە نەهێنن، ئەمە جگەلەوەی کە هەندێک لە پاسەوانی پەرلەمانتارەکان بە تەنسیب لە نووسینگەی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتی بەرگریی‌و ناوخۆ نێردراون‌و سەرفکردنی پارەی ئەو پاسەوانانەش دووفاقیی لە سەرفکردنی مووچە دێنێتەکایەوە.

یەکێک لە تێبینییەکانی دیکەی دیوانی چادێری دارایی لەسەر مووچەی پەرلەمانتارەکانی عێراق تایبەتە بەو پەرلەمانتارانەی کە پێشتر لە کۆمەڵەی نیشتمانیی بوون‌و خانەنشینکراون، کە مووچەی ئێستای پەرلەمانتاری‌و مووچەی خانەنشینی وەردەگرن‌و لەوبارەیەوە نووسیویەتی: «بەپێچەوانەی حوکمەکانی بەندی دووەمی فەرمانی ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠٠٥)، سەرفکردنی مووچەی هەندێک پەرلەمانتار بەدیکراوە، کە پێشتر وەک ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانی خانەنشینکراون، کە ئەمەش دووفاقیی لە سەرفکردنی مووچەدا دروستدەکات‌و پێویستە دەستەی خانەنشینی نیشتمانیی بدوێنن، بە مەبەستی ڕاگرتنی مووچەی خانەنشینییەکەیان‌و گەڕاندنەوەی ئەو مووچەی خانەنشینانەی، کە لە بەرواری وەرگرتنی مووچەی پەرلەمانتارەکانەوە وەریانگرتووە.

## سەرۆک کۆمار، پەرلەمانو وەزارەت...

# چ پۆستێک گرنگترە کورد لە بەغدا وەریبگرێت؟

راپۆرتی: هەستیار قادر



### بێبەرنامەیی لە وەرگرتنی پۆستەکان

پۆستە وەزارییـەکـان لە حکومەتی پێشووی نوری مالیکی سەرۆک وەزیراندا، لەسەر بنەمای هاوپشکی تاییفی یان وەک خۆیان دەڵێن هاوپشکی هەڵبژاردن لە غیابی رۆڵی پەرلەمانی کوردستانو وەرگرتنی رای پسپۆرانی سیاسییو نەبوونی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی بووە لە هەرێم، کە ئەمەش وایکردووە وەزارەتو پۆستەکان بەپشتبەستن بە لۆژیکی سوودبینین نەبووە لەو پۆستانە، بەڵکو لەسەر بنەمای رێکەوتنی شیعەکان لەگەڵ کورد لەلایەکو رێکەوتنی دوولایەنە کوردییەکە لە بەغدا بووەو لەگەڵ روونبوونەوەی رووخساری پێکهاتەی حکومەتی داهاتووی عێراقیش ئەم پرسە دەخرێتە بەردەم نوێنەرانی کورد بە سەرجەم لایەنەکانیانەوە.

بە رای د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی لە پەرلەمانی عێراق؛ یەکێک لە کێشەکانی هەرێم نەبوونی بەرنامەیەکی ستراتیژیی رۆشـنـە بۆ دیاریکردنی ئایندەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوی پرۆسەی سیاسیی عێراقداو یەکێتیو پارتیش بەرپرسی یەکەمن لەم کێشەیەدا، وتیشی: «پێویستە لە وەرگرتنی پۆستەکاندا حکومەتی داهاتووی عێراق پرس بە پەرلەمانتارانو کەسانی پسپۆڕ بکات، دەبێت کورد لە بەغدا پێ لەسەر ئەو شوێنانە دابگرێت کە قازانجە بۆ دۆسیەی کوردو بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان».

نەبوونی ئـەو ستراتیژە رۆشنەش لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کورد لە وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی بەغدا، هاوکاتە لەگەڵ هـەڵـەی کـورد لە گەورەکردنی هاوکێشە تاییفییەکە لە بازنەی کوردو عەرەب بۆ بازنەی کوردو شیعەو سوننە.

ئەحمەد شـەبـەک، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بە پێویستی دەزانێت؛ لە وەرگرتنی پۆستەکانی عێراقدا لەسەر بنەمای نەتەوەیی کـوردو عـەرەب کار بکات، نەک بنەمای شیعەو سوننەو وتی: «ئەگەر کورد بەرامبەر بە شیعەو سوننە پۆستی پێبدرێت، زیانی لێدەکەوێتو کوردیش دەسەڵاتی خۆی لە بەغدا لەدەستدەدات».

### لەنێوان سەرۆک کۆمارو سەرۆکی پەرلەماندا

وەرگـرتـنـی پـۆسـتـی سـەرۆک کۆمار لەلایەن کـوردەوە ئەوکات وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی سەیردەکرا، بەڵام بێدەنگبوونی شیعەو سوننە لەو پۆستە بێهۆ نەبووەو بە خوێندنەوەی دەستووری عێراق کە لە عێراقی پەرلەمانی فیدراڵیدا سەرۆک وەزیران زۆربەی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن دەچنێتەوەو دەسەڵاتەکانی سـەرۆک کـۆمـار لـەنـێـوان پۆستێکی تەشریفاتیو کێشمەکێشمی مەرسومی کۆماریدا، تەنیا دەسەڵاتی مافی ڤیتۆ بووە، ئەمە جگە لەوەی کە هەموو ئاماژەکانو گـوتـاری سیاسیی سوننەکانو شیعە هاوئاوازەکانی کوردیش بەرەو ئەوەیە، کە لە خولی داهاتوودا دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار کەمبکەنەوە تا ئەو ئاستەی مافی ڤیتۆو رەتکردنەوەی یاساکانیشی لێوەربگیرێتەوە، لەکاتێکدا عێراق هێشتا لە قۆناغی بنیادنانی یاساییدایەو هەمواركردنی دەستووریش مەترسییەکی دیکەیە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی کورد لە دەستووردا.

بە بـڕوای د.محەمەد ئەحمەد؛ لە عێراقێکی پەرلەمانیی دیموکراتیدا پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە سەرۆک کۆمار گرنگترە بۆ کـورد، بەوپێیەی بە وتەی نـاوبـراو؛ کۆمەڵێک لە دەسەڵاتەکان لە سەرۆک کۆمار دەسەنرێتەوە.

### جێگری سەرۆک وەزیران

یەکێک لەو پۆستانەی کە لەسەرەتای پێکهێنانی حکومەتی عێراقیدا کورد شانازیی پێوە دەکـرد، پۆستی جێگری سەرۆک وەزیـران بوو، کە ئەوکات وەک سەرۆک وەزیرانێکی دیکە پیشاندەدرا، لەکاتێکدا کە لە دەستووردا دەسەڵاتی جێبەجێکردن وەک ئەنجومەنی وەزیــران باسکراوەو فەرماندەیی هێزە چەکدارەکانیش دراوەتە دەست خودی سەرۆک وەزیرانو بەسەر جێگرەکانیدا دابەشنەکراوە.

ئەحمەد شەبەک، ئاماژە بەوەدەکات؛ بڕیارەکان لە ئەنجومەنی وەزیــران بە زۆریـنـە دەدرێــتو «جێگری سـەرۆک وەزیران دەسەڵاتی بڕیاردانی نییەو وەک وەزیرەکانی دیکە مامەڵە لەگەڵ دەنگەکەیدا دەکرێت لەو ئەنجومەنەدا».

### وەزارەتەکان

لە ئێستادا کورد وەزارەتەکانی ژینگە، سەرچاوەئاوییەکان، پیشەسازییوکانزاکان، شارەوانییەکان، دادو دەرەوەو یەکێک لە وەزارەتەکانی دەوڵەتی بەدەستەوەیەو لەنێویاندا تەنیا وەزارەتــی دەرەوە بە وەزارەتی سیادی هەژماردەکرێت.

وەرگرتنی ئەو وەزارەتانە کە زۆربەیان لە چوارچێوەی وەزارەتی خزمەتگوزاریی دەخولێنەوە، لەماوەی چوارساڵی رابردوودا ئەوەی سەلماند، کە کورد دەبوو یەکێک لە وەزارەتەکانی ناوخۆو بەرگریی وەک وەزارەتی ئەمنیی یان یەکێک لە وەزارەتە داراییەکانی نەوت، وەک وەزارەتی دارایی وەربگرێت، بەوپێیەی ساڵانە وەزارەتـی دارایـی بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیراندا (١٧٪)ی هەرێمیان لە بودجەی گشتیی عێراقدا دەخستەوە ژێر مەترسیو پارەی پێشمەرگەشیان دەخستە قوڕگی شێرەوەو وەزارەتــی نەوتیش بووبووە یەکێک لە گرێکانی بــەردەم کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغداو وەزارەتی ناوخۆش لەپاڵ دامەزراندنەوەی کۆنە بەعسییەکاندا ئەفسەرو پلەداری کوردی نزمدەکردەوەو وەزارەتــی بەرگریش رێـی نـەدا رێـژەی کورد لە سوپای عێراقدا بگاتە (١٠٪)و لیوای دوانزەی ناردە کەرکوکو سوپای پەلکێشی خانەقین کردو پاشەکشێی بە پێشمەرگە کرد لە ناوچە دابڕاوەکاندا، کە ئەوکاتو لە ئێستاشدا کێشەکە بەردەوامەو کوردانی ئەو ناوچانە لەبەردەم هەڕەشەی دووبارە تەعریبکردنەوە یان تۆقاندندان، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەریەک لە بریکارەکانی وەزارەتی داراییو نەوت، کوردنو سەرۆکی گشتیی دەزگای ئیستیخبارات لە وەزارەتی ناوخۆو سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراقو وەزارەتی بەرگریی کورد بوون.

بە بڕوای پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، «ئەگەر ئەو بەرپرسە کوردانە، بەتایبەت لە وەزارەتەکانی بەرگرییو ناوخۆ ئەکتیڤ بوونایە، دەبوایە رۆڵی زۆر باشیان بگێڕایە، ئەگەر ئەکتیڤیش بوونایە رێیان نەدەدا سوپای عێراقی بێتە سەر خانەقین».

لەم رووانگەیەشەوە پرسیار لەسەر ئـەوە دەکـرێـت، کە ئایا ناکرێت کورد قوربانیی بە یـەک بۆ دوو وەزارەتــی تەشریفاتیو خزمەتگوزاریی بدات بۆ یەکێک لەو وەزارەتە ئەمنییو داراییانە تا ئاگاداری وردەکاریی ئەو پلانە ئابوورییو ئەمنییانە بێت کە دژی هەرێم لە بەغداوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت، تا رێی لێبگرێت.

یەکێک لەو پۆستە وەزارییانەی دیکە کە باس لە وەرگرتنەوە یان وەرنەگرتنەوەی دەکـرێـت لەلایەن کــوردەوە، وەزارەتــی دەرەوەیە، کە ناساندنی عێراق لە جیهانی دەرەوە وەک دەوڵەتێکی عەرەبی گومان لە سوودمەندبوونی کورد دەکات لە وەرگرتنی پۆستێکی دیبلۆماسی وەک وەزارەتــی دەرەوە، لەکاتێکدا کە زۆربەی ئەو پیلانو نەخشانەی بۆ لێدانی کورد دەکرێت لە ناوەوەیەو زۆربەی کێشەکانیشی لەسەر ئاستی هەرێمو بەغدایە، نەک هەرێمو جیهانی دەرەوە، بەتایبەت سەرکردایەتی ئێستای سیاسیی کـورد ئـامـاژە بەوە دەکـات، کە کورد لە کێشەیەکی لۆکاڵی ناوخۆییو هەرێمیشەوە پەلیکێشاوە بۆ دۆسیەکانی نێودەوڵەتیو لەسەر ئاستی پەیوەندییە دەرەکییەکانیش کردنەوەی نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانی دەرەوەی لە هەرێم دەکەنە بەڵگەی ئەو بۆچوونەیان.

د.دلێر محەمەد، شارەزای سیاسییو مامۆستای زانکۆ بە گرنگی دەزانێت لەبری وەزارەتـی دارایی، ئەمجارە کورد یەکێک لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بە داراییەوە وەربگرێتو دەشپرسێت «دەیان کورد لە باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەکانی عێراق لە وڵاتانی دەرەوە دامەزرێنراون، ئەمانە چیان بۆ کورد کردووە جگە لە دەستکەوتێکی شەخسی؟ کام باڵیۆزی کورد توانی کورد بە دنیا بناسێنێت؟ بەپێچەوانەوە رێنماییان لە وەزارەتی درەوە وەرگرتووە، کە هەمان وەزارەتـی دەرەوەی سەردەمی پێشووی عێراق بووە کە لەسەر بنەمای رێکەوتنو پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکان کاردەکات.

### بەشداریيو سیستمی حوکمرانیی

هـەرچـەنـدە لـەمـاوەی چـوارسـاڵـی رابردوودا نوێنەرانی کورد لە بەغدا خۆیان بە هاوبەشی حکومەت دادەناو قایلنەبوون بە بەشداربوو ناو ببرێن، بەڵام مامەڵەکان لە واقیعدا بەوجۆرە نەبووەو ئەو نوێنەرانە لەنێوان هاوبەشیو بەشداریی لە حکومەتو ئۆپۆزسیۆنبوون لە پەرلەماندا ونبوون، لێرەشەوە ئەگەرەکان بـەرەو ئـەوەن کە لەبری پەیڕەوکردنی مەبدەئی تەوافوقی سیاسیی لە دابەشکردنی پۆستەکاندا کار بە مەبدەئی زۆرینە بکرێت، کە ئەوکات بەشداریکردنی کورد لە حکومەتی داهاتووی عێراقدا شێوازێکی دیکە وەردەگرێت.

بە بڕوای د.دلێر محەمەد؛ دەوڵەتی نوێی عێراق لەسەر بنەمای هاوبەشیو هاوپشکی دروستبووە بەبێ ئەوەی لە دەستووردا ئاماژە بەوەبکرێت پۆستەکان بەپێی کوردو شیعەو سوننە چۆن دابەشدەکرێنو بەشداریکردنیش لە حکومەتی داهاتوودا دەبێت بۆ بڕیاریزمەکردن بێت.

هەندێکی دیکە ئاماژە بەوە دەکەن؛ پێویستە سیستمی بەڕێوەبردنی حکومەتی عێراقی راستبکرێتەوە، د.عەلی محەمەد، وەزیــری دەوڵـەتـی عێراقی لە کابینەی حکومەتی نـوری مالیکی، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بـەرلـەوەی بـاس لە گرنگی پۆستەکان بکرێت، دەبێت باس لە سیستمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیی بکرێت لە عێراقدا، ئەگەر کـاری وەزارەتـەکـان بەشێوەیەکی رێکوپێک بەڕێوەبچێت، ئەوا ئەو وەزارەتانە بەدەست هەرکەسێکەوە بێت کێشە نابێت».

عەلی محەمەد ئاماژە بەوەشدەکات؛ «ئەو وەزارەتانەی پێشتر کورد لە حکومەتی عێراقیدا وەریگرتوون، وەک موڵکی حیزب مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە».

**دەبێت کورد لە بەغدا پێ لەسەر ئەو شوێنانە دابگرێت**

**کە قازانجە بۆ دۆسیەی کوردو بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان**

## د.محەمەد ئەمین:

# بەرپرسانی هەرێم بازرگانیی بە ژیانو تەندروستیی خەڵکەوە دەکەن

سازدانی: رۆژنامە

**د.محەمەد ئەمین عەلی، پسپۆڕی نەشتەرگەریی گشتیی، مەترسیی هاوردەکردنی خۆراکو دەرمانی بەسەرچوو بۆ ناو هەرێم دەخاتەڕوو، چارەسەری ئەو کێشەیەش بە ئاسان نابینێت، چونکە «بەرپرسانی هەرێم بازرگانیی بە ژیانو تەندروستیی خەڵکەوە دەکەن» و دەسەڵاتی سیاسیش بە بەرپرسی یەکەم لەم کەموکووڕییانە دەزانێت.**


د. محەمەد ئەمین

**رۆژنامە: بۆ تائێستا نەتوانراوە لە هەرێمی کوردستاندا کوالێتی دەرمان کۆنترۆڵبکرێت؟**

* ڕێژەیەکی ئێجگار زۆرو بە جۆرەها رێگە دەرمان دێتە هەرێمەوە، کە کوالێتییان لە ئاستێکی نزمدایە، هەرچەندە حکومەتی هەرێم لە رێگەی چەندین کۆمپانیاوە خۆی دەرمان دەکڕێت بەشێوەی کەمکردنەوەی ئاشکراو لە رێگەی پرۆپۆزەڵەوەیە، کە کۆمپانیا بەشدارەکان جۆرو کوالێتی دەرمانەکان دەخەنەڕوو، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دەکرێت رێکەوتن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە دەکرێت کە بە کەمترین نرخ دەرمانەکە بە هەرێم دەفرۆشێت، لەوەدا کوالێتی بەرز بە هەند وەرناگیرێت ئەوەندەی مەبەستیانە کەمترین بودجەی تێبچێت، نەک دەرمانەکەی باشتربێت.

**رۆژنامە: ئەی وەزارەتی تەندروستی لێرەدا رۆڵی نییە؟**

* لە وەزارەتــی تەندروستی تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی چاودێری دارایی، کە ئەوان داوای ئەوە دەکەن کام کۆمپانیا نرخەکەی کەمترینە گرێبەست لەگەڵ ئەودا بکرێت، تا ئەو دەرمانەی هەرزانە ئەوە بێنن.

**رۆژنامە: کێ دەبێت رێگە لە هەناردەکردنی ئەو خۆراکو دەرمانە بێکەڵکانە بگرێت بۆ هەرێم؟**

* ئاسایشی خـۆراکو دەرمـان کە زۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی گرنگترن، پێویستە دەزگای کۆنترۆڵی جۆریی بەو ئەرکە هەستن، چونکە ئەو خـۆراکو دەرمانانەی خەڵک بەکاریدەهێنن ئەگەر کوالێتی باش نەبێت، واتە بە کوالێتی کۆنترۆڵدا نەڕوات، مانای وایە تۆ ژەهرێکت دابەشکردووە بەسەر خەڵکدا.

دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵیش بەداخەوە تائێستا نەیتوانیوە رێگریی لە هێنانی ئەو دەرمــانو خۆراکە خراپە بگرێت کە دێتە هەرێمەوە، راستە کەسانی شارەزاو دلسۆزیان تێدا هەیە، بەڵام دەسەڵاتەکانیان سنووردارە (لەلایەن دەسەڵاتی حیزبەوە سنووردارکراوە).

**رۆژنامە: ئەو کۆمپانیایانەی خۆراکو دەرمان دێننە هەرێمەوە کۆمپانیای پسپۆڕن؟**

* نەخێر، گەورەترین کێشەش ئەوەیە کە ئەو کەسانەو کۆمپانیایانەی کاریان هێنانی دەرمانە لە هەرێمی کوردستان، کۆمپانیای بازرگانین نەک کۆمپانیایەکی تایبەت بە دەرمان، کە کەسانی شارەزاو پسپۆڕی ئەو بوارەیان تێدابێت، رەنگە مۆڵەتی دکتۆرێکی دەرمانسازیی بەکاربهێنن، بەڵام کەسانی بازرگان بۆ مەبەستی بازرگانیی ئەو کارە دەکـەن، نەک بۆ هێنانی باشترین جۆری دەرمان، هەر بۆیە زۆر پێویستە چاودێریی وردی ئەو جۆرە کۆمپانیایانە بکرێت، کە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆربەیان هی بەرپرسەکانن.

**رۆژنامە: کەواتە بەرپرسەکان بازرگانیی بە ژیانی خەڵکەوە دەکەن؟**

* بێگومان، چونکە مەسەلەیەکی ئاشکرایە کە کێشەی گەورەی هەرێمی کوردستان ئەوەیە سیاسەتمەدارەکانو بەرپرسەکان سەرقاڵی بازرگانیکردنن، ئەوەتا بازرگانیی لە هەر بوارێک دەبینیت، وەک پـەروەردە، تەندروستی، هەمووی بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەرپرسێکی لەپشتە.

ئـەو بازرگانییەی بەرپرسەکانیش دەیکەن، تاڕادەیەک ئاسایی دەبوو ئەگەر بازرگانیکردن نەبێت بە ژیانو تەندروستیی خەڵکەوە، بەڵام بەداخەوە ئـەوان لەپێناو بەرژەوەندییو دەوڵەمەندبوونی خۆیان وادەکـەن کە خراپترین جـۆری دەرمــانو خـۆراک دێننە هەرێمەوە، بازرگانی بە ژیانو تەندرستیی خەڵکەوە دەکەن، ئەمەش بەهۆی یەکێتیو پارتییەوەیە، چونکە بەهۆی مانەوەی گیانی دوو ئیدارەیی تێیاندا کار بۆ ئەوە دەکەن کە کۆمپانیای کامیان زووتر دەوڵەمەندبێتو سەرمایەیان زیادبێت، بێ گوێدانە تەندروستییو سەلامەتیی ژیانی خەڵک، چونکە بیر لە بەرژەوەندیی خەڵک ناکەنەوە.

**رۆژنامە: بەرپرس لەم کەموکووڕییانە وەزارەتی تەندروستی یان حکومەتە؟**

* بەدڵنیاییەوە، بەرپرسی یەکەم لەم کەموکووڕیانە دەسـەڵاتـی سیاسییە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتەکان لە هەیکەلیەتی حکومەتدا دابەشنەکراوە، راستە وەزیری تەندروستی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی دەستی کراوە نییەو دەسەڵاتی نییە، ناتوانێت رۆڵی تەواوی خۆی ببینێت، ئەمە جگە لە مانەوەی دوو ئیدارەیی، کە وایکردووە ئەگەر وەزیرەکە یەکێتی بێت تەنیا لە سلێمانی دەستی دەڕواتو گوێی لێدەگیرێتو ئەگەر وەزیرەکە پارتی بێت لە هەولێر رۆڵی دەبێت.

**رۆژنامە: جگە لەو دەرمانانەی حکومەتی هەرێم دەیکرێت، باس لەوە دەکرێت کە ئەو دەرمانانەش کە حکومەتی عێراق وەک بەشی هەرێم دەینێرێت، بەسەرچوون، ئەم راستە؟**

* لەو بڕە دەرمانەی حکومەتی عێراق لە دەرەوە دەیکڕێت، هەرێم بەشی هەیە، بەڵام بەداخەوە هەرێم بووەتە ئەو شوێنەی کە هەموو دەرمانو خۆراکە بەسەرچوو و بێکەڵکەکانی بۆ دەنێرێت، حکومەتی عێراقیش ئەو بڕە دەرمانەی رەوانەی هەرێمی دەکات، ئەوەندەی ئاگادارب‌م زۆریان بەسەرچوون، ئەویش بە وتەی بەرپرسانی هەرێم بەهۆی ئەوەوەیە، کە کاتێک حکومەتی عێراق بەشی هەرێم لە دەرمان رەوانە دەکات، کە لە خۆی زیـاد دەبێتو نزیک تەواوبوونی ماوەی بەکارهێنانییەتیو پاش گەیشتنی بە ماوەیەکی کەم بەسەردەچێت.

ئـەمـە چـارەسـەردەکـرێـت، بـەوەی نەخۆشخانەکان سیستمی کۆگاکانیان بکرێتە (حکومەتی ئەلیکترۆنی)، کە ئەگەر لە کۆگاکانیاندا ئەو سیستمەمان هەبێت، ئەوا ماوەیەک بەر لە بەسەرچوونی دەرمانەکە پێیدەزانرێت، زۆر کات لە نەخۆشخانەکاندا دەبینین بەشی ئیدارە دێن پێتدەڵێن، دکتۆر ئەمرۆ ئەم دەرمانانە هەیە ئەمانە سەرف بکە! ئەم قسەیە بە کەسێکی دیکە بووترێت رەنگە ئاسایی بێت، بەڵام دکتۆر کە مامەڵە لەگەڵ تەندروستیو ژیانی خەڵکدا دەکات، کە هەر نەخۆشییەو دەرمانی خۆی هەیە، ناتوانیت بۆ هەموو نەخۆشێک یەک دەرمان سەرف بکەیت.

> **ساڵێک لەمەوبەر نزیکەی (٦٠) ئامێری تیشک (سۆنار) کڕدران، هەموویان ئامێری خراپو مارکەی چینی بوونو بە پارەیەکی خەیاڵییو بە پارەی ئامێری ئەڵمانی**

**رۆژنامە: وەک پزیشکەکان، خۆتان ناتوانن هەنگاوێک بەرەو چارەسەر بنێن؟**

* بەڕاستی ئەوە کارێکی ئاسانە، بەڵام کاتێک تەماشادەکەیت کەسی یەکەم لە وەزارەت دەسەڵاتی نییەو ئەو کۆمپانیایانەی دەرمانیش دەهێنن دەسەڵاتدارو بەرپرسن، ئیتر تۆ چی دەکەیت.

**رۆژنامە: جگە لە دەرمانی بەسەرچوو، زانیاری هەیە ئامێرە پزیشکییەکانیش کوالێتییان وەک پێویست نین، ئەم زانیارییانە دروستو راستن؟**

* ئەمە زۆر راستە، چونکە ئەو ئامێرە پزیشکییانەی دەهێنرێن بۆ وەزارەتــی تەندروستی هیچی کوالێتییان باش نین، چەند ساڵێک لەمەوبەر نزیکەی (٦٠) ئامێری تیشک (سۆنار) کڕدران، هەموویان ئامێری خراپو مارکەی چینی بوونو بە پارەیەکی خەیاڵییو بە پـارەی ئامێری ئەڵمانی، کە باشترین مواسەفاتی هەیە، کڕدران.

ئەمە کێشەکەیە، راستە شتەکان خراپن، بەڵام پارەیەکی زۆریشیان پێدەدرێت، ئەمەش بۆ سوودی کۆمپانیای بەرپرسەکانە.

بەر لە هاتنی ئینتەرنێت، بیانوویەک هەبوو بۆ هێنانی ئامێری خراپ بە کوالێتی خـراپ، بەڵام ئێستا ئەو بیانووە نەماوە، چونکە دەتوانرێت بە چەند کاتژمێرێک لە رێگەی ئینتەرنێتەوە باشترین ئامێر لە باشترینو بەناوبانگترین کۆمپانیای جیهانیی بکڕیتو لە رێگەی بانکەوە پارەکە حەواڵە بکەیتو بۆت بنێرن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لای ئێمە خراپترین ئامێر بە زۆرترین پارە دەکڕدرێت.

هەروەک کاتێک دەرمانێک دێتە بازاڕەوە یـان لەسەر سنوورەکانەوە دەهێنرێنە هەرێمەوە، دەتوانرێت لە راستیو ئاستی باشیی ئەو دەرمانانە دڵنیابینو بە چرکەیەک لە رێگەی ئینتەرنێتەوە پەیوەندیی بەو کۆمپانیایەوە بکرێتو بزانرێت راستە ئەو دەرمانە لەو کۆمپانیایە کراوەو کوالێتییەکەی چۆنە.

**رۆژنامە: لە بری ئەو بازرگانانە، ناتوانرێت کۆمپانیای پسپۆڕ ئەو کارە بکات؟**

*بۆ ناتوانرێت، حکومەتی هەرێم دەتوانێت کۆمپانیایەکی باش دروست بکات، کە تێکەڵ بێت لەنێوان کەرتی تایبەتو حکومەتو لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان گرێبەست بکاتو کەسانێک بهێنرێن کە لەبواری دەرمــان شارەزاییەکی باشیان هەبێت، نەک تەنیا بازرگان بن، ئەوکاتە حکومەت کۆنترۆڵی بازاڕی دەرمان دەکات لە رووی چۆنێتیو جۆرێتییەوەو بەسەر نرخەکەشیدا زاڵدەبن، بەڵام ئەوان بۆ سوودی کۆمپانیای بەرپرسەکان ئەمە ناکەن.

# فۆڕمی خۆراکی ٢٠١٠ نەدراوە بە هاوڵاتییان

سەنگەر کوردە

هەرچەندە بەڕێوەبەری پسوڵەی خۆراک ئاماژە بەوەدەکات کە کارەکانیان رانەوەستاوەو فەرمانگەکەیان رۆژانە مامەڵەی هاوڵاتییان بەڕێدەکات، بەڵام نەگەیشتنی فۆڕمی خۆراکی ساڵی نـوێ، دوای تێپەڕبوونی (٣) مانگ، نیگەرانی دروستکردووەو بەوهۆیەوە بەشێکی هاوڵاتییان بۆ راییکردنی کارەکانیان ناچارن لە فەرمانگەی خۆراکەوە پشتگیری ببەن بۆ ئەو لایەنەی بۆ راییکردنی مامەڵەکان داوای فۆڕمی خۆراک دەکەن.

بەیان ئەحمەد، بەڕێوەبەری رێکخستنی پسوڵەی خۆراک لە سلێمانی، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە وتی: «بڕیارە دوای پرۆسەی هـەڵـبـژاردن فـۆرم بەسەر پارێزگاکاندا دابەشبکرێت»، ئەوە لەکاتێکدایە کە سێ مانگ بەسەر ساڵی نوێدا تێپەڕیوەو تۆماری نوێ نەخراوەتە سەر فۆرمەکان. بەیان وتیشی: «دواکەوتنی فۆرمەکان پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، چونکە لەکاتی خۆیدا داتاکانمان ناردووە، لە رووی دابەشکردنی خۆراکو ئیشوکاری هاوڵاتییانیشەوە لە فەرمانگەکاندا کێشەیان نییە، چونکە وتوومانە کار بە کۆبوونی (٢٠٠٩) بکەن تا هاتنی کۆبوونی نوێ».

لەبارەی ئەو گرفتانەشەوە کە بۆ ئەو هاوڵاتییانە دروستدەبێت، کە فۆڕمی ساڵی رابـردوویـان ونـکـردووە یان ناویان نییە، بەڕێوەبەری پسوڵەی خۆراکی سلێمانی وتی: «هەموو ئەو کەسانەی کە فۆرمەکانیان ونکردووە یان ناویان نییە، بۆ راییکردنی کارەکانیان لە فەرمانگەکەمانەوە پشتگیرییان بۆ دەکەین، تائێستا هیچ کێشەیەک نەبووەو تەنها ئەوەیە کە تاڕادەیەک بارگرانیی بۆ فەرمانگەکەی ئێمە دروستبووە، کە رێژەیەکی زیاتری هاوڵاتییان بۆ پێدانی پشتگیریی سـەردانـمـان دەکـەنو لـەگـەڵ ئـەوەشـدا ئیشوکارمان نەوەستاوەو بەردەوام مانگانە ئیشی خـۆمـان کـــردووە، وەک تـۆمـارو هاوسەرگیریی نوێ، تەنیا گواستنەوەی نێوان پارێزگاکان راوەستاوە»، ئاماژەی بە جیاوازیی فۆڕمی ساڵی نوێ کرد کە بۆ یەک ساڵ نییەو (٢٠١٠و٢٠١١) بە یەک فۆرم دێت، وتیشی «ئەوە ئاسانکارییە کە یەک جار داتا دەنێرین، بەڵام رەنگە کێشەش دروستبکات، لەکاتێکدا کە هاوڵاتییان فۆرم وندەکەن».


هاوڵاتییان چاوەڕوانی خۆراکی کوالێتی بەرزن، نەک فۆڕمی بێ خۆراک

# ئەوروپا فشارەکانی بۆ سەر PKK توند دەکاتەوە

ئا: شاڵاو فەتاح

زۆرێــک لە وڵاتــە ئەوروپییەکان لەیەککاتدا دەستیانکرد بە دەستگیرکردنی ئەندامانی پەکەکەو هێرشکردنە سەر دامــودەزگا پــەیــوەنــدیــدارەکــان بەو رێکــخــراوەوەو رۆژی ٤ی ئــەم مانگە وڵاتــی بەلجیکا چەندین ئەندامی ئەو رێکخراوەی دەستگیرکردو لە نێوانیاندا هەردوو سەرکردەی دیاری رێکخراوەکە، زوبێر ئایدارو رەمزی کارتاڵ بوون، ئەم هەنگاوە بووە جێی دەستخۆشیی دەوڵەتی تورکیاو ئەم هەنگاوەی بەلجیکا بە یەکێک لە گەورەترین هێرشەکانی سەر ئەو حیزبە دادەنرێت دوای ئەوەی زیاتر لە (٣٠٠) پۆلیس بەشدارییان تێداکرد.

راپۆرتەکان لەبارەی هێرشەکەوە دەڵێن: ئەم هێرشە بە هاوکاریی موخابەراتی تورکی ئەنجامدراوە، بە پێشکەشکردنی زانیاریی بە پۆلیسی بەلجیکا.

ئایدار، سەرۆکی رێکخراوی کۆنگرەی گەلی کــوردەو کارتاڵیش سەرۆکی لقی ئەوروپای پەکەکەیە، لەنێوان لانیکەم (١٥) کەسی دیکەدا بوون کە لەو هەڵمەتەدا دەستگیرکران، کۆنگرەی گەل خۆی بەباڵی سیاسیی پەکەکە دەناسێنێت، بەڵام هەر بە پەکەکە دادەنرێت.

## ئۆپەراسیۆنێکی نێودەوڵەتی دژی پەکەکە

رۆژ تیڤی، کە زمانحاڵی پەکەکەیە، یەکێکی دیکە بــوو لــە ئامانجەکانی هەڵمەتەکەی پۆلیسی بەلجیکا، پەخشی ئەم کەناڵە بەهۆی گەمارۆدانییەوە لە شاری دیندارلیۆ راگیرا، بەڵام دواتر لە سویدەوە دەستپێکردەوە، باجگرەکانی وەزارەتی دارایی بەلجیکاش شانبەشانی پۆلیسی ئەو وڵاتە چوونە سەر بنکەی رۆژ تیڤی بۆ ئەوەی لە باجەکانی سەر ئەم کەناڵە بکۆڵنەوە، ئەم هەڵمەتانە لە (٢٥) شوێنی جیاواز ئەنجامدراو راپۆرتەکانیش ئاماژە بەوە دەدەن، کە پۆلیسی ئیتاڵیاو فەرەنساش هەمان کاریان ئەنجامداوە، بۆیە وەک دەسەڵاتدارانی بەلجیکا وتوویانە ئۆپەراسیۆنەکە «نێودەوڵەتییە»، لەدوای ئۆپەراسیۆنەکەش، ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لە ئەنقەرە دەستخۆشیی لە بەلجیکا کردو وتی: «هاوکاریکردن دژی تیرۆریزم مەسئولیەتی گشت وڵاتێکە، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەندامی رێکخراوە جیهانییەکانن، ئێمە شادمانین بەوەی بەلجیکا ئەم هەنگاوەی نــاوە». لەبارەی بەشداریکردنی دەزگــای هەواڵگریی تورکیو داواکردنەوەی زوبێر ئایدارەوە، داود ئۆغلۆ پێیباشنەبوو بچنە ناو ئەو وردەکارییانەوەو وتی: ئەوەی گرنگە ئێستا لەنێوان تورکیاو ئەوروپادا هاوکاریی هەیە بۆ پاککردنەوەی خاکەکانیان لەو چالاکییانە.

## پێگەی تورکیا لە هاوکێشەکەدا

ساڵی پار تورکیا کەمپەینێکی دیبلۆماسی چڕوپڕی ئەنجامدا بۆ بڕینی پەیوەندیی و هاوکارییەکانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ پەکەکە، لەم کەمپەینەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش فشاری خستەسەر ئەوروپا بۆ ئەنجامدانی هەمان کار، بۆیە مانگی پێشوو پۆلیسی هەریەکە لە وڵاتانی فەرەنساو ئیتاڵیاو رۆمانیا ئۆپەراسیۆنیان لە دژی چالاکوانەکانی پەکەکە ئەنجامداو چەندین کەسیشیان دەستگیرکرد، ئــەوەی کە مەترسیی دروستکردووە، پەیوەنداربوونی ئۆپەراسیۆنە ئەوروپییەکانی دژی پەکەکەو پرۆسەی کرانەوەی کوردییە لە تورکیا، پێشەکی دەبێت ئەوە بووترێت کە بەلجیکاو وڵاتە ئەوروپییەکان هەر لە دەستپێکی بانگەشەی نەخشە رێگای تورکیاوە بــۆ چــارەســەرکــردنــی کێشەی کــورد، هێڵێکیان لەنێوان خۆیانو گرووپەکانی پەکەکەدا کێشا بەهۆی ئەوەی ئیرادەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیادا بە رێگەی یاساییو دیموکراتییانە بەهێزە، وڵاتانی ئەوروپا گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە ئەو رێگەیەی سیاسییە کوردەکان هەڵیانبژاردووە گونجاو نییەو نایانگەیەنێت بە هیچ ئەنجامێک، بۆیە دەستیانکردووە بە دەستگیرکردنی ئەندامەکانیان.



ئەحمەد دیجلە، بەرێوەبەری کەناڵی رۆژ تی ڤی

## پەیوەندیی پرۆسەکانو نەخشە رێگا

چەند مانگێک لەمەوبەرو وەک بەشێک لە نەخشە رێگا، تورکیا رێگەیدا بە گەڕانەوەی چەند گرووپێکی پەکەکە لە شوێنی جیاوازەوە بۆ چاودێریکردنی نەخشە رێگا، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەخێرهاتنەوەیەکی جەماوەریی گەورەی لێکەوتەوە، نارەزایییەکی زۆر دروستبوو لە ناوخۆی تورکیاداو تا ئــەوەی نەتوانرا ئەو گرووپەی کە لە تورکیایە بگەڕێتەوە، ئەمەش دوای ئــەوەی عەبدوڵڵا ئۆجالان، سەرۆکی بەندکراوی پەکەکە، فەرمانیدا بە راگرتنی گــەڕانــەوە، ئەگەر ئەم گەڕاوەیە رانەگیرایە دوورنەبوو ئەم ئۆپەراسیۆنانەی ئەوروپاش پێویستی نەکردایە، چونکە زۆر لەو سەرکردانەی لە بەلجیکا دەستگیرکران وەک ئایدارو کارتاڵ، ناویان لەو گرووپەدا بوو کە دەگەڕانەوە بۆ تورکیا، بەڵام پرسیار ئەوەیە، کە ئایا دەکرێت ئەمە بە سەرەتای داخستنی تەواوەتی نەخشە رێگا بێت، بێگومان سەرانی پەکەکە لە وەڵامدا دەڵێن: بەڵێ، هەر ئەمەبوو ئێمە لێی نیگەران بووین.

هێشتا زووە بۆ ئــەوەی بڕیار لەسەر ئاکامی ئەم ئۆپەراسیۆنانە بدرێت، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە، کە هاوکاریی لەنێوان تورکیاو ئــەوروپــادا هەیەو ئەوروپاش بە ئــاراســتــەی تورکیا بــۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد کاردەکات، ئەمەش مەترسیی ئــەوە دەخاتە گــۆڕێ کە لە هەر گۆڕانێکی تورکیا بەرامبەر کێشەی کورد (وەک پێشتر روویــداوە) زەرەرمەندی یەکەم کوردەکان دەبن، بەتایبەت ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورکیا بێخەم بن لە کوردەکانی ئەوروپاو نیگەرانیش بن بە رەخنەکانی ناوخۆ.

**بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە سوود لە (تودەیس زەمــان)و (حوڕییەت دەیلی نیوز) وەرگیراوە**

# کوشتارگەی ئەرمەن، کێشە دەخاتە نێوان تورکیاو ئەمریکاوە

ئا: شاڵاو فەتاح

لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئەرمەنییەکانی قەوقاز چەند بەتالیۆنێکی خۆبەخشانەیان پێکهێنا بۆ یارمەتیدانی سوپای رووس دژی تورک. لە سەرەتای ساڵی (١٩١٥)دا ئەم بەتالیۆنە چەندین ئەرمەنیی تورکیای بەکرێگرت لەپشت هێڵەکانی تــورکــەوە، بە گواستنەوەی ئەرمینییەکان بۆ سوریاو فەلەستین لەلایەن تورکیاوە، نزیکەی یەک ملیۆن ئەرمینیی لە برسا مردن، یان لە رێگادا کوژران، زۆرێک لە رزگاربووەکانی ئەم رووداوە رایانکرد بۆ ئەرمینیای رووسی، کە لەساڵی (١٩١٨) داو پــاش کۆتاییهاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی، کۆماری سەربەخۆی ئەرمینیایان دروستکرد.

## جینۆساید چییە؟

پێناسەی فەرمیی جینۆساید لە رێکەوتنی نەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٤٨)دا بۆ رێگرتن لە سزاو تاوانی کۆمەڵکوژیی دەبینرێت. مــادەی دووی ئەم رێکەوتنە جینۆساید پێناسە دەکات بە «هەر کردەوەیەک بەمەبەستی تێکشکانی گشتیی یان بەشێکی نیشتمانێک، نەتەوەیەک، رەگەزێک یان گرووپێکی ئایینیی ئەنجامبدرێت، وەکو کوشتنی ئەندامانی رێکخراوەکە، زەرەردانی جەستەیی یان عەقڵیی لە ئەندامانی گرووپەکە، هێرشکردنە سەر گرووپەکە بەمەبەستی تێکدانی دۆخی ژیانو زەرەردانی تێکشکانی گشت یان بەشێکی گرووپەکە، سەپاندنی مەرجی رێگرتن لە نەوەخستنەوە لەناو گرووپەکەداو گواستنەوەی ناچاریی کەسانی گرووپەکە بۆ گرووپێکی دیکە».

## «جینۆساید»ی (١٩١٥)ی ئەرمەنەکان

لەسەر ئــەوەی کە ئایا ئەم پێناسەیە کــردەوەی تــورک دژی ئەرمەنەکانی (١٩١٥) دەگرێتەوە، مشتومڕی زۆر هەیە، ئەرمینییەکان پێیانوایە کە جینۆساید بووە، بەڵام تورکەکان دەڵێن چەوسانەوە هەبووە، بەڵام هیچ هەوڵێکی رێکخراو بۆ لەناوبردنی ئەرمەنە کریستیانەکان نەبووە. تورکەکان ژمارەی ئەوانەی لەساڵی (١٩١٥) دا گیانیان لەدەستداوە بە (٣٠٠) هەزار کەس دەخەمڵێنن و دەڵێن کە چەندین تورکی مسوڵمانیش لەو جەنگەدا گیانیان لەدەستداوە. نزیکەی (٢٠) وڵات ئەم رووداوەیــان بە جینۆساید ناساندووە، لەنێویاندا ئەرجەنتین، بەلجیکا، کەنەدا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، رووسیاو ئۆرۆگوای. پەرلەمانی ئەوروپاو کۆمسیۆنی یوئێن بــۆ رێگرتن لــە جینۆسایدیش بەهەمانشێوە ئەم رووداوەیان بە جینۆساید ناساندووە. لەکاتی کەمپەینی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەیدا، باراک ئۆباما گومانی لە ناساندنی ئەو کێشەیە وەک جینۆساید پیشاننەداو وتی، ئەوە کێشەی بیروڕای شەخسی نییە، بەڵکو چەندین دۆکیۆمێنتی مێژوویی لەوبارەیەوە هەیە، بەڵام لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ تورکیا، ئۆباما خۆی لە بەکارهێنانی وشەی جینۆساید پاراست، چونکە نەیدەویست دژایەتی تورکیا بکات.

## تورکیا هەرەشە دەکات

رەجــەب تەیب ئــەردۆگــان، ســەرۆک وەزیرانی تورکیا، پێیوایە؛ وڵاتەکەی بە کارێک تۆمەتبار دەکرێت کە ئەنجامینەداوە. بەمدواییانە گرووپێک لە کۆنگرێسی ئەمریکا بڕیاریدا کە یاداشتێک بڵاوبکاتەوەو تێیدا ئەو رووداوە (٩٠) ساڵییە بە جینۆساید بناسێنێت، هەر لــەدوای ئەم رووداوەش نامیق تان، باڵیۆزی نوێی تورکیا لە ئەمریکا، بڕیاریدا بەشداریی بکات لە بەتاڵکردنەوەی وەها بڕیارێک، ئەمە جگە لەوەی مورات مەرجان، سەرۆکی کۆمیتەی دەرەوەی پەرلەمانی ئەوروپا، بڕیاریدا سەردانی ئەمریکا بکات بۆ هەمان کێشە، بەڵام کۆشکی سپی بڕیاریدا ئەم دژایەتیکردنەی تورکیا فەرامۆش بکاتو کێشەکە بە «جینۆساید» بناسێنێت. تائێستا تەنیا رۆناڵد ریگان، سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا، بەفەرمیی ئەو رووداوەی وەک جینۆساید ناوبردووە. بڕیاری لیژنەکەی کۆنگرێس داوا لە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا دەکات، کە کێشەکە بە جینۆساید بناسێنێت، ئەنقەرە دژایەتیکردنی توندی خۆی بۆ ئەم بڕیارە راگەیاندو وتی؛ لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا کشانەوەیەکی توند لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا روودەدات. لەمبارەیەوە ئەحمەد داود ئۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا، رایگەیاند: بڕیاری ئەو لیژنەیەی کۆنگرێس دەبێتە هۆی تێکدانی پەیوەندییەکانی ئەنقەرەو کۆشکی سپی.

پێشترو دووجاری دیکە هەمان بڕیار رووبەڕووی ئیدارەی سەرۆکایەتی ئەمریکا کراوەتەوە، بەڵام ئەمجارەیان لەکاتێکدایە کە تورکیاو ئەرمینیا بڕیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان داوە، هەربۆیە داود ئۆغلۆ پێیوابوو؛ هەر دەستێوەردانێکی لایەنی سێیەم لەم پرۆسەیەدا زەرەرێکی زۆر لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەدات. داودئۆغلۆ رەخنەی لە شێوازی ناساندنی ئەو کێشەیەش گرتو لە کۆنفرانسێکدا وتی: «ئەگەر راوێژکارێک لە ئەنجومەنی نوێنەراندا «نەخێر»ی بەگوێی ئەنداماندا بچرپاندایە، ئاکامی کێشەکە لەوەی ئێستا جیاواز دەبوو، ئایا مێژوو بەمشێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت؟».

## ئۆباما دژی ناساندنی کێشەکەیە بە «جینۆساید»

هیلاری کلینتۆن، وەزیــری دەرەوەی ئەمریکا، رایگەیاند: ئــیــدارەی ئۆباما هەرچی پێبکرێت دەیکات بۆ راگرتنی ئەو پێشکەوتنانەی لیژنەیەکی کۆنگرێس تۆماریکردووە لە ناساندنی ئەو رووداوەی ئەرمینیا بە جینۆساید. هەرچەندە لیژنەکەی کۆنگرێس بڕیارەکەی تــەواوکــردووە، بەڵام کلینتۆن رایگەیاند: «زۆر بە جدیی کاردەکەن» بۆ رێگرتن لە وەها بڕیارێک. هەمان لیژنەو لەساڵی (٢٠٠٧)دا داوای لە جۆرج بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کرد، کە وەها بڕیارێک پەسەند بکات، بەڵام بۆش رەتیکردەوە، رەتکردنەوەی ئۆباماش دوورنییە هەمان چارەنووس تووشی ئەو بڕیارە بکات، کە دەبێتە جاری سێیەمی، رەتبکرێتەوە. ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا تەنیا بڕیارێکی ئۆباما جینۆسایدێکی دیکە بۆ سەر مێژووی مرۆڤایەتی زیاد دەکات؟



لە سێدارەدانی ئەرمەنەکان

# ڕۆژانی هەڵبژاردن، شووم بوون بۆ ڕۆژنامەنووسان

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان(ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ) ڕووبــەڕووی شەپۆلێکی زۆری هێرش‌و پەلامارو لێدانی هێزە چەکدارەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەوە، بەبێئەوەی هیچ لێپێچینەوەیەک بەرامبەر ئەنجامدەرانیان کرابێت.

ڕەحمان غەریب، ڕێکخەری سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەم پرۆسەیەدا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕووبەڕووی ئیهانەو دەستدرێژیی بوونــەوە، ئــەم دەستدرێژییەش بۆسەر ڕۆژنــامــەنــووســان، بــۆ تێنەگەیشتن‌و بەدحاڵیبوونی بەرپرسانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و هێزی ئەمنیی‌و هێزی حیزبیی دەگەڕێتەوە، کە تێنەگەیشتوون لە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی، کە بە یاسا ڕێکخراوە، پێویستە ئەو یاسایە بپارێزن، نەک خۆیان پێشێلی بکەن.

لە ڕۆژی دەنگدانی تایبەت، کە پێنجشەممەی رابـردوو بەڕێوەچوو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆو میدیای ئازاد کەوتنە بەر هێرش‌و پەلاماری هێزە چەکدارەکانی یەکێتی‌و پارتی.

ڕۆژی (٣/٤) تیمێکی کەناڵی (KNN) لەسەر ڕێگەی مەخمور هێرشیاندەکرێتەسەرو کامێراکەیان دەشکێنرێت، دواتــر لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکران، هەمان ڕۆژ چەند ڕۆژنامەنووسێکی هەمان کەناڵ لە هەولێر بۆ ماوەیەک دەستبەسەرکران، ئێوارەی (٣/٤) لایەنگرانی پارتی لە شاری سلێمانی کەرنەڤاڵێکیان سازکردو لەکاتی ڕووماڵکردنی کەرنەڤاڵەکەدا هێزە چەکدارەکانی پاراستنی سـەر بە لقی (٤)ی پارتی پـەلامـاری سێ پەیامنێری هەفتەنامەی هاوڵاتییان داو دوای لێدانێکی زۆر کامێراکانیان لێسەندرا، هەمان کات هێرشیانکردە سەر تیمێکی کەناڵی (KNN) ، هەمان ڕۆژ لە ڕانیەو کۆیە تیمی (KNN) ڕووبەڕووی هێرش‌و پەلاماردان بوونەوە.

هەر لەکاتی دەنگدانی تایبەتدا لە شاری کەلار لەلایەن هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشی گەرمیانەوە هێرشکرایە سەر دوو پەیامنێری سایتی یەکگرتوو، دوای لـێـدان کامێراو مۆبایلەکانیان لێ سەندرا، هەمان ڕۆژ لە شاری هەولێرو بادینان لەلایەن هێزە چەکدارەکانی پارتییەوە هێرشکرایە سەر ڕۆژنامەنووسانی هەردوو کەناڵی ئاسمانیی (KNN)و سپێدەو ڕۆژنامەی ئاوێنە، هەروەها لە شــارەزوور ڕێگریی لە کەناڵی سپێدە کرا، لەکاتێکدا سەرقاڵی ڕووماڵکردنی پرسەی دەنگدانی تایبەت بوون.

هەمان ڕۆژ لە بنکەی (کـرمـاشـان) لە شاری هەولێر لەلایەن ئاسایشەوە ڕێگریی لە پەیامنێرێکی سایتی یەکگرتوو کراو کامێراکەی لێسەندراو میمۆرییەکەی شکێنراو دواتر لە بنکەکە کرایەدەرەوە.

لەلایەکی دیـکـەوە، ڕۆژی (٣/٥) چەند کارمەندێکی ڕاگەیاندنی یەکگرتوو لە گەرمیان کەوتنە بەر پەلاماری هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش، هەروەها لە ڕۆژی دەنگدانی گشتییدا لە (٣/٧) لە شـاری کـەلارو بازیان‌و کۆیەو خورماڵ هێزەکانی ئاسایش پەلاماری چەند ڕۆژنامەنووسێکی ڕاگەیاندنی یەکگرتوویان دا، لە شاری سلێمانیش هێرشکرایە سەر پەیامنێری کەناڵی سپێدەو تەلەفزیۆن‌و سایتی یەکگرتوو، هەمان کات لە شاری هەولێر ئاسایش بە لێدان هێرشیکردە سەر دوو پەیامنێری تەلەفزیۆنی یەکگرتوو و بۆ ماوەیەک دەستگیرکران، شەوی (٣/٧) چەکدارەکانی لیستی دەسەڵات تەقەیان لە تەلەفزیۆنی گۆڕان کرد لە کەرکوک، هێزەکانی ئاسایش لە هەولێر پەلاماری پەیامنێرێکی گۆڤاری سڤیلیان دا، جگەلەوانە هەڕەشە لە پەیامنێرێکی ڕۆژنامەی ئاوێنە کرا.

ستافی گۆڤاری لڤین لە ڕوونکردنەوەیەکدا بە توندی ئیدانەی ئەو هێرشە بەردەوامانە دەکـات، کە دەکرێتە سەر ڕۆژنامەنووسان لەلایەن دەزگا ئەمنییە حیزبییەکانەوەو ئەو کارە بە شەرمەزاریی دەزانێت بۆ دەسەڵاتی کوردی‌و ئەنجامدەرانیشی ڕیسوادەکات.

هــەروەک لە ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە: «گۆڤاری لڤین بە توندی ئەو هێرشە بەردەوامانە بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان ئیدانەدەکات‌و داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکات، سنوورێک بۆ ئەو دەستدرێژییە بەردەوامانە دابنرێت».

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین وتی: «مایەی شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتێک، کە بیەوێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی توندوتیژییەوە ڕێگە لە ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بگرێت، کە ڕۆژنـامـەنـووسـان پێیهەڵدەستن، ئەو دەستدرێژییانە بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان بە پلانێکی داڕێـــژراو لــەلایــەن یەکێتی‌و پارتییەوە ئەنجامدەدرێن‌و ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکانیان کردووەتە ئامانج».

شەوقی کانەبی، بەرپرسی نووسینگەی (KNN) لە هەولێر باسی لـەوەکـرد، لەم هەڵبژاردنەدا تیمی کەناڵەکەیان ڕووبەڕووی چەندین پەلامارو دەستدرێژیی بووەتەوە، لەکاتێکدا ئەوان ویستوویانە ڕاستییەکان بۆ خەڵک بگوازنەوە.

هــەروەک بیلال سەعید، کە کارمەندی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامییەو یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی، کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا هێرشی کراوەتە سەر وتی: «چەند ئاسایشێک بە شەق‌و تێهەڵدان پەلاماریاندام‌و قسەی ناشرینیان پێوتم‌و هەرچیم پێبوو لێیانسەندم‌و بردیان».


ڕۆژنامەوانان لەگەڵ لێداندا ڕووماڵی هەڵبژاردنیان کردووە

# وردەکاریی دابەشبوونی دەنگدان‌و کورسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەسەر پارێزگاکاندا

ئامادەکردنی: حسێن محەمەد عەزیز

ژمارەی دەنگدەرو ناوەندو لیست‌و کورسی‌و قەوارەی سیاسیی بەشداربوو بەپێی پارێزگاکانی عێراق

| ژ | پارێزگا | ژمارەی دەنگدەر | ژمارەی ناوەند | ژمارەی لیست و قەوارەی سیاسیی | ژمارەی کورسی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | بەغدا | 4599782 | 1739 | 53 | 70 | 2 کورسی کۆتا بۆ مەسیحی‌و صابئی |
| 2 | نەینەوا | 1702964 | 713 | 37 | 34 | 3 کورسی بۆ مەسیحی‌و ئێزدی و شەبەک |
| 3 | بەسرە | 1466512 | 485 | 31 | 24 | |
| 4 | زی قار | 993372 | 414 | 28 | 18 | |
| 5 | بابل | 961293 | 353 | 29 | 16 | |
| 6 | سلێمانی | 1098451 | 482 | 16 | 17 | |
| 7 | ئەنبار | 802378 | 311 | 28 | 14 | |
| 8 | هەولێر | 917685 | 474 | 16 | 15 | 1 کورسی بۆ مەسیحی |
| 9 | دیالە | 840241 | 382 | 29 | 13 | |
| 10 | کەرکوک | 787673 | 299 | 34 | 13 | 1 کورسی بۆ مەسیحی |
| 11 | سەلاحەدین | 696913 | 283 | 29 | 12 | |
| 12 | نەجەف | 696599 | 282 | 27 | 12 | |
| 13 | واسط | 638699 | 276 | 28 | 11 | |
| 14 | قادسیە | 619862 | 243 | 27 | 11 | |
| 15 | میسان | 561742 | 224 | 23 | 10 | |
| 16 | دهۆک | 574138 | 228 | 14 | 11 | 1 کورسی بۆ مەسیحی |
| 17 | کەربەلا | 564691 | 217 | 27 | 10 | |
| 18 | موسەننا | 379078 | 170 | 23 | 7 | |
| | کۆی گشتیی | 18902073 | 7575 | | 318 | 7 کورسی بۆ قەرەبوو |

ژمارەی دەنگدەرو ناوەندو وێستگە، لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا بەپێی جۆری دەنگدەر بۆ پەرلەمانی عێراق

| ژ | جۆری دەنگدەران | ژ. دەنگدەر | ژمارەی ناوەند | ژمارەی وێستگە | ڕێژەی سەدی دەنگدەر |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | دەنگدەری ئاسایی | 1043281 | 482 | 2728 | 88.5% |
| 2 | دەنگدەری تایبەت / عەسکەری تۆمارکراو | 59811 | 41 | 157 | 5.1% |
| 2 | دەنگدەری تایبەت / عەسکەری تۆمارکراو نەکراو | 10080 | 2 | 34 | 0.9% |
| 3 | دەنگدەری تایبەت / سجن‌و خەستەخانە | 6741 | 10 | 21 | 0.6% |
| 4 | دەنگدەری جوڵەی دانیشتووان | 56979 | 30 | 98 | 4.8% |
| 5 | دەنگدەری ڕاگوێزراوی، کە تۆمارنەکراوە | 1473 | 14 | 17 | 0.1% |
| | کۆی گشتیی | 1178365 | 579 | 3055 | 100.0% |


فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

# «مانگرتن ناشكێنین، تا داواكارییەكانمان جێبەجێدەكرێن»

**راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

هەفتەیەكە، زیندانییانی سیاسیی كوردستان بۆ دەستەبەركردنی مافەكانیان مانیانگرتووەو بڕیارە مانگرتن نەشكێنن تا ئەو كاتەی لە پەرلەمانی كوردستاندا بەجدیی گفتوگۆ لەسەر داواكارییەكانیان دەكرێت، ئاماژە بەوەشدەكەن؛ لەناو پەرلەمانی كوردستاندا یەكێتیو پارتی بەربەستبوون لە جێبەجێكردنی داواكارییەكانیان.

لە رۆژی (٣/٣)ەوە، زیندانییانی سیاسیی كوردستان لە بەردەم نووسینگەی پەرلەمانی كوردستان لە سلێمانی مانیانگرتووە، بەڵام تا ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەكان بەدەم كێشەكانییانەوە نەچوونو لە بەیاننامەیەكیشیاندا چەند داواكارییەكیان بۆ رای گشتیو لایەنە پەیوەندیدارەكان خستووەتەڕوو، كە تێیدا هاتووە «لەڕێی پەرلەمانەوە بودجەی تایبەت بە زیندانییەسیاسییەكان تەرخانبكرێتو رێكخراوەكە لە رێكخراوێكی حیزبییەوە بگۆڕێت بۆ دامەزراوەیەكی حكومیو لە چوارچێوەی یاسادا كارەكان ئەنجامبدرێن»، هەر لە بەیاننامەكەیاندا هەڕەشەی ئەوە دەكەن كە مانگرتن ناشكێنن ئەگەر داواكارییەكانیان جێبەجێنەكرێن.

محەمەد پشدەری، وتەبێژی دەستەی داكۆكی لە مافی زیندانییەسیاسییەكان رایگەیاند: «تا پەرلەمان بڕیار لەسەر جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق نەدات، مانگرتن ناشكێنین، ئەمەش داواكارییەكی گران نییە، بەڵكو تەنیا مافی خۆمانەو پێویستە حكومەتی هەرێم ئەو مافەمان بۆ دەستەبەر بكات».

زیندانییانی سیاسیی لە زیندانەكانی بەعسدا بە برسێتیو رووتوقوتیو لەژێر ئەشكەنجەدا ژیانیان گوزەراندووە، ئێستاش ئاماژە بەوە دەكەن كە لە سایەی حكومەتی هەرێمداو لە بەردەم نووسینگەی پەرلەماندا، لەبەر بارانو سەرما هەمان سیناریۆی سەردەمی بەعسیان بەسەردا هاتووەتەوە.

پشدەری، وتی: «داواكاریی ئێمە ئەوەیە كە پەرلەمانتارانی یەكێتیو پارتی بێنو دانیشتنمان لەگەڵدا بكەنو بەڵێنی جێبەجێكردنی داواكانمان پێبدەن، هەم لەبەرئەوەی ئەوان زۆرینەی پەرلەمانو هەم لەبەرئەوەش كە پێمانوایە لە ماوەی (٤) ساڵی رابردوودا ئەوان بوون بە بەربەست لەبەردەم جێبەجێكردنی داواكارییەكانماندا لە پەرلەمانی كوردستان».

زیندانییانی سیاسیی كوردستان، كە پێشتر زۆربەیان ئەندامی حیزبەكانی یەكێتیو پارتیو شیوعی بوون، بەڵام بە وتەی خۆیان ئێستا تەنیا ئەو لایەنانە لێیان ناپرسنەوە، هەروەك محەمەد پشدەری، وتیشی: «ئێمە رەخنەكانمان لەسەر فراكسیۆنەكانی گۆڕانو كۆمەڵو یەكگرتوو نییە لەناو پەرلەماندا، بەڵكو ئەوە یەكێتیو پارتین كە بێدەنگن لە ئاست داواكارییەكانمانداو ئەوەیان بیرچووەتەوە كە تا دوێنێ ئەوان بوون بە شانو باڵی ئێمەیاندا هەڵدەداو ئێمەش بووین بووینە بەردەباز بۆ ئەوەی ئەوانی پێبپەڕنەوە بۆ پەرلەمانو دەسەڵات، بەڵام بەداخەوە هەر ئەوەندەی كەوتنە سەر كورسییەكان ئێمەیان بیرچووەوە».

دەستەی داكۆكی لە مافی زیندانییە سیاسییەكان لە بەیاننامەكەیاندا كە رۆژی (٣/٥)دەریانكردووەو ئاڕاستەی هەر یەك لە سەرۆكی فراكسیۆنەكانی (كوردستانی، گۆڕان، یەكگرتوو، كۆمەڵ)ی پەرلەمانی كوردستانیان كردووە، ئاماژە بەدوو خاڵ دەكەن:

١- لە دانیشتنی داهاتووی پەرلەماندا، پشتگیریو رەزامەندیی خۆیانو ئەندامانی لیستەكانیان دەرببڕن بە دەنگدانیان بۆ دیاریكردنی بڕی بودجەی تایبەت بۆ زیندانییەسیاسییەكان لەناو بودجەی حكومەتی هەرێمدا.

٢- پشتبەستن بە یاسای دەزگای زیندانییەسیاسییەكانی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)و بڕگەو مادە هەمواركراوەكانی ئەو رێنماییانە كە بۆی دەرچوون لەلایەن پەرلەمانی عێراقییەوە، لە كوردستانیش كاری پێبكرێت بۆ دەرهێنانی رێكخراوی زیندانییەسیاسییەكان لەژێر چنگی حیزبەوە بۆ دامەزراوەیەكی حكومیی لە سنووری یاسادا.

دەستەی داكۆكی لە مافی زیندانییەسیاسییەكان، لە بەیاننامەیەكی پێشتریاندا كە رۆژی (٢/٢٨) بڵاویانكردەوە، ئاماژەیان بەوە كردووە، كە بە بەڵگەوە ئەو راستییەیان بۆ حكومەتو پەرلەمان سەلماندووە كە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە تا ئەمساڵ، بودجەكەیان (١٣٤)ملیار دینار بووە لە بودجەی (١٧٪)ی بەشە بودجەی هەرێم، بەڵام حكومەتی هەرێم ئەو مافەی لێ زەوتكردوون.

فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان، پڕۆژەبڕیاری ژمارە (٣٦)ی لە(٢٠٠٩/١١/١٨)دا بۆ جێبەجێكردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراقی دایە سەرۆكایەتیی پەرلەمان، بەڵام لەلایەن لیستی كوردستانیی ناو پەرلەمانەوە ئاماژە بەوەكرا، كە پێویستە بە پڕۆژەیاسایەكی تایبەت بێت، هەربۆیە فراكسیۆنی گۆڕان پڕۆژەیاسایەكی تایبەتی بۆ مافی زیندانییانی سیاسیی ناردە سەرۆكایەتیی پەرلەمان، بەڵام ئەوەش نەخرایە بەرنامەوە بۆ گفتوگۆكردن لەسەری.

سەبارەت بەو رێوشوێنانەش كە بۆ چارەسەری مافی زیندانییەسیاسییەكان گرتویانەتەبەر، ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ئەندامی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی كوردستان، وتی: «لە گفتوگۆی بودجەی هەرێمداو لەناو پەرلەماندا، داوامانكردووە كە بە بڕگەیەك لەناو ئەو مادەیەی كە تایبەتە بە شەهیدانو زیندانیی سیاسیی، بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراقی جێبكرێتەوە، چونكە پێمانوایە كە زیندانییانی سیاسیی، زەحمەتی زۆریان كێشاوەو ئەشكەنجەدراون لەپێناو كوردستانێكدا كە ئێستا حكومەتەكەی ئاوڕیان لێ ناداتەوە».

نزیكەی (١٥) رۆژە، شاندی تایبەتی دەزگای زیندانییەسیاسییەكانی عێراقو نوێنەری وەزارەتی ناوخۆی عێراق لە هەرێمی كوردستانن بە مەبەستی پشتڕاستكردنەوەی فایلی زیندانییەسیاسییەكانی كوردستان، كە لەسەر داوای حكومەتی هەرێم هاتوونەتە كوردستانو لەو ماوەیەدا بەپێی یاسا زیاتر لە هەزار فایلی زیندانییەسیاسییەكانی هەرێمیان پشتڕاستكردووەتەوەو بڕیارە پڕۆسەكەش بەردەوامبێت.

رۆژی(٣/٣) لە كۆبوونەوەیەكی ئەو شاندەدا لەگەڵ سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، ئاماژە بەوەكرا، كە زیندانییانی سیاسیی ئەو كەسانەن لە رۆژگاری سەختدا بە هۆی بیروباوەڕی سیاسییانەوە زیندانیی كراون، بۆیە مافی خۆیانە كە بە هەموو مافو ئیمتیازاتێك بگەن كە بەپێی یاسا بۆیان دیاریكرابێت، ئەمە لە كاتێكدایە كە (٤)ساڵە نوێنەرانی هەڵبژێردراوی دەستەی داكۆكی لە مافی زیندانییەسیاسییەكان، چەندین رێگاو بنەمایەكی دیموكراسییانەیان گرتەبەر بۆ جێبەجێكردنو هەمواركردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی پەرلەمانی عێراق، كە چەندین ئیمتیازاتی بۆ زیندانییانی سیاسیی تێدا دەستەبەركراوە، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ كارێك نەكراوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم یاسایە لە هەرێمی كوردستانداو لەبەرئەوەش زیندانییانی سیاسیی لەئێستادا بە مانگرتن داوای جێبەجێكردنی داواكارییەكانیان دەكەن.



زیندانییانی سیاسیی لەبەردەم نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی كوردستان، بەردەوامن لە مانگرتن

# دژە تیرۆر لەسەر حسابی خەڵك خۆی دەوڵەمەند دەكات

**راپۆرتی: رۆژنامە**

لەكاتێكدا كۆمپانیایەكی ئەمنیی بەریتانی مانگانە (٨٤٠) دۆلار دەدات بە كارمەندو شۆفێرەكانی، بەڵام دەزگای دژە تیرۆر بەناوی سكرتاریەتی جەلال تاڵەبانییەوە مووچەكانیان دەگوێزێتەوە سەر سكرتاریەتو مانگانەش بەشێك لە مووچەكانیان بۆخۆی دەبات.

كۆمپانیای (DS VANSE)ی بەریتانی، كە كۆمپانیایەكی ئەمنییەو ئەركی پاراستنی پاڵاوگەو بیرەنەوتەكانی هەرێمی كوردستانەو لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە لەلایەن حكومەتی هەرێمەوە رێگەی كاركردنی پێدراوە.

(ك،م) هاوڵاتییەكی خەڵكی شاری سلێمانییەو لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە وەك شۆفێر لەگەڵ ئەو كۆمپانیایەدا كاردەكات ئاماژەی بەوەكرد؛ كاتێك وەك شۆفێر لەگەڵ كۆمپانیاكەدا كاریكردووە مانگانە بڕی (٨٤٠) دۆلاری لە بانكی وەركا لە سلێمانی یان ئۆفیسی كۆمپانیاكە وەرگرتووە، بەڵام «دوای دووساڵ لەلایەن لێپرسراوی شۆفێرەكانەوە ئاگاداركراینەوە بەوەی كە مووچەكانمان چووەتە سەر سكرتاریەتی جەلال تاڵەبانی».

(٣٥٠) شۆفێر لە كۆمپانیای (DS VANS) لە پڕۆژەكانی سنووری پارێزگای سلێمانیدا كاردەكەنو كۆمپانیاكەش لە زاخۆو كەلارو ناوچەی توركە لە سەنگاوو پڕۆژەی نەوتی شیواشۆكو فڕۆكەخانەی هەولێر كەمپی هەیە.

(ك،م) وتی: «دوای ئەوەی لە سكرتاریەت مووچەكانمان وەرگرت، هەر شۆفێرێك (١٠٠) دۆلار لە مووچەكانمان برابوو، بەڵام كە پرسیارمان كرد، وتیان ئەو (١٠٠) دۆلارە بۆ سكرتاریەتی جەلال تاڵەبانیە، ئێمەش پێمان وتن كە ئێمە كار بۆ كۆمپانیایەكی بیانیی دەكەین نەك بۆ حیزب، بەڵام لە وەڵامدا پێیان راگەیاندین هەركەسێك ناڕازییە دەوام نەكات، ئێمە خەڵكی خۆمان زۆرەو لە جیاتی ئێوە دایاندەنێین».

كەسێك بە ناوی (یوسف)ەوە كە پێدەچێت سكرتێری (رۆژ) بێت، كە ئەویش سكرتێری پاڤێل تاڵەبانییە بە شۆفێرەكانی راگەیاندووە، كە لەمەودوا مووچەكانتان لێرە وەردەگرنو پەیوەندیتان بە كۆمپانیای (DS VANSE)ەوە نەماوە، بەڵام لەوە سەیرتر ئەوەیە كە شۆفێرەكان مانگانە لەجیاتی ئەوەی مووچەكانیان لە سكرتاریەت وەربگرن لەماڵی ئەو یوسف ناوە وەریدەگرن، كە كەركوكیەو لە سلێمانی نیشتەجێیە.

بە وتەی (ك،م) یوسف مانگانە بە ئارەزووی خۆی مووچەی شۆفێرەكانی دابەشدەكردو مانگی وا هەبووە نزیكەی هەفتەیەك لە وادەی خۆی لایەدا.

(ك،م) ئەوەشی نەشاردەوە «دوای ئەوەی سكاڵامان لای بەڕێوەبەری كۆمپانیاكە كرد، بەڵام ئەو پێیوتین كە كۆمپانیا مانگانە پارەی تەواوی هەموو كارمەندو شۆفێرەكان دەدات، بەڵام ئەوە لە توانای ئەواندا نییە كە سكرتاریەت چۆنو چەند دەدەن بە شۆفێرەكان».

چەند شۆفێرێكی كۆمپانیاكە كە گوایە لەلایەن كۆسرەت رەسولەوە پشتگیرییان لێكراوە، دوای ئەوەی ناڕەزاییان لە بڕینی ئەو (١٠٠) دۆلارە دەربڕی، بەڵام دواجار دەركران.

بە وتەی (ك،م)؛ «بەڕێوەبەری كۆمپانیاكە (ئۆلیڤەر ماكوت) بێئاگایە لەو پارەبڕینە، بەڵام جێگری كۆمپانیاكە كە ناوی (ڕ،م)ەو لە بەرامبەر چەند هەزار دۆلارێكدا ئەم كارەی پێدەكرێتو شۆفێرەكانیش پێیانوایە؛ ئەو پارەیە بۆ گیرفانی (ڕ،م)و لێپرسراوی دژەتیرۆرەو لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە ئەو پارەیە لەو شۆفێرانە دەبڕێتو بۆ خۆیانی هەڵدەگرن».

ئۆفیسی هەولێری كۆمپانیای (DS VANSE) لە گەڕەكی عەینكاوەی هەولێرە، بەڵام كارمەندانو شۆفێرانی كۆمپانیاكەی هەولێر مانگانە (٨٤٠) دۆلاری خۆیان وەردەگرن.

(ك،م) ئاماژەی بەوەشكرد؛ «زۆرجار كارمەندانی كۆمپانیاكەی هەولێر ئەوە بە ئێمە دەڵێن، كە گوایە حیزب ئێمەی كڕیوەتەوە».

دەربارەی ئەوەش كە ئایا هیچ هەوڵێك دراوە بۆ بەرزكردنەوەی سكاڵاو ناڕەزایی (ك،م) وتی: «ئێمە كەسێكمان لە ئاسایش لە حالەتەكە ئاگاداركردووەتەوە، بەڵام ئەوەی پێ راگەیاندین، كە ئاسایش دەسەڵاتی هێزی دژە تیرۆری نییە».

لە كۆتاییدا (ك،م) دەربارەی بڕینی مووچەكانیان پێیوایە؛ دەسەڵاتی یاساییو دادوەریی نەیتوانیوە سەروەریی خۆی بچەسپێنێتو لایەنێكی داكۆكیكار بێت لە مافی هاوڵاتییان. هەر بۆیە پێیوابوو لە كوردستاندا ئەگەر لایەنی دەسەڵات بیەوێت بە ئارەزووی خۆیو بێ گوێدانە ئیرادەو سەروەریی مرۆڤ چی بوێت ئەنجامیدەدات.

بەپێی زانیارییەكان لە كەمپی تورگەی ناوچەی سەنگاو (١٤٠) كەس كە هەموویان خەڵكی كەلارو كفریو سەرقەڵا بوونو خزمو كەسوكاری شەهیدو ئەنفالكراوەكان بوون بە فشاری سكرتاریەت لەلایەن كۆمپانیاكەوە لە كارەكانیان دوورخرانەوەو لەجیاتی ئەوان پێشمەرگە دانراوە، بەڵام ئەوانەی خزمی بەرپرسێكی سەربازیی فەرماندەیی گشتیی بوون نەیانتوانی دەریان بكەن، ئەو پێشمەرگانەش كە لەلایەن سكرتاریەتی جەلال تاڵەبانییەوە نێردرابوون، سەرەتا مانگانە (١٠٠) دۆلاریان پێدەدراو دوای ساڵێك كرا بە (١٢٥) دۆلارو ئێستاش (١٥٠) دۆلاریان دەدرێتێ، ئەوە لەكاتێكدایە (٦٤٠) دۆلار بۆ هەر پێشمەرگەیەك لە كۆمپانیاكە وەردەگیرا.

بۆ بێدەنگكردنی ئەفسەرو پلەدارەكانیش ئۆتۆمبێلێكی دەبڵ كابینەی مۆدێل (٢٠٠٩) لەسەر مووچەی پێشمەرگە بۆ هەر ئەفسەرێك كڕاوە.

**هەر شۆفێرێك (١٠٠) دۆلار لە مووچەكانیان برابوو، بەڵام كە پرسیارمان كرد، وتیان ئەو (١٠٠) دۆلارە بۆ سكرتاریەتی جەلال تاڵەبانییە، ئێمەش پێمان وتن كە ئێمە كار بۆ كۆمپانیایەكی بیانیی دەكەین نەك بۆ حیزب**





# ــــەکانی ڕووناک کردەوە







فۆتۆ: ناصیح، بەهادین، هیوا





# مۆمی گۆڕان، سندووق






# منداڵانیش لە (٣/٧)دا دەنگیان دا

**ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**

ئەوینی تەمەن (٤) ساڵ بە جلی کوردییەوە لە بنکەیەکی دەنگدان هاتە دەرەوەو وتی: منیش دەنگمدا، بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکەشی پەنجە مۆرکراوەکەی پیشاندام‌و وتی: «لە هەڵبژاردنی پێشوو نەیانهێشت بچمە بنکەی دەنگدانەکەوە، بەس ئەمجارە، چونکە گـەورەبـووم پۆلیسەکە کردمیە ژوورەوە منیش چووم پەنجەم مۆرکرد».

لە ڕۆژانی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە لە (٢/١٢) دەستیپێکردو ماوەی (٢٢) ڕۆژی تەواو منداڵان لەسەر شەقام‌و سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بەدیدەکران، کە بەشدارییەکی بەرچاویان هەبوو لە بانگەشەکردن بۆ ئەو لیستانەی کە بەلای خێزانەکانیانەوە پەسەندن، هاوکات لە ڕۆژی هەڵبژاردنیشدا کە پێریّ (٣/٧) بەڕێوەچوو بینرا کە زۆربەی خێزانەکان لەکاتی چوونیان بۆ دەنگدان منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەبـرد بۆ بنکەکانی دەنگدان، ئەمەش ئەو بڕوایەی لای منداڵەکان دروستکردبوو کە ئەوان بۆیان هەیە دەنگبدەن‌و بەشداریی لە پرۆسەی سیاسیدا بکەن، بەڵام ئەمە نیگەرانیی لای پارێزەرانی مافەکانی منداڵان پەیداکردو بە بـڕوای کۆمەڵناسان‌و دەرونناسان بەشدارییپێکردنی منداڵ لەو بوارەدا دەچێتە خانەی پێشێلکاریی مافەکانی منداڵانەوە.

سەناریا نەزیف، کۆمەڵناس، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا مرۆڤ هەر لە لەدایکبوونییەوە تا گەورەبوون لە کەشێکی وادا پەروەردە دەبـێـت کـە سیاسەت ڕاستــەوخـۆ یان ناڕاستەوخۆ تێکەڵ بە ژیانی دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی خێزانەکانەوە، وتیشی: «منداڵ جۆرێک لە فزولیەتی تێدایە بۆ تێکەڵبوون بە ڕەوشەکان، یەکێک لەو ڕەوشانەش کە حەز بە تێکەڵبوونی دەکەن سیاسـەتە».

ئاماژەشی بەوەکرد؛ منداڵ لەوە تێناگات کە بانگەشە بۆ لایەنێک بکات، توانای ئەوە نییە کە بیربکاتەوە ئایا ئەو بۆچی هاتووەتە سەرجادە یان ئەو ئاڵایەی کە ئەو بەدەستییەوەیەتی چ مانایەکی هەیە، بەڵام بەداخەوە خێزانەکان وا لە منداڵەکان دەکەن کە بەشداربن لە بانگەشەدا، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەکردنی خێزانی کــورد بۆ ئــەم لایەنە کە منداڵەکانیان بەوشێوەیە بەکاردەهێنن.

بە بڕوای ئەو کۆمەڵناسە تێکەڵکردنی منداڵ بە سیاسەت ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر کەسێتیی ئەو منداڵە، وتیشی: «تاکی ئێمە خاوەنی بڕیارو کەسایەتییەکی تایبەت بە خۆی نییە، لەبەرئەوە لە منداڵیدا خێزانەکان بڕیاریان بۆ دەدەن، کە ئەمە کارێکی باش نییە، بەڵکو پێویستە منداڵ وا پەروەردە بکرێت کە خۆیان خاوەنی بڕیاری خۆیان بن».

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هیچ کەسێک لە خوار تەمەنی (١٨) ساڵەوە مافی بەشداریکردنی لە پرۆسەی دەنگداندا نییە، بەوپێیەش بەشداریکردنی منداڵی خوار تەمەنی (١٨) ساڵ لە پرۆسەی بانگەشەو بردنی بۆ بنکەی دەنگدان نەخوازراوەو هەندێکجار کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی منداڵەکە دەبێت.

سامان سیوەیلی، دەرونناس، ئاماژە بەوەدەکات؛ بەکارهێنانی منداڵ هەر لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە تا ڕۆژی دەنگدان دیاردەیەکی ناپەروەردەیی‌و نادروستە، وتیشی: «ئەمە تێکەڵکردنی منداڵە بە سیاسەت‌و شێواندنی ئەو دنیا پاکیزەیەی منداڵە».

منداڵ لە کۆمەڵگەی کـوردەواریـدا وا پەروەردەکراوە، کە ڕێگە لە بیرکردنەوەی بگیرێت‌و ئەو بیروڕایەی کە دایک‌و باوک یان گەورەکان لەناو خێزاندا هەیانبووە لە ڕێی پرۆسەی گۆشکردنی کۆمەڵایەتییەوە بگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکان، کە لەو ڕێگەیەوە منداڵ وا ڕادەهێنرێت کە وەک گەورەکان بیربکاتەوە بەبێ ئەوەی کە پانتاییەک بۆ بیرکردنەوەی ئازادیی منداڵ بەجێبهێڵرێت، ئەمانە نەک بۆ سیاسەت، بەڵکو لە زۆربەی بوارەکانی دیکەشدا وابووە، بۆ نموونە لەناو خێزانی کورددا کوڕەکان دوای ئەو پیشەیە کەوتوون کە باوکیان هەیانبووە،

بۆیە بە بڕوای سیوەیلی بەشدارییپێکردنی منداڵ لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردن «پێشێلکارییە بەرامبەر مافی منداڵ»، چونکە یاساکان دیارییانکردووە کە تا تەمەنی (١٨) ساڵی تاکەکان بۆیان نییە دەنگبدەن، کەواتە تا ئەو تەمەنە دیاریکراوە مافی تێکەڵبوونی بە سیاسەت‌و بانگەشە سیاسییەکانیشی نییە، «بەڵام بەداخەوە ئەم پێشێلکارییە زۆر بە زەقی دیارە لەکاتی باران‌و سەرماشدا منداڵ دەبینرا لەسەر شەقامەکان بەبیّ ئـەوەی ڕەچـاوی گەرماو سەرما بۆ ئەو منداڵە بکرێت بانگەشەی پێدەکرا، کە ئەمە بۆ ئایندە لە ڕووی کەسایەتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و دەروونییەوە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت».

لای خۆشیەوە ڕێـخـراوی (STEP) لە بەیاننامەیەکدا کە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بڵاویکردوە داوا لە لیست‌و قــەوارە سیاسیەکان دەکـات کە منداڵان بەکارنەهێنن بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن‌و ڕێگە نەدەن منداڵان بچنە شوێنە قەرەباڵغ‌و پڕ ململانێکانەوە.

ڕێکخراوەکە دەڵێت: پێویستە منداڵان بەکارنەهێندرێن بۆ هەڵواسین‌و دراندنی پۆستەر، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی چاندنی ڕق‌و کینە لەناخی منداڵان‌و شێواندنی بەهاکان.



کۆمەڵناس‌و دەروونناسەکان ڕەخنە لە بەشداریی منداڵان دەگرن لە هەڵبژاردندا

فۆتۆ: ڕۆژنامە

## گەڕاندنەوەکە کوردستان ناگرێتەوە

# نزیکەی (٥) ملیۆن ئۆتۆمبێل لە بازاڕەکانی جیهاندا کێشراونەتەوە

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**

دوای دەرکەوتنی گرفت لە سیستمی هاتوچۆی بەشێک لە بەرهەمەکانی کارگە بەناوبانگەکانی ئۆتۆمبێل‌و کەوتنەوەی هەزاران ڕووداوی هاتوچۆ بەهۆیانەوە، چەند ملیۆنێک ئۆتۆمبێلی ئەو کارگانە گەڕێنرانەوە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکانی ئەو کۆمپانیایانە لە کوردستاندان‌و هیچ بەدواداچوونێک لەو ڕووەوە نەکراوە. پەرلەمانتارێکی کوردستانیش ئەوە بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت دەگەڕێنێتەوەو دەڵێت: «بەشێکی ئەو کۆمپانیاو بریکاری ئۆتۆمبێلانەش هی بەرپرسانن، بۆیە بەدواداچوون‌و لێپێچینەوە ناکرێت».

هەرچەندە بەهۆی چێکنەکردنەوەوە نازانرێت کە کێشە لە سیستمی ئۆتۆمبێلی ئەو کۆمپانیانەدا هەیە کە لە کوردستاندان، بەڵام بەکارهێنەران بە پێویستی دەزانن بەدواداچوونی بۆ بکرێت‌و ئەگەر گرفتێک هەیە ئاگاداربکرێنەوە.

هەردی فاروق، ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتا ڕاڤی مۆدێل نوێی هەیە، کە لە لیستی ئەو ئۆتۆمبێلانەیە تۆیۆتا کێشایەوە، ئاماژەی بـەوەکـرد؛ دوای بیستنی ئەو هەواڵە نیگەران بووەو ئـارەزوو دەکات بزانێت هیچ کێشە لەو ئۆتۆمبێلانە هەیە کە هێنراونەتە کوردستان‌و وتی: «پێویستە چێککردنەوەیەک هەبێت بۆئەوەی دڵنیابین، ئەگەر کێشەیەکیش دەرکـەوت حکومەت لێپێچینەوە بکات».

لای خۆشیەوە عەبدوڵڵا مەلانوری، ئەندامی لیژنەی پاراستنی مافی بەکاربەر، پێیوایە؛ لە بواری کارەبایی‌و خواردن‌و ئۆتۆمبێلدا ئەم وڵاتـە بووەتە بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵای خراپ کە هیچ چاودێرییەک لەسەر کوالێتییان نییە بەجۆرێک لە جۆرەکان، «بەوپێیەی بەشێکی بــازاڕ تێکەڵ بە بـەرژەوەنـدیـی حیزب بووەو کاری چاودێریکردن پشتگوێخراوە ئــەوەش وایـکـردووە هاوڵاتییانی ئەم هەرێمە زەرەرمەندبن لێی، جگە لەوەی کار بە سیستمی بیمە (زەمـان) ناکرێت‌و تائێستاش یاسایەک نییە بەناوی یاسای مافی بەکاربەر، هەرچەندە ئەو یاسایە لە پەرلەمانەو ڕاپۆرتی لەسەرکراوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاساکەو نەبوونی سیستمێکی چاودێریی چالاکەوە هەمیشە بەشێک لە داهات‌و پارەی خەڵک بۆ شتی خراپ بەفیڕۆچووەو ئەو داهاتەش چووەتە گیرفانی کۆمەڵێک کـەسـەوە، ئـەوەش دەریـدەخـات کە جۆرێک لە ناشەرعیی هەیە لە کڕین‌و فرۆشتن، بەوپێیەی ئەو پێداویستییانە چ ئۆتۆمبێل یان شتێکی دیکە بێت لە ڕووی کوالێتییەوە لەئاستی پێوستدا نین کە دێنە بازاڕەکانی کوردستانەوە».

دوای ئەوەی زانرا کێشە لە سیستمی بڕێک‌و سلێکتەری چەند جۆرێکی ئۆتۆمبێلی تۆیۆتای یابانی هەیە، کۆمپانیای بەرهەمهێن زیاتر لە (٢) ملیۆن ئۆتۆمبێلی لە بازاڕەکانی جیهاندا کێشایەوە، لەلایەکی دیکەشەوەو دوای دەرکەوتنی هەمان کەموکوڕیی کۆمپانیای جێنراڵ مۆتۆرزی ئەمریکی نزیکەی (١) ملیۆن‌و (٥٠٠) هەزار ئۆتۆمبێلی کێشایەوە، بەڵام تائێستا هیچ ئۆتۆمبێلێکی ئەو کۆمپانیایانە لە بازاڕەکانی کوردستاندا نەگەڕێنراوەتەوە.

لەبارەی گرفتی ئەو ئۆتۆمبێلانەشەوە عەبدوڵڵا مەلا نوری وتی: «ئەو ئۆتۆمبێلانە کە دێنە کوردستانەوە سیستمێک نییە چێکی بکات یان حکومەتێک نییە خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لەو ڕووەوە، کە بێگومان ئەوەش کەمتەرخەمیی حکومەت‌و وەزارەتــی پەیوەندیدار دەردەخــات، کە هەوڵنادات بۆ چێککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکانی ئەو کۆمپانیایانەی کە دانیان بەوەدا ناوە هەڵە لە سیستمی ئۆتۆمبێلەکەدا هەیە»، هەروەک بە پێویستیشی دەزانێت حکومەت‌و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەدواداچوون بۆ ئەو کێشانە بکەن لەبەر پاراستنی گیانی هاوڵاتییان‌و ڕێگریی لە ڕووداوی هاتوچۆو ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتییان لە سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکان‌و وتیشی: «بـەڵام جگە لە کەمتەرخەمیی، گرفتەکە لـەوەدایـە کە بەشێکی ئەو کۆمپانیاو بریکاری ئۆتۆمبێلانە هی بەرپرسانی ئەم حکومەتەن، بۆیە لە ئەنجامدا هێندە بەلای ئەو کۆمپانیایانەو کەسەکانی پشتیانەوە گرنگە چەند قازانج بکەن هێندە بەلایانەوە گرنگ نییە کە چەند هاوڵاتییان‌و بەکارهێنەری ئەم وڵاتە زەرەرمەند دەبێت، ئەوەش بە دڵنیاییەوە بۆ کەمتەرخەمیی حکومەت‌و نەبوونی یاساو نەبوونی دامەزراوەیەکی بەهێزو چالاک بۆ کوالێتی دەگەڕێتەوە».

لەبارەی بەدواداچوونی لیژنەکەشیانەوە وتی: «تائێستا شکات‌و سکاڵایەک لەلایەن بەکارهێنەرو هاوڵاتییانەوە نەگەیشتووەتە لیژنەکەی ئێمە، هەرکاتێک شتی لەوجۆرە هەبێت، بەدڵنیاییەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، ئەگەر هەر گرفتێکیش هەیە داوا لە هاوڵاتییان دەکەم سکاڵا لای ئێمە بکەن بۆ ئەوەی بەدواداچوونیان بۆ بکەین‌و کێشەکە چارەسەر بکەین».



ماڵی قەڵب دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی

## لە یەک مانگدا ٢٥ ڕۆژنامەوان پەلاماردراون

# ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستان، لە مەترسیدایە

ڕاپۆرتی: ڕۆژنامە



لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا، دەسەڵات زۆرترین پێشێلکاریی بەرامبەر ڕۆژنامەوانان کرد

بەرپرسانی سیاسییو بەڕێوەبەرانی میدیای حیزبیی دان بە بوونی میدیای ئەهلیدا نانێن، بە بۆچوونی شارەزایانی بواری میدیا، ئەو داننەنانە بە میدیاو ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، ترسی دەسەڵاتە لەو کاریگەرییەی کە دەزگاکانی میدیای ئەهلی خەریکە دروستیدەکەن.

### کارکردنی میدیا بەچی ئاراستەیەکە؟

پرۆسەی میدیا پرۆسەیەکی تەواوکارییە، بەوپێیەی دەبێت پێداویستییەکی سیاسییو فەرهەنگییو ئابووریی هەبێت، ئینجا کەناڵ دروستبێت، بەڵام لە کوردستان وەک هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای کۆلێژی ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، ئاماژەی پێدا؛ ئەو تەواوکارییە نییە، حیزب قسە دەکات تا پەیامی خۆی بە خەڵک بڵێتو گوێناگرێت لەوەی خەڵک لە کاردانەوەکەیدا چی دەڵێن، بۆیە «زۆرکات دەبینین میدیای ئێمە بە یەک ئاراستە کاریکردووە، ئەوەندەی کاردانەوە بووە، ئەوەندە بکەرو کرداریی نەبووە».

### پەیامەکان ئاراستەی خەڵک ناکرێن

جیاوازییەکی دیکەی میدیای کوردی کە هەستپێدەکرێت، ئەوەیە کە پەیامەکان ئاراستەی وەرگر ناکرێن، لەو بارەیەوە ئاکۆ محەمەد، سەرنووسەری هەفتەنامەی ڕووداو، دەڵێت: «لە کوردستان کەموکورتییەک هەیە کە هەواڵو ڕاپۆرتو زانیارییەکان بە خەڵکەوە نابەسترێنەوە، ئەمەش زیاتر لە دەزگاو ڕۆژنامە حیزبییەکاندا دەبینرێت، پەیامەکان ئاراستەی خەڵک ناکرێن، ئەمەش جیاوازی ئێمەیە لەگەڵ کەناڵو دەزگا میدیاییە ئەوروپاییەکاندا».

### نکۆڵی لە میدیای ئەهلیی ناکرێت

بەشێک لە سیاسییەکان یان ئەوانەی دەزگایەکی میدیای حیزبیی بەڕێوەدەبەن، نکۆڵیی لەوە دەکەن کە دەزگای میدیاو ڕۆژنامەی ئەهلیی بوونیان هەبێت لە کوردستان، پێشتر نەژاد عەزیز سورمێ، سەرنووسەری ڕۆژنامەی خەبات (زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان)، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «باوەڕم بەوە نییە کەناڵێک هەبێت بە ناوی کەناڵ یان ڕۆژنامەیەکی ئەهلیی، هیچ ڕۆژنامەیەک لە کوردستان بە ئەهلیی نازانم، چونکە ئەوانەی پێیاندەوترێت ئەهلیی، کە دەیانخوێنیتەوە بە ڕاشکاوانە لایەنگرییان پێوەدیارە».

لەبەرامبەردا ڕێبین ڕەسوڵ، هەڵسوڕاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەوبۆچوونە ڕەتدەکاتەوەو ئاماژە بەوەدەکات؛ «ئەو کەسانەی دەڵێن دەزگاو ڕۆژنامەی ئەهلیمان نییە لە کوردستان، ئەوانەن کە سەرپەرشتی دەزگای حیزبیی دەکەنو لە دەرەوەی حیزبەکان هیچی دیکە نابینن‌و باوەڕیان پێی نییەو باوەڕیان بە دەزگای سەربەخۆو ئەهلیی نییە».

چونکە بە وتەی هەڵسوڕاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ ناکرێت ئەو ڕاستییە نەبینین کە ئێستا دەزگای ئەهلیی بوونی هەیە لە کوردستانو لە (٩) ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵیان هەبووە لە ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانو لە دروستکردنی بۆچوونی ڕەخنەیی نوێ، هەموو ئەو بانگەشانەی کە باس لەوەدەکەن دەزگای ئەهلیی نییە لە کوردستان، بانگەشەی پووچو بێبنەمایەو بۆ سڕینەوەی ئەو کاریگەرییەیە کە دەزگای ئەهلیی خەریکە دروستیدەکات لە کوردستانو هیچ سوودیشی نابێت جگە لە چەواشەکردنی خەڵک، هەر بۆیە دەبێت واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکرێت».

### میدیا یان سەنگەری دژبەیەک

لە هەموو ئەو کۆمەڵگانەی ئازادیی ڕادەربڕین تێیاندا سنووردار نییەو میدیای ئەهلییو حیزبیی سەنگەری دژبەیەکیان نەگرتووە، هێزە ئەمنییەکان لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین هێرش ناکەنە سەر ڕۆژنامەنووسان، ئەوا دەتوانرێت بە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ناوببرێنو تیایاندا ڕێز لە ڕاو بۆچوونی جیاواز بگیرێت، بەڵام نەک لە کوردستان کە ئازادیی ڕادەربڕین، کە بووەتە وتەی سواوی سەر زمانی بەرپرسەکان تەنیا بۆ چەواشەکردن بێتو لەبەرامبەردا ڕۆژانە ڕۆژنامەنووسان لەسەر بۆچوونی جیاواز ئازاربدرێنو دەستدرێژییان بکرێتەسەر.

عەبدولڕەحمان سدیق، سەرۆکی سەنتەری پرد بۆ لێکۆڵینەوە، پێیوایە؛ لە وڵاتانی دیموکراسیدا یاسا بەرقەرارە، بەڵام لە کوردستان تائێستا پێشبڕکێی سیاسیی بە نەفەسێک کاری بۆ دەکرێت، کە دەبێتە تۆڵەی سیاسی، ئەمە گرفتێکی گەورەیە لە کاری سیاسیی ئێمەدا، کە وایکردووە ڕای جیاواز قبوڵنەکرێت.

### ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستان لە مەترسیدایە

تێنەگەیشتنی دەسەڵات لە میدیای ئەهلییو سەربەخۆو قبوڵنەکردنی بۆچوونو بڵاوکراوەکانیان گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی میدیای ئازادو دەسەڵات بوونەتە دوو بەرەی جیاوازو دژبەیەک، بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووریش «دیموکراسیو ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستانی عێراق لە مەترسیدایە»، لەمبارەیەوە ئاسۆس هەردی، ڕۆژنامەنووس، دەڵێت: «دەسەڵاتداران بەردەوامن لە وتارەکانیان دەربارەی ئازادیی ڕادەربڕینو شانازیی دەکەن بە سەربەخۆیی کەرتی ڕاگەیاندن، بەڵام ئەم قسانە هیچ مانایەکیان نییە، دەسەڵات لە کوردستان بڕوای بە ئازادیی ڕادەربڕین نییە».

هاوکات کەمال ڕەئوف، سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوڵاتی، دەستدرێژیکردنە سەر ڕۆژنامەنووسانی ئازاد بە غەدرێک دەزانێتو دەڵێت: «بەوپێیەی ڕۆژنامەنووسانی ئازادو سەربەخۆ، بەشداریمان کردووە لە باشکردنی ئاستی دەستپاکیی کەرتی ڕاگەیاندنو سەربەخۆییبوونی، ئەمەش لە بەرژەوەندیی خوێنەرانە، بەڵام لەبەرامبەردا ئەمڕۆ هێزە ئەمنییەکان هەڵدەکوتنە سەرمانو بەبێ هۆ لێماندەدەن».

### کەمپەینێکی جیهانیی بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان

بەپێی چەند ئامارێکی باوەڕپێکراو لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق کە (٤) هەفتەی خایاند، زیاتر لە (٢٥) ڕۆژنامەنووس کەوتوونەتە بەر لێشاوی ئیهانەکردنو داپڵۆسینو هەڕەشەلێکردن، ئەمە جگە لە سەرجەم ئەو توندوتیژییو زەبرو زەنگانەی کە لەساڵی (٢٠٠٨ و ٢٠٠٩) دا بەرامبەر ڕۆژنامەنووسانو میدیای ئەهلیی تۆمارکراون، کە تائێستا زیاد لە (٢٠٠) حاڵەتی توندوتیژیی هەر لە کوشتنو ڕفاندنو لێدانو داپڵۆسینو ئیهانەکردنو دەرکردنو دادگاییکردنو هەڕەشەکردن لە ڕۆژنامەنووسان تۆمارکراون.

دوای زیادبوونی توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانو میدیای ئەهلیی لە هەرێمی کوردستان، کەمپەینێکی جیهانیی بۆ بۆ بەرگریکردنو بەجیهانیکردنی داکۆکیکردن لە ڕۆژنامەنووسانو ئیدانەکردنی هەر کردەیەکی ناشارستانیو نامرۆیی کە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدەدرێت پێکهێنرا.

ئاسۆ جەبار، بەرپرسی ڕێکخراوی بەرگریکردن لە ئازادیی نووسین، ئەوەی خستەڕوو، کە «دیاردەی لێدانو ڕفاندن پێکڕا دیاردەیەکی ڕێکخراوو بەرنامە بۆداڕێژراوە، لە فۆرمێکی نایاساییو نامرۆییدا، هەوڵێکی مەترسیدارە بۆ خولقاندنی کەشوهەوایەکی تۆقێنەرو هەڕەشەئامێز.

### هێرشی سەر میدیای ئەهلیی بەکوێ دەگات؟

ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر میدیا ئەهلییەکان بابەتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی مایەی مەترسییو نیگەرانییە ئەو زمانە پڕ هێرشو تۆمەتبارکردنەیە کە میدیای حیزبیی دەیکاتە سەر لایەنەکانی دیکە.

بە وتەی شوان محەمەد، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاوێنە؛ سیاسیو ڕۆژنامەنووس لە ڕووی ئەرکو مافو ئەو پێگەیەی لە کۆمەڵگەدا هەیانە دوو کائینی جیاوازن.

سەرنووسەری ئاوێنە نیگەرانە بوو لەوەی؛ بەشێکی زۆری سیاسیو ڕۆژنامەنووسەکانی وڵاتی ئێمە لەبری ئەوەی پەیامە جوانو مرۆڤدۆستییەکەی ڕۆژنامەنووسیی ڕۆڵی هەبێت لە گۆڕینی تێڕوانینیان بەرامبەر دیموکراسیو یەکتر قبوڵکردن، کەچی کاری ڕۆژنامەگەریی بەکاردەهێنن بۆ دژایەتیکردنو سڕینەوەی بەرامبەر. پرسی گەورەش لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە، کە ئایا سەرکردە سیاسییەکان مەترسیی ئەوەیان نییە کە ئەم شێوەیە لە گوتار دەبێتە مایەی بەرپابوونی شەڕێک کە چەندینجار نەفرەتی لێکراوە؟ ئایا ئەوەی ئێستا دەیکەن یاریکردن نییە بە ئاگر؟

### میدیای حیزبیی مشەخۆری بودجەی گشتین

تائێستا لە کوردستان یاسایەک نییە کە بودجەی حیزبەکان ڕێکبخاتو بەپێی ئەو بودجەیە حیزبەکان پشتگیریی میدیاکان بکەن، یان میدیای تایبەت بەخۆیان هەبێت، یان ڕێگریی لەوە بکات زۆربەی میدیا حیزبییەکان لەسەر بودجەی حکومەت بەڕێوەنەبرێن.

حیزب هەیە لە کوردستان لانیکەم (٣-٤) کەناڵی تەلەفزیۆنی لە هۆتبێردو نایلسات هەیە، کە تەنیا شوێنی پەخشکردنی ئەو کەناڵانە لەسەر مانگی دەستکرد ساڵانە (٣٥٠ – ٧٠٠) هەزار دۆلارە، ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرەی کارمەند کە کار لەو دەزگایانەدا دەکەنو جگە لەو ڕۆژنامەو گۆڤارو ڕادیۆیانەی دیکە کە موڵکی هەمان حیزبنو مانگانە بودجەیەکی خەیاڵییان بۆ خەرجدەکرێت.

وەک هەڤاڵ ئەبوبەکر باسی لێوەکرد؛ بوونی دەزگای سەربەخۆ گرنگە، چونکە لانیکەم لە بودجەی گشتیی ناخۆن، زانیارییەکان وا بڵاوناکەنەوە کە کەسێکی دیاریکراو دەیەوێت بیڵێت، بۆیە ئەمانە لە دنیادا جیادەکرێنەوە لە ڕۆژنامەو کەناڵە حیزبییەکان، چونکە یان پشت بە فرۆشتنی خۆیان دەبەستن، یان سەرمایەدارێک یان گرووپێک دەریاندەکەن، گرنگ ئەوەیە ئەو پارەیەی تێیدا خەرجدەکرێت بەرپرسیارن لە گەڕانەوەی، چونکە بە وتەی هەڤاڵ ئەبوبەکر؛ «میدیای ئەهلیی یەکێک لە گرنگییەکانی ئەوەیە، کە تێکەڵی بازاڕ بووەو ئەوەی پێیدەوترێت ئابووریی نەتەوەیی دەوڵەمەندو بەهێزدەکاتو لاوازی ناکات، بەڵام ئەوەی حیزبەکان دەیکەن، ئەوەی پێیدەوترێت ئابووریی نەتەوەییو ئاسایشی ئابووریی دەهێننە خوارەوە، چونکە بەبێ ئەوەی شتێک پێشکەش بکەن، لە پارەی گشتیی دەخۆن».

ئەوجۆرە ڕۆژنامانەی کە بە ڕۆژنامەی نیمچە حیزبیی یان سیاسی ناودەبرێن، کە ڕەنگە پێویستییەک هێنابنیە کایەوە تا ببنە بەدیلێک بۆ ڕۆژنامە حیزبییەکان، چونکە بە بۆچوونی یوسف محەمەد، شارەزا لە بواری میدیا؛ ڕۆژنامە حیزبییەکان ئەگەر دابەشنەکرێن بەسەر دامودەزگا حکومیو حیزبییەکاندا، ڕەنگە خوێنەرێکی ئەوتۆیان نەبێت، هەربۆیە سەرکردە حیزبییەکان بەشوێن بەدیلێکدا دەگەڕێن کە ئەو ڕۆژنامە نیمچە حیزبییانەیان کردووەتە بەدیل بۆ ئەو ڕۆژنامە حیزبییانە.

لەبەرامبەردا ڕێبین ڕەسوڵ، ئەمە بە نەریتێکی نوێ دەزانێت، کە بەرپرسە حیزبییەکان چەند ڕۆژنامەنووسێک کۆدەکەنەوەو پارەیان دەدەنێ بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە یان گۆڤارێک تا بەرگرییان لێبکات کاتێک کە ڕەخنەیان لێدەگیرێتو لە ڕێگەی ئەو کەناڵانەوە وەڵامی ئەو کەسو لایەنانە بدەنەوە کە لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە ناگونجێن لەگەڵیان».

### هەواڵ پارە ناکات

هەڤاڵ ئەبوبەکر، پسپۆڕی بواری ڕاگەیاندن، پێیوایە؛ دەزگا ڕاگەیاندنە حیزبییەکان لەبەرئەوەی سەرچاوەی داراییەکەیان لە بودجەی گشتییو حیزبەکانەوە دەردەچێت، نە گوێ بە تیراژ دەدەن، نە گوێ بە ڕیکلام دەدەن، نە بە چاپەمەنیو فرۆشتن دەدەن، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە گوێ بە هەواڵ نادەن. هەواڵ لە وڵاتی ئێمەدا پارە ناکات، لەبەرئەوەی کێبڕکێ لەنێوان کەناڵەکاندا لەسەر دەستپێشخەریی ڕۆژنامەگەریی نییە، بەڵکو ئەو حیزبەی کەناڵەکە ئاراستە دەکات خۆی چی دەوێت ئەوە پێشکەشدەکات.

ئەو پەیامە دژبەیەکەی میدیا حیزبیو ئەهلییەکان، دوولایەنەیە، کە لەلایەک خەڵک هۆشیار دەکاتەوەو دەتوانێت لە مافەکانی تێبگاتو داکۆکییان لەسەر بکات، لەلایەکی دیکەوە جۆرە سەرلێشێواندێک لە کۆمەڵگە دروستدەکاتو حکومەتو ڕۆژنامەنووسو خودی ڕۆژنامەنووسانیش دەکاتە دوو بەرەی دژبەیەک، کە دەکرێت بپرسین ڕەوشی میدیا لە کوردستانو ململانێو کێبڕکێی نێوان میدیا حیزبیو ئەهلیو سەربەخۆو سیاسییەکان بەکوێ دەگات؟

# بزووتنەوەی «گۆڕان»، وەک هێزێکی پۆست-ئۆپۆزسیۆن

**شوان رەئوف**

لە دوای (٧/٢٥)ەوەو جیاواز لە بزووتنەوەو پارتە سیاسییە تەقلیدییەکانی تری کۆمەڵگای کوردی، هێزێکی سیاسیی-کۆمەڵایەتی، هاتە مەیدانی سیاسییو جوڵانەوەی کوردییەوەو لەگەڵ هاتنە مەیدانی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی، خۆی سەلماندو ئەمەش دەرئەنجامی توورەیی‌و بێتاقەتی تاکی کوردی بوو لە دەسەڵاتو فەرمانڕەواییەکانی ئەم هەرێمە لە دوای (١٨)ساڵو بەجێنەهێنانی ئەو بەڵێنو پەیمانانەی کە لە پەیڕەوو پرۆگرامی پارتەکاندا نووسراوەو دووبارەکردنەوەی شێوازی حوکمڕانی بەعس، بەڵام بە زمانی کوردی. هەروەها رێزنەگرتنی ئیرادەی تاکی کوردی لە هیچ کاتو ساتێکداو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگای کـوردی لە ژووره تاریکەکانی دوور لە کۆمەڵانی خەڵکو شێوازی بڕیاردانیش، تەنها میزاجی شەخسی چەند کەسێک دایڕشتووەو دەرکــراوەو دواتریش بەهەدەردانی سامانو موڵکی گشتیو سەرفکردنی بەشێوەیەکی ناعەدالەتی، تا ئەو رێژەیەی کە میللەتێکی هەژارو فەرمانڕەوای دەوڵەمەند، بەرهەمی ماوەی حوکمڕانییان بوو، زۆر کەلێنی تریش هەن کە ناکرێت هەموویان باس بکەین، چونکە سەرجەمیان زیندوونو پێویست بە بیرخستنەوە ناکەن.

### دەرکەوتنی گۆڕان:

گۆڕان وەک بزووتنەوەیەکی سیاسیی لە دوای نزیکەی دوو دەیە لە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی دەرکــەوتو دەکرێت ئەمەش جیاواز لە بزووتنەوە سیاسییەکانی تری کورد، فۆرمێکی جیاواز بخاتە ئەستۆی بزووتنەوەی گۆڕان کە زۆربەیان لەسەرەتا بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی دەرکەوتنو دروست بوون، یاخود بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتە داگیرکەرەکان کە ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، گۆڕان پێویستییەکی نێوخۆیی دروستی کرد، نەک هەڕەشەیەک لەسەر ئەمنی نەتەوەییو دیارە لەسەرەتادا دەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشە نێوخۆییەکانەو دواتر دەگاتە ئەوەی کە پەنجە بەرێت بۆ کێشە هەستیارە دەرەکییەکان، چونکە ئەگەر هەر هێزێک بەبێ سلەمینەوە، بتوانێت دەست بۆ کێشە نێوخۆییەکان بەرێتو بیانخاتە بەردەستی تاکەکانی کۆمەڵو هەوڵی چارەسەریان بدات، ئەوە گومانی تێدا نییە کە بێباکانە لەسەر مەترسییە دەرەکییەکانیش هەڵوێستی جدیی دەبێتو دواتریش پەنگخواردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی گەیشتبووە زیاتر لە رادەی تەقینەوەو لەهەندێک کـاتو ساتیشدا ئەم پەنگخواردنەوەیە بەرجەستە دەکرا لە خۆپیشاندانو هەڵوێستوەرگرتندا، چ لە لایەن تاکەکانی بە سەربەخۆیی، یاخود لە رێگەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، یاخود پێکهێنانی گروپو کۆمەڵەی سەربەخۆ بۆ هەڵوێستنیشاندان، جگە لەو نووسینانەی کە بەردەوام لە میدیاکانەوە (بەتایبەت میدیای سەربەخۆ)وە بڵاودەکرانەوە.

### یەکانگیربوونی بزووتنەوەکە لەگەڵ کۆمەڵگادا:

دوای ماوەیەک لە دروست بوونی کۆمپانیای وشە، لەلایەن بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکەوەو بەهەوڵی زۆری هەندێک کەسایەتیی سەربەخۆ، لیستێک بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێکهێنرا لە (٧/٢٥) داو لیستەکەش بە گەرمی لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی کرا (بە تایبەت لە شاری سلێمانی)، ئەمەش لە ئەنجامی بێزاری چەندین ساڵەی خەڵکەوە بوو لە دەسەڵاتی سیاسییو بەڕێوەبردن، ئەو شەپۆلە توورەیەی خەڵک، گەیشتە ئەوەی کە ئەمجارە پێشوازی لە رەنگێکو دەنگێکی جیاواز بکاتو دواتریش بە ئومێدی کارکردن بۆ هاوڵاتییان، خەڵکێکی تریش هەم پشتیوانیو هەم کاری جدییان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکە دەکردو هەڵبژاردنی کەسانی سەربەخۆیش، پەیامێکی تر بوو کە لە کاتو ساتی خۆیدا گەیشتە تاکەکانی کۆمەڵگا، ئەویش کە سەلماندی، بزووتنەوەی گۆڕان تەنها پێکهاتەیەکی جیابووەوەی حیزبێک نییە، بەڵکە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆو هەندێک ئەندامانی حیزبەکانیش کە لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵات نارازینو هاتوونەتە نێویو ئەوانیش بەشێکی دانەبڕاون لەکۆمەڵگا کە ناکرێت هەندێک خوێندنەوەی نا ئەقڵانی بۆ بکرێتو بەو شێوازە بخوێنرێتەوە کە ئەم گروپانە ئامانجیان خزمەتکرنەوەی پارتێکی دیاریکراوە لــەدەرەوەی پارتەکە، چونکە هەر کەسێک بیەوێت، خزمەتی پارتەکەی خۆی بکات، باشترین شوێن بۆی، ناو پارتەکەیە کە بتوانێت خزمەتی تیابکات، نەک دروستکردنی کیانێک کە کەم تا زۆر جیاواز لە فەلسەفەی پارتەکە بیردەکەنەوەو کاردەکەن.

### کوتلەی پەرلەمانی «گۆڕان» لە پەرلەمانی کوردستانو کارەکانیان:

لــەدوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە (٧/٢٥)دا، دەرکەوتنی کوتلەیەکی گەورەی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانداو چوونە ناو کایەی سیاسییی بزووتنەوەی گۆڕان، هەندێک لە هاوڵاتییان بەتایبەت ئەوانەی بیرێکی حیزبییانەیان هەبوو، دەیانووت، هەندێکجارو ئێستاش دەڵێن «گۆڕان چی کردووە؟؟» یان پرسیارەکەی ئەوان بڵێینەوە (گۆڕان چی بۆ خەڵک کـردووە؟؟)»، یەکەم وەڵام ئەوەیە کە ئەگەر ئەوان دەیانەوێت بە خەڵک بڵێن، ئەوە گۆڕان لە دەسەڵاتدایەو چی دەکات، ئەوە وەڵامێکی سادە، تەنها وەڵامیانە کە ئەویش ئەوەی کە کوتلەی گۆڕان ئۆپۆزسیۆنە، نەک شەریکو هاوپەیمانی دەسەڵاتو چاوەڕێی پرۆژەی خزمەتگوزاریو مووچە دابینکردنی لێناکرێتو ناشتوانێت کەس دابمەزرێنێت، بەو سیفاتەی ئەندام پەرلەمانانی گۆڕان ئۆپۆزسیێنو تەنها چاودێری حکومەتو کارەکانیو تەرحی پرۆژەیاساو هەڵوێست لەسەر پرۆژەیاساکانی ترو هەموو ئەو کارانەی کە لیستێکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی دەیانکات. دوای ئەوەش کە بەرگریکردن لە مافی هاوڵاتییان بووە سەرچاوەی سەرەکی ئیلهامبەخشی ئیشی کوتلەی گـۆڕان لە پەرلەمانو ئەمەشمان بە چاوی خۆمان دی، کاتێک دانیشتنی پەرلەمان کرا بۆ قسەکردن لەسەر بودجەی هەرێم (هەڵوێستی نەشاردنەوەو خستنەبەرچاوی راستییەکان وەک خۆیو داهێنانی کلتوری پەرلەمانی لە نێو هۆڵی پەرلەماندا) کە جاران تەنها دیوەخانئاسا بوو، سەرۆک قسەی دەکردو بەکۆی دەنگ هەموو شتێک کۆتایی پێدەهات، بەڵام ئەمجارە، نەک کۆی دەنگ نەبوو، بەڵکو بیری پەرلەمانتارانی تریشیان خستەوە کە ئیشی پەرلەمانتار تەنها دانیشتنو دەستبەرزکردنەوە نییە، بەڵکو دەنگبەرزکردنەوەیە بۆ مافی ئەو تاکانەی کە متمانەیان پێبەخشیون. هەروەها هاتنە نێو هاوڵاتییانیش، یەکێکی ترە لە کارە تازەکان کە کوتلەی پەرلەمانی گۆڕان پەیڕەوی لێکردووەو خودی پەرلەمانتاران بەدوای کێشەکانی هاوڵاتییاندا گەڕاونو ئۆفیسەکانیان جێهێشتووەو رێزیان گێڕایەوە بۆ دەنگی ئەو هاوڵاتییانەی کە متمانەیان پێبەخشیونو داواکانیشیان خستوونەتە بەر باسو لێکۆڵینەوەی جدیی، بەڵام ئەم کردارانە لەلایەن حکومەتو کوتلەی پەرلەمانی حوکمڕانەوە بە ئاژاوەو ناشرینکردن، سەیر دەکرێنو ئەمەش تەنها چەواشەکارییەکی تری دەسەڵاتە، چونکە پەرلەمان شوێنی شەڕی گفتوگۆو هەڵوێستە، نەک بە تەنها خەوتنو دەستبەرزکردنەوە.

کەواتە دەتوانین بڵێین، بزووتنەوەی گۆڕان لەو ماوە کەمەدا توانیویەتی هەندێک کار بکات کە پێشتر نەکراونو توانی ئومێدێک بگەڕێنێتەوە بۆ کۆمەڵگاو بە تاکەکان بڵێت، ئێوەن خاوەن بڕیارو دەتوانن دەسەڵات لە لیستێک بسەنننەوەو بیدەنە لیستێکی تر، ئەویش لە رێگەی دەنگدانەوە، بەجۆرێکی تر، چەمکی بەشداری سیاسییی تاکەکانی زیندووکردەوەو رێزی گەڕاندەوە بۆ دەنگی تاکەکانی کۆمەڵگا.

# ئاوەدانیی گوندەکان، دروستبوونی ژێرخانی ئابووریی


**ئەحمەد حەمەساڵح**

ئــەگــەرچــی کــوردســتــان وڵاتێکی کشتوکاڵییە، بەڵام کەرتی کشتوکاڵیی روو لە سستییەو جوتیاران کراونەتە بێکار لە شارو شارۆچکەکاندا.

بەهۆی راگواستنی گوندەکانەوەو بەتایبەت لەدوای رێککەوتننامەی جەزائیری نێوان شای ئێرانو رژێمی بەعسەوە کە یەکێک لە بەندەکانی ئەو رێککەتننامەیە، بریتی بوو لە گواستنەوەی ئەو گوندانەی سەر سنووری نێوانی هەردوو وڵات بە قوڵایی بیست کلیۆمەترو رژێمی عێراق لە نیوەی دووەمــی ساڵانی حەفتاکاندا دەستی بە راگواستنی گوندەسنوورییەکان کرد، لە ساڵانی هەشتاکانیش تا راپەڕینە مــەزنــەکــەی گەلەکەمان لــە (١٩٩١)دا بەعسییەکان بەردەوام بوون لە سیاسەتی راگواستنی گـونـدەکـان لـە دورتـریـن گوندەوە تا نزیکترین گوند لە مەرکەزی شارەکانەوە کە دەرئەنجام زیاتر لە (٤٥٠٠) گوندی کوردستانی کاولکردو خەڵکەکەی لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان کۆکرانەوە. رژێمی بەعس سیاسەتی (ارچ المحروقە)ی بەکارهێنا دژی کورد بە مەبەستی نەهێڵانی شوێنی حەوانەوەو دالــدەی پێشمەرگە، بەعسییەکان مەبەستی درێژخایەنیشیان لە راگواستنی گوندەکاندا هەبووە، هەر لە داهێزرانی (کەلپوورو رۆشنبیرییو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی نەتەوەییو میللیی گەلی کوردستانو کاریگەریی لە ژێرخانی ئابووریمان بە نەمانی کەرتی کشتوکالی تا نەتوانین پشت بە خۆمان ببەستین، هەروەها خرکردنەوەی خەڵکی کورد لە نێو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، گەلێکی بێکاری هێنایەبوون کە گرنگترین هەولی حکومەت لە ناو ئۆردوگاکاندا، دابڕانی گەلی کورد بوو لە زەویو خاکەکەیو کالکردنەوەی ئینتیمای قەومیو وەلائی نیشتمانیو زیـنـدوکـردنـەوەی نەریتی خێلەکیو تیرەگەرییش بوو) کە تا ئەمڕۆش کاریگەرییە خراپەکانی راگواستن بەئاشکرا دیارو بەرچاون.

لێرەدا ئەوەی کە زیاتر مەبەستمانەو پێویستی هەڵوێستە لەسەرکردنە، لە پرۆسەی راگواستنی گوندەکانەوە کە تا ئەمرۆ کاریگەری هەیە، سستبوونی کەرتی کشتوکاڵییە کە بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی دیــاردەی بێکاری، لە دوای راپەڕینەوە پێشبینی تاکی کوردی بوو کە بەئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، کەرتی کشتوکالی ببوژێتەوەو جوتیارە خــاوەنــکــارەکــان کــە کــرابــوونــە بێکار لــە ئــۆردوگــاکــانــدا، ببنەوە بــە کەسی بەرهەمهێنەر، بــەڵام بەهۆی نەبوونو کارانەبوونی بەرنامەیەکی تۆکمە بە بوژاندنەوەی گوندەکانو گەڕانەوەی دەستی بەرهەمهێنانی کشتوکالی بۆ سەر زەوییەکانیان لەپێناو بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵیو رزگاربوون لە دیاردەی بێکاری کە تائەمرۆش زۆرترین ژمارەی بێکاری لە ئۆردوگازۆرەملێیەکانی سەردەمی بەعسدان کە ئەو ئۆردوگایانە لە سەردەمی حکومەتی هەرێمدا ئاوەدانترکراونەتەوەو کراون بە شارۆچکە کە ئێستاش زۆرترین رێژەی بێکارییان تێدایە، ئەو نیمچە ئاوەدانییەش کە لەلایەن گوندنشینانەوە کرا لە دوای راپەڕین، لەناوەڕاستی ساڵانی نــەوەدەکــانــەوە، دووبارە گوندەکان بەرەو چۆڵی چوونەوە، ئەم جارە راگواستنێکی زۆرە ملێ نەبوو لە لایــەن دوژمنی کــوردەوە، ئەفسوس لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمداو لە ئەنجامی نەبوونی بەرنامەیەکی هەمەلایەن لە رووەکــانــی (ئابووریو ئاوەدانیی) یــەوە، دیــاردەی کۆچی گوندنشینان بۆ شارو شارۆچکەکانو درێژەدان بە ژیانی ئۆردوگاکان بەردەوامو لە پەرەسەندندایە. بــەداخــەوە، ســەرەڕای بەپیتی خاکی کوردستان لە جۆرەها بەرهەمی کشتوکاڵیدا، بازارەکانمان پڕن لە بەرهەمی کشتوکاڵیی وڵاتانی دراوســێ، کە گوندەکانمان هەر کاولبن یــان نیمچە ئــاوەدانــبــنو حالی کەرتی کشتوکالیمان بەو جۆرە بێت، نەک هەر لە رووی ئابوورییەوە زیانمەندین، گەورەترین رێژەی بێکاریشی هێناوەتە بــوون. ئــاوەدانــکــردنــەوەی گوندەکانو بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکالی، هەنگاوە بۆ بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوورییو کەمکردنەوەی رێژەیەکی زۆری بێکاریشە کە بێکاری لە ئەمڕۆدا دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگایەو لە بەردەم ئەوەداین کە بێکاری ببێتە کێشەو مەترسی لە ئایندەدا.

# بوونی گۆڕان لە بەغدا



**دڵشاد مەجید/ سوید**

بوونی لیستی گۆڕان وەک قەوارەیەکی سیاسیی لەبەغدا، بە رێژەیەکی باشو سەنگین کە ئەمەش پشتئەستوور دەبێت بە رێژەی دەنگدانی خەڵکی کوردستان بەو لیستەو دەبێتە سەرەتای قوڵکردنەوەو پتەوکردنی پرۆسەی دیموکراسیو لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو کەمکردنەوەی دەســەڵاتــی حیزبو بە موئەسەساتکردنی دامودەزگاکانی حکومەتو بنبڕکردنی گەندەڵیو بوونی بەرچاوڕوونی زیاتری خەڵک لەسەر کاروچالاکییەکانی حکومەت، لەو هەرێمە.

لێرە پرسیارێک رووبەڕوومان دەبێتەوە، باشە بوونی(٢٥)کورسیی لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لەبەرامبەر ئەو پرسانەدا هیچ ناگەیەنێت؟

بە رای من، گۆڕان بەهەر قەبارەو رێژەیەک، یا ژمــارەیــەک بێت لە پەرلەمانو سیستمی سیاسیی ئەمرۆی کوردستان، جوڵانەوەو کاریگەریی سنووردارەو ناتوانێت ببێتە ئەو کارەکتەرە بەهێزو بەتوانایەی، لەماوەیەکی کورتخایەندا رێــڕەوی سیستمی سیاسیو حوکمڕانی لە کوردستان بگۆڕێتو هۆکاری ئەم ئاریشەیەش بۆ شێوازی دەسەڵاتی ئەو دووحیزبە دەگەڕێتەوە کە بەشێوەیەکی وا ئاڵۆز، وەک تەونی جاڵجاڵۆکە، شۆڕبوونەتەوە ناوگشت پێگە ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەم هەرێمەو لێکهەڵوەشاندنەوەو دیسانەوە دامەزراندنەوەی بەشێوەیەکی تەندروست، پێویستی بەکاتو سەبری شۆڕشگێڕانە هەیە. گۆڕینی ئەوبارودۆخەو لێدانی ئەوبەرژەوەندییانە بەبێ بوونی کارتەکانی گوشاری سیاسیو ئابووری، کارێکی مەحالەو ئەمرۆ تەنیا کارتی گوشاری ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان، هاوڵاتییانو پشتگیریی شەقامی کوردییەو کاتێکیش حیزب قورقوڕاگەی ژیانو بژێویی خەڵکی گرتبێت، ئەستەمە شەقام وا زوو بێتە وەڵام، چونکە شەقامیش بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان، دابەش بوون، بەڵام بە گەیشتنی(گۆڕانو یەکگرتوو)، یان بڵێین، ئۆپۆزسیۆن بە بەغدا، یەکسەر ئەم هاوکێشەیە سەراوگێر دەبێتەوەو لەوێوەوە کارتە حەقیقییەکانی گوشاریان دێتە دەستو لەوێوە دەتوانن دەستو پێی لیستی هاوپەیمانی ببەستنو گەمە سیاسییەکانی خۆیان لەگەڵ (هاوپەیمانیی کوردستانی) برەو پێبدەن، لەمەودوا لەسەر پرەنسیپی دانو وەرگرتن کاربکرێت لەجیاتی هاوارو تورەبوونو هۆڵ بەجێهێشتن.

بە رای من، لیستی هاوپەیمانیش بەگوێرەی ئەو رێککەوتنو هاوپەیمانییانەی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان ئیمزایان کـردوون کە ئیلزامیان دەکات لەسەر ئەو هاوپەیمانییە بەردەوام بێت، بەناچاریو بەبێ دوودڵــی، داوای هاوکاریو پشتگیری لە ئۆپۆزسیۆن دەکات، چونکە چەند زیاتر رێژەی کورسییەکانی (گۆڕانو یەککرتوو) لەبەغدا زیاتر بێت، ئەوەندە لە رێژەو سەنگی هاوپەیمانی کەم دەکاتەوەو ناتوانێت وەک جاران ئەو هێزە بێت کە لایەنەکانی تر پێویستیان پێبێت.

هــەر ئــەم خاڵەشە وا لە (هاوپەیمانی) دەکات کە لەمەودوا لەکوردستانیش بەچەمکی (تەوافوق) کاربکات، نەوەک بەچەمکی کەمینەو زۆرینە. لێرەوە پارسەنگی هێزەکان گۆڕانێکی ریشەیی بەسەر دا دێـت، بەمەرجێک ئەگەر ئۆپۆزسیۆنیش پــاش دەمشیرین بوونی بەدەسەڵاتو پاراستنی بەرژەوەندییە مادیو ئیمتیازاتەکانیان، لەژێر پەردەی بەرژەوەندیی گشتی لە ئامانجە سیاسییەکانی خۆی لانەدات، بۆیە لێرەوە ئۆپۆزسیۆنی کوردستان دەکەوێتە بەر تاقیکردنەوەیەکی حەقیقی کە ئایا دەیانەوێت گۆڕانگاری لە سیستمی سیاسیی کوردستان بکەن یــان نــا؟ چونکە ئــەزمــوونــی گــەلان دەریخستووە، هەرکاتێک ئۆپۆزسیۆن گەیشتبێتە دەســەڵات، لــەزۆربــەی ئامانجەکانی خۆی لایداوەو (خۆزگە بەکفندز خوازراوە). هەروەها وتەیەکی سیاسیش هەیە، دەڵێت( کاتێک ویستت، لەپاکیو بێگەردی هەر هێزێکی سیاسی بدەیت، دەسەڵاتی بدە دەست، بۆ ئەوەی بکەوێتە داوی هێزودەسەڵاتو پەرژەوەندییەوە). بەهەرحاڵ با بچینەوە بەغدا، چونکە هەموو رێگاکان دەچنەوە بەغدا، لەوێوە جارێکی تر رێگای کاروانەکان دیــاری دەکرێنەوەو بارەکان بە کەرەستەو پێداویستییەکان پۆشتە دەکرێنەوە، سەفەری ئەو کەسە لە گەمەی ململانێ سیاسییەکان سەرکەوتوو دەبێت کە بزانێت چۆنو کەی ئەو کەرەستەو پێداویستییانە بەکاردەهێنێت. بەشکو (خوایە) ئەمجارەیان لەبەغداوە دیموکراسی بۆ کوردستان بێنین، چونکە (١٨)ساڵە ئەو دیموکراسییەی لافی پێوە لێدەدەین، نەک نەمانبردە بەغدا، بەڵکو بەقاچاغیش لە بازگەکانی هەولێرو دێگەلە پێمان دەرباز نەدەبوو. هەروەها ئەو کلتوری پێکەوە نەژیانەشمان لەگەڵ یەکتری، بردە شارەکانی کەرکوکو موسلیش، نەوەک خەڵکی خۆمان، بەڵکو نەتەوەکانی تریشمان کردە دوژمنی خۆمانو چارەی ئێمە مانانیان نەوێت.

لێرەوە گرنگی بوونی ئۆپۆزسیۆن لەبەغدا دەردەکـــەوێـت کە بتوانێت ئەم رەوشــە لەناو کوردستانو لەناو ناوچەدابڕاوەکان بگۆڕێت، بەڵام دەبێت (گــۆڕان) لەوە بگات کە شەڕی دیموکراسیی گۆڕان لێرەوە دەستپێدەکات، بۆیە دەبێت هەموو هێزەکانی بخاتەگەڕو دەبێت خەلکانێک ئەو شەڕە بکەن کە خاوەنی ئەزموونی سیاسی بن، خەڵکانێک بن کە هەڵقوڵاوی ناو کۆمەڵانی خەڵکو کێشەکانیان بن، نەوەک خەڵکانێک کە چەندین ساڵە لەئەوروپا دەژینو ئاگاداری وردەکارییەکانی گرفتی رۆژانــەی خەڵک نەبووبنو وەک هەرزەکارێکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ کێشەکان بکەن، بۆیە، دەبوایە کاک نەوشیروانو هەندێک سیاسیی تری بەئەزموون لەناو خودی لیستەکەدا بوونایە، چونکە ئەم قۆناغە پێویستی بە کەسانی داکۆکیکەرو پشوودرێژ هەیە، چ لە کوردستانو چ لە بەغداش. رەنگە بەشێک لە خوێنەران وا لەم نووسینە بگەن کە ئۆپۆزسیۆن (گۆڕانو یەگرتوو) لەبەغدا سازش لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کورد بکەن، تا لە کوردستان دەستکەوتیان دەست کەوێت!! نەخێر هەرگیز مەبەستی ئەم نووسینە ئەمە نییە، بەڵام راستییەک هەیە، ئەگەر ئێمە بەشێوەیەکی پراگماتیو لۆژیکانە لێکی بدەینەوە، کورد ناتوانێت دەورو کاریگەری بەسەر عێراقەوە هەبێت، کاریگەریی کورد تا بەغدایەو لەبەغداش لەناوچەی سەوز تێپەڕ ناکات. ئەزموونی رابــردووی حەوت ساڵەی (هاوپەیمانیی کوردستانو ســەرۆک کۆمار) ئەو راستییەیان دووپات کردووەتەوەو بوونی کورد لە پەرلەمانو حکومەتی عێراق زیاتر لەحاڵەتێکی بەرگری چووە، بۆیە دەبێت وا کار بکرێت، تا ئەو کاتە بەرگری بکە لەبەغدا، تا شەڕەکانی بەرەی ناوخۆی کوردستان لەسەر ئاستەکانی (دیموکراسی، بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری، خۆشگوزەرانیو ئاشتبوونەوەی نێوان دەسەڵاتو خەڵک) کۆتایی پێدەهێنێت.

dilshad.majeed@gmail.com

# دیموکراسی بەڕبەی دەسەڵات



ئازاد چالاک

**دەسەڵات لەکوردستان هەرچی دەڵێت سەبارەت بە باوەڕبوون بەهێزو خواستی جەماوەرو ملدان بە ئیرادەی هاووڵاتیان، درۆیەکی ئێجگار گەورە دەکات و کەس ئەمڕۆ لە کوردستان ناتوانێت قەناعەت بەخۆی بهێنێت، کە ئەم حیزبانە خوازیاری هەڵبژاردنێکی بێ غەش دەبن**

هەڵبژاردنی ئەمجارەشمان بەڕێکراو، لێرەدا دەکرێت کۆمەڵێک بیرو سەرنجی سەرپێی لەسەر خودی پرۆسەکە بخەینەڕوو:

١- پرۆسەی ئەمجارەو بەتایبەتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی، گەرموگوڕیی زیاترو کێبرکێی زۆرترو زمانی زبری ڕاگەیاندنی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەنێوان لیستی گۆڕان و لیستی هاوپەیمانی و لەناویشیاندا ڕاگەیاندنەکانی یەکێتی، کە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی بەڕێز سکرتێری گشتیی یەکێتی لەدوایین پلنیۆمی خۆی و کردنەوەی دەرگای تاوانبارکردن و تەخوین و شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکانی ڕۆژانی خەبات و تێکۆشانی خودی یەکێتی، دواتریش نیشاندانی وتەیەکی بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی یەکێتییەوە بە قرتاویی کە ئەوەش بۆ خۆی والآکردنی دەرگاو پەنجەرەی ماڵە شوشەکەی دەسەڵات بوو.

نەزانانە دەستبردن بۆ ئەم چەکە، بێ لێکدانەوەو بێ دیراسەکردنی کاردانەوەی لایەنی بەرامبەرو ئەنجامەکانی، ئەو ڕاگەیاندنەی خستە حاڵەتی بەرگریکردن و بوون بەپاشکۆی ڕووداوەکان.

٢-دوور لەهەموو بەڵێن و باوەڕبوونێک بە دیموکراسی و بەویست و ئیرادەی خەڵک، دەسەڵات بەهەموو شێوەیەک و بە بەرنامەیەکی پێشتر بۆداڕێژراو و بەسوودوەرگرتن لەهەڵەکانی تەزویری پێشوویان کەوتنەخۆ، بە هیوای گۆڕینی ئەنجامی ئەو واقیعەی کە تێی کەوتوون، هەر بۆیە بۆ سەرخستنی کاری تەزویر، پارەو پولێکی زۆریان هەلڕشت بۆ ئەوەی پێشوەخت وا نیشانی بدەن کە هێشتا جەماوەریان زۆرە، ئیتر گوێیان لەوە نەبوو ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە بەکرێیان دەگرن پاشتر دەنگیان بۆ دەدەن یان نا؟ ئەو پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگانەی کە هەڕەشەی نانبڕین و دەرکردنیان لێدەکەن و بەزۆر ناچاری سەر سندوقی دەنگدانیان دەکەن، دەنگیان دەدەنێ یان نا؟

٣- دەسەڵات لەکوردستان هەرچی دەڵێت سەبارەت بە باوەڕبوون بەهێزو خواستی جەماوەرو ملدان بەئیرادەی هاووڵاتیان، درۆیەکی ئێجگار گەورە دەکات و کەس ئەمڕۆ لە کوردستان ناتوانێت قەناعەت بەخۆی بهێنێت، کە ئەم حیزبانە خوازیاری هەڵبژاردنێکی بێ غەڵ و غەش دەبن و پەیڕەوی دەکەن و ئەگەر ئەنجامی هەر هەڵبژاردنێک بە دڵی ئەوان نەبوو، ئەوا بە گیانی وەرزشکارانە وەریدەگرن و قبوڵی دەکەن.

هەربۆیە لەسەر حیسابی پارووی دەمی هاوڵاتییان سەروەت و سامان کۆدەکەنەوەو خۆیان و دەوروپشتیان دەوڵەمەند دەکەن، سوپای قەبەو پڕ چەکی سەر بەخۆیان دەهێڵنەوەو ڕازی نابن بچنە ژێر باری ئەو یاسایانەی خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن.

پەندو عیبرەت لە تاقیکردنەوەو ئەزموونی ڕژێمە تۆتالیتاری و دیکتاتۆرەکانی دنیاو عێراقیش وەرناگرن و نایانهێننەوە بەرچاوی خۆیان و پێیانوایە ئەم کێشانە کەف و کوڵی کاتین و ئەوان دەتوانن بەئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

٤-حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان وا دەڕواننە خەڵک کە هەتا هەتایە خۆیان قارەمان و سەرکردەو ئاغایانن و ئەوانیش کۆیلەو مسکێن.

ئەوان بەبەرنامە کار بۆ کڕینی ویژدانی کەسایەتیی کورد دەکەن، پێیانوایە ویژدانی ژن و پیاوی کورد قابیلی کڕین و فرۆشتنن وەک هەر کاڵایەک، ئەوەش کە ڕازیی نییەو مل نادات، دیارە دەبێت زیاتری بدەنێ و ڕێگای دیکەی بۆ بگرنەبەر!

جاران دەمانوت، دیکتاتۆرەکەی عێراق نەفسیەتی خەڵکی عێراقی گۆڕی و بە بەرنامە هەوڵیدا کەرامەت و عیزەتی نەفس و بەها مرۆییەکان لە ناخی تاکی عێراقیدا بسڕێتەوە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، تۆ بڵێی ئەوەی بۆ ئەو نەچووەسەر، کەسانی دیکە بتوانن ئەو بەها پیرۆزانە لە ناخی مرۆڤی کورددا بسڕنەوە، جارێک بە جوینەوەی سەرکەوتن و خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان و لە قاڵبدانی بەناوی حیزب و بنەماڵەوەو جارێکی دیکەش بە بەخشینی پارەو ئیمتیازاتی بێ هەق و حیساب، کە ئەویش بە هیچ جۆرێک موڵکی هیچ بەرپرس و سەرکردەیەک نییە؟!.

# هێڵە تەریبەکان لە گۆڕاندا یەک دەگرنەوە

د. بەهزاد عەلی

**پرۆسەی گۆڕین پرۆسەیەکی فرە لایەنەیە، کە کارو کات و کۆشش و خەباتێکی مەدەنی ئارام و بەردەوامی پێویستە. وە ئەو گۆڕانخوازانەی کە لە ناخەوە تین و ئیرادەو نەفەسی گۆڕینیان نەبێت، بێگومان کەشتی گۆڕان بەجێیان دەهێڵێت**

## گۆڕان بەردەوامە

گۆڕان هەر بە مانا جوان و پڕبەخشینەکەی، بە واتای تازە کردنەوە، نوێ کردنەوە، چاک کردن و گۆڕین، بزووتنەوەی گۆڕان پرۆسە و میکانیزمێکی تازە و زیندووە لە مێژووی خەباتی میللەتەکەماندا، کە پێویستیەکی گرنگی ڕامیاری و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستیانە بوو، بۆ بەردەوام بوونی ئەزموونی ژیان لەم بەشەی کوردستاندا و سەرفراز کردنی لەو بازنە داخراوە چەقیوەدا، کە بۆ ماوەی پتر لە ١٨ ساڵە، دەسەڵاتی کوردی سەپاندوێتی و ئەیسەپێنێ بەسەر کۆمەلانی خەڵکدا.

بزوتنەوەی گۆڕان نەبەستراوەتەوە بەتیۆرییەکی پێشوەختی ئامادەکراو، وە یاخود ئایدۆلۆجیەکی حزبی تەقلیدیی، بەڵکو بزووتنەوەیەکە، بە کۆمەڵێ پەیام و داواکاری و داخوازی و پرۆگرامەوە هاتوە، کە لە ناخەوە گوزارشت لە هەست و خواستی جەماوەر و ژانی گەلێک ئەکات، کە لە ئەنجامی نائومێدی و نەهامەتی بەرامبەر بە هەژدە ساڵ لە شێوازی چەوتی خۆحوکمڕانی و دەسەلاتی ڕەهای حزبایەتی و بنەماڵەوە، هاوار و ژان ئەکات.

گۆڕان بزوتنەوەیەکی ئاشتیخوازانەیە، کە کار ئەکات بۆ گۆڕینی شێوازی حوکمڕانی و ئالوگۆڕی دەسەلات بە ڕێگای شارستانی دیموکراسیانە و دەنگدانی جەماوەریی. گۆڕان بە ڕووناکی مۆمێک هەڵکرا بەهیواو و مەبەستی گەڕانەوەی ئازادی بۆ تاکی کورد لە کوردستاندا وە ڕزگارکردنی لە کۆیلەیەتی و بێ ئیرادەیی، کە لە ئەنجامدا نەتەوەیەکی سەربەست و تەندروست و ئازاد بێت، وە متمانەی بە خۆی و داهاتووی کوردستان بێت، دور لە کەلتوری سەقەتی خۆ بەکەم زانین و زەلیلی و کڕوزانەوە. وە ئێستا خۆش بەختانە گڕو تینی مەشخەڵی ئاگری ئەو مۆمە هەموو کوردستانی گرتۆتەوە، کە کوژانەوەی مەحاڵە.

لێرەدا هەر بۆ بەیاد هێنانەوە تیشک ئەخەمە سەر هەندێ لە هۆکارە سەرەکیەکانی، لەدایک بوونی بزووتنەوەی گۆڕان وە هەروەها سەرچاوەکانی هێزو ووزەی گۆڕان:

## هۆکارەکان

١) نارەزایی و بێ ئومێدی لە ناو خودی ئەندامان و لایەنگیرانی حزبە دەسەلاتدارەکان، لەسەر نەبوونی شەفافیەت و پرۆگرام و ئایدۆلۆجییەکی ڕوون و ئاشکرا، وە هەروەها قۆرخ کردنی دەسەلاتی حیزبی لەلایەن تاکە کەس و بنەماڵەوە.

٢) مەسەلەی تێکەڵاوبوونی دەسەڵاتی حزبی و حکومی وە یاخود هەرگیز جیانەکردنەوەیان لە یەکتر.

٣) فەرامۆش کردن وە یاخود سازشکردنیی دەسەڵات لەسەر ماف و پرینسیپە نەتەوەییەکان و سەروەریەکان بۆ بەرژەوەندی تەسکی تاکە کەسی، کە ئەوانە هەرگیزاو هەرگێز مافی ڕەوای نەتەوەیی نەگۆڕن و وە خەتی سوورن لە لایەن میللەت و جەماوەر و نیشتیمان پەروەرانەوە.

٤) پاش ١٩ ساڵ لە خۆ حوکمڕانی، ناتوانین بڵێین کە یاسا ئازادە و دادگا سەروەری ڕەهای هەیە.

٥) دەسەڵات شەفافیەتی نەنواندووە بۆ جەماوەرو و تەنانەت بۆ خودی ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکانیان، لەسەر مەسەلەی بودجەت و سەرچاوەکانیی و قەبارە و چۆنێتی خەرجکردنی و ئەوەلیاتەکانی و دابەش کردنی بەشێوازێکی یەکسانی و یاسایی.

٦) نەبوونی دەزگایەکی ئازاد و سیستەمی پێداچوونەوە، بە هاوبەشکردنی مرۆڤی شیا و کارا و دلسۆز، بە شێوەیەک کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەبێت بۆ کارکردن و چاودێری ئازاد و لێپێچینەوە.

٧) تەشەنەکردنی گەندەلی بە شێوەیەک کە بۆتە سیماتی ڕەهای دەسەڵات.

٨) فەرامۆش کردنی ڕۆڵ و دورخستنەوەی نەوەیەک لە گەنجان و ووزەی میللەتەکەمان کە نەیان توانیوە بەشدار بن لە کاری حزبایەتی وە یاخود نزیک بن لە دەسەڵاتەوە.

## سەرچاوەکانی گۆڕان

١)- ژمارەیەک لە سەرکردە و ئەندامان و لایەنگرانی ی.ن.ک، کە هەڵوێستی خۆیان هەبووە بەرامبەر بە سیاسەتە نارەواکانی ناو ی.ن.ک، وە ئەوانەش بریتین لە هەندێ بەش و کاتەگۆری جیا جیا بە پێی بۆ چون و کاتی هەلوێست وەرگرتن لە ئاقارەکانی ناو ی.ن.ک. وە یاخود بەرپرسیارێتیان لە ناو ی.ن.ک دا.

٢)- هەروەها ژمارەیەکی فراوان و بەرین لە جەماوەری کوردستان، کە ساڵەهای ساڵە نارەزاییان هەبوو بەرامبەر بە سیاسەتی حزبە دەسەلاتدارەکان، وە چاوەڕوانی ئاسۆ و ئومێدێک بوون کە وەک مۆمێک دابگیرسێ و شەوگاریان بۆ ڕوون بکاتەوە.

٣)- هەندێ لە ئەندامان و لایەنگرانی پاسۆک، کە لەبەر باری نا ئاسودەیی کوردستان و شەڕی ناو خۆ، چاوەڕوانی هیوایەک و ئومێدێک بون، بۆ هاتنەکایەی پرۆسەیەکی جەماوەری کە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان بەرزو و پیرۆز ڕابگرێت، کە زۆر بە ئاسانی خاڵی هاوبەشی سەرەکیان لەناو بزووتنەوەی گۆڕاندا بەدی کرد.

٤)- ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندام و لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و هەندێ حیزبی تر، کە لە بەر ڕۆشنای هاتنەکایەی بزووتنەوەی گۆڕان و شکاندنی تەوقی ترس و ستەم و هەستکردنیان بە بەرپرسیارێتی مێژووی بەرامبەر بەو هەموو ناحەقیانە، سەنگەری خەباتیان گۆڕی.

٥)- جەماوەر و لایەنگرانی هەندێ لە هیزە ئیسلامیەکان، کە بە پێی لۆجیک و هزر، ئەزانن کە هەندێ لە داواکاریی و مافە سروشتی و یاساییەکانیان لە ناو بزووتنەوەی گۆڕاندا مسۆگەر ئەکرێت.

٦)- لاوان و گەنجانی کوردستان کە ساڵانێکی زۆرە لەبەر نەبوونی ئەزموونی شاخ و خەباتی حزبایەتی هەردەم فەرامۆش کراون و هیچ حسابێک بۆ توانا و ووزەیان نەکراوە.

٧)- دانیشتوانی کوردستان بەشێوەی گشتی بە نەتەوەکانی تریشەوە، کە داواکاری ئاسۆیەکی ڕوناک و دەنگی حەق ئەکەن، بەهیوای ڕۆژێکی پڕ ئاسودە بۆ هەموو کوردستان.

لەبەرئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە بزووتنەوەی گۆڕان لەباری چۆنیایەتی و چەندایەتیەوە، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی فراوانە، کە بۆتە سەنگەری خەبات و سەکۆ و چەترێ بۆ کۆکردنەوە و تێکەڵبوونی جەماوەریی، بۆ داکۆکی کردن، لە ئازادی مافەکان و بەهای تاک، بۆ سەروەری کۆمەڵگاو و سەربەستی نیشتیمان. ئەم تێکەڵاو بوون و گردبوونەوە جەماوەرییە لە دەوری گۆڕان سنوری ئایدۆلجیە فکریە تەریبەکان و هەروەهاش سنوری ناوچەگەری و تا ڕادەیەکیش سنوری چینایەتی بەزاندووە.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە گۆڕانخوازان، ئەبێت چاک بزانن کە ئیرادەی گۆڕین لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا ئیرادەیەکی بەرزی پۆڵاینە، نەک هەڵچوون و توڕەبوونێکی کاتی. لەبەر ئەوە گۆڕانخوازان ئەبێت، هەرگیز سازش نەکەن و سوور بن لەسەر پەیام و داخوازی و سەروەرییەکان.

وە پرۆسەی گۆڕین پرۆسەیەکی فرە لایەنەیە، کە کار و کات و کۆشش و خەباتێکی مەدەنی ئارام و بەردەوامی پێویستە. وە ئەو گۆڕانخوازانەی کە لە ناخەوە تین و ئیرادە و نەفەسی گۆڕینیان نەبێت، بێگومان کەشتی گۆڕان بەجیان دەهێڵێت.

واتە گۆڕانخوازانی ڕاستەقینە، ئەوانەن کە هەرگیزاو هەرگیز، بە ڕۆحێکی خۆنەویستیەوە، کار ئەکەن، وە دورن لە کەلتوری سەقەتی ناشەفافیەت و گەندەلی و ژوری تاریک و چرپەچرپی دوو سێ قۆلی و خزم خزمێنە و تەکەتولات و تاک ڕەوی، وە یاخود ڕق و کینە بەرامبەر بە مرۆڤە چالاک و زیرەک و بە تواناکان.




ڕۆژنامە
زۆرترین زانیاری دروست لە ئێمە وەربگرە
ڕاستگۆیی
بێلایەنی
وردبینی


بێ بەرامبەر هێڵەکەت بوو بە نێودەوڵەتی
بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا
گەرانی وڵاتان
وڵات | عەرەبستانی سعودی | ئیمارات | قەتەر | کوێت | میسر | تورکیا | ئەردەن | جەزائیر
کاراکردنی تۆرەکە | Jawal | DU | Qtel | Wataniya | Etisalat | Turkcell | Orange/ Umniah | Djezzy
نرخی پەیوەندیی هاتوو بۆ یەک دەقیقە 20 سەنتە و نامەی هاتوو بێ بەرامبەرە
تێبینی: نرخی پەیوەندیی و کورتە نامەی ڕۆشتوو بەپێی وڵاتە
ئاسیاسێڵ
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١


لەگەڵ هێڵە نوێیەکەتدا
دووقات باڵانست بۆ دەگەڕێتەوە
$١٠ باڵانسی بێبەرامبەر
$٢٠ باڵانسی بێبەرامبەر
$٣٠ باڵانسی بێبەرامبەر
تەنها کۆمپانیا کە ٨ ئازار پیرۆز دەکاتەوە
هەلێکی ناوازە
هەلێکی ناوازە لە ئاسیاسێڵەوە! لەکاتی کرینی هێڵێکی پریپەید یان هێڵی گەنجان لە ٢٥ شوبات تا ٢٥ ئازار و لەکاتێکدا بە کارتی ١٠ یان ٢٠ یان ٣٠ دۆلاری باڵانسەکەت
پر دەکەیتەوە باڵانسێکی بێبەرامبەری وەک خۆی دێتەسەر کە دابەشدەبێت بەسەر پێنج مانگی داهاتوودا
بۆ کارتی ١٠ دۆلاری ١٠ دۆلار باڵانسی تری بێبەرامبەر وەردەگریت
بۆ کارتی ٢٠ دۆلاری ٢٠ دۆلار باڵانسی تری بێبەرامبەر وەردەگریت
بۆ کارتی ٣٠ دۆلاری ٣٠ دۆلار باڵانسی تری بێبەرامبەر وەردەگریت
– باڵانسە بێبەرامبەرە زیادەکە یەک مانگ بەردەکات و تەنها بۆ پەیوەندی و کورتەنامەی ناو تۆری ئاسیاسێڵ دا بەکار دێت.
– ئەم باڵانسە بێبەرامبەرە تەنها بۆ یەکەم کارتی پڕکردنەوە کارا دەبێت لە ماوەی ئەم هەلەدا.
ئاسیاسێڵ
کۆماندەکاتەوە
www.asiacell.com
خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١